خالد سلێمان

# کۆلۆنالیزمی ئاو

## ڕۆڵی ئاو لە گۆڕانکاری دیمۆگرافی و تەعریبی کەرکوکدا

2014

# کۆڵۆنیالیزمی ئاو

خالد سلێمان

# کۆڵۆنیالیزمی ئاو

## ڕۆڵی ئاو لە گۆڕانکاری دیمۆگرافی و تەعریبی کەرکوکدا

چاپی یەکەم 2014

Kurdistan
Institution for
Strategic Studies&
Scientific Research

- **کتێب:** کۆڵۆنیالیزمی ئاو
- **نووسەر:** خالد سلیمان
- **تیراژ:** (500)
- **نرخ:** (     ) دینار
- **چاپخانەی:** چاپخانەی پیرەمێرد
- **چاپ:** چاپی یەکەم
- دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی

# سوپاس و پێزانین بۆ:

سەرۆکی دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی دکتۆر پۆڵا خانەقا کە بەبێ خەمی کەرکوکیانەی ئەو ئەم کتێبە بەرهەم نەدەهات.

پ.ی.د.نەوزاد محەمەد ئەحمەد، بەڕێوەبەری گشتی سەنتەری دیراساتی ستراتیژی لەدەستەی کوردستان لەیەکەم هانگاوەوە پاڵپشتی ئەم پرۆەیەی کردو یارمەتی دەرم بوو.

کاک شۆڕش ئەحمەد، دیزاینی ئەم کتێبەی لە ئەستۆ گرت

کاک شاخەوان ناسیح کە ڕێگاکانی ناو کەرکوک و دەوروبەری بۆ کورت دەکردمەوە.

هاوڕێ و هاوپیشەم کاک ستران عەبدوڵڵا، کە کتێبخانەکەی خۆی بۆ ئەم پرۆژەیە خستە بەردەستم.

کتێبخانەی مەکتەبی بیرو هۆشیاری سەر بەیەکێتی نیشتیمانی کوردستان.

کتێبخانەی سەنتەری کوردستان بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی

هاوڕێ و هاوپیشەک فەیسەڵ عەلی کە ئەرکی خوێندنەوەو خستەڕووی تێبینی ورد لەسەر بەشێک لە ڕەشنووسەکانی کتێبەکە گرتە ئەستۆ.

برای رۆژنامەنووسم کاک توانا عوسمان.

سوپاسی بێپایانم بۆ هەموو ئەو دۆست و هاوڕێیانەی لە کەرکوک و سلێمانی و هەولێرو گەرمیان یارمەتیان دام لە دەست کەوتنی زیانیاری لەسەر کەرکوک و ئاڵتونی شینی کوردستان.

## پێشەکی

*د. پۆلا خانەقا

ئاو وەک سەرچاوەیەکی گرنگ بۆتە بەشێک لە ململانێ نێودەوڵەتێەکان، هەندێ لە زانایان و توێژەران کۆکن لەسەر ئەوەی جەنگی ئاینده جەنگی ئاوە، ئەمەش بەو مانایەی کە سامانی ئاو ئابوریەکی بەهێزەو زۆر جار دەوڵەتانی خاوەن دەریا و روبار سامانی ئاویان وەکو کارتێکی سیاسی و ئابوری بەرامبەر بە دەوڵەتانی دراوسێ بەکارهێناوە، یان لانی کەم مەرجە قورسەکانیان بەرامبەر دراوسێەکانیان چەسپاندووە لەبەرامبەر بەردانەوەی ئاوز سیاسەتی (ئاو) زۆر جار لەهەموو پرۆتۆکۆڵە سیاسی و ئابوریەکاندا کراوەتە خاڵی پێش مەرج، ئەوەش لە پێناو فەرزکردنی ئیرادەی سیاسی و ئابوری دەوڵەتانی خاوەن ئاو، نمونەش وڵاتێکی وەکو تورکیا گلدانەوە و بەردانەوەی ئاوی (روباری فورات) کە سەرچاوەکەی لە کوردستانە وەکو کارتێکی سیاسیی و ئابوری بەهێز بەرامبەر هەر دوو وڵاتی (عێراق و سوریا) بەکارهێناوە. لەسەر ئەو روبارەش چەندین ویستگەی کاروئاویی دروست کردووە، کەئەمەش بێگومان رێژەیەکی زۆری ئاوی ئەو روبارە گلدەداتەوە.

ئەگەر ئاورێکی خێرا لە رابردویەکی نزیک بدەینەوە، دەبینین یەکێک لەو سیاسەتانەی رژێمی پێشوو لە عێراق پەیرەوی کردوە، بریتی بووە لە سیاسەتی سێ کوچکەی (تەعریب- تەرحیل- تەهجیر) بەرامبەر بە گەلی کورد، ئەویش بە دەستکاریکردن و گۆرینی دیموگرافی ناوچە کوردیەکان بە تایبەتی لە پارێزگای کەرکووک، وەکو زیادکردنی گەرەگی تازە بۆ عەرەبی هاوردەو تێکدانی گەرەکە کوردیەکان و گۆڕینی ناوی قوتابخانە سەرەتای و ئامادەیە کوردیەکان و ناوی مزگەوتەکان و دەسکاریکردن و گۆڕینی ئاراستەی روبار و چەمەکانی ئاو بۆ سوود وەرگرتن بۆ ئەو ناوچانەی کە زۆرینەیان عەرەبن. بەم سیاسەتە چەپەڵەی زەرەرێکی زۆری گەییاندە جوتیاران و خاکی بەپیتی کوردستان و بەپێچەوانەوەش سوددێکی زۆری گەیاندە ناوچە عەرەبیە(سونی مەزهەب)کان.

ئەم کتێبەی لەبەردەستاندایە هەولێکی جدیانەی رۆژنامەنووسێکی کوردە کاک (خالد سلێمان)، کە باس لەو زەوی و زار و روبارانە دەکات کە لە قۆناغی جیاجیای سەدەی پێشودا بەرشاڵاوی گۆڕانکاری دیموگرافی و بەعەرەبکردن کەوتوون، کە حکومەتەکانی عیراق و بە تایبەتیش رژێمی پێشوو (حکومەتی بەعس) بە سیاسەتێکی بەرنامە بۆ دارێژراو کاریان لەسەر کرد.

بەو پێیەی ئەم کتێبە لەسەر ڕۆڵی ئاو لە گۆڕانکاری دیموگرافی و تەعریب کردنی کەرکوکدا، کارێکە، پێویست بوو لە مێژەوە جێگای گرنگی و لەسەر ڕاوەستانی مێژونووس و توێژەرو ڕۆژنامەنووسانی کورد بوایە، چونکە ئەو واقیعە ئاڵۆزەی کە حکومەتەکانی عیراق و، بە تایبەتیش حکومەتی بەعس، دروستیان کردوە، زیانی بەهەموو پێکهاتەو دانیشیوانی پارێزگای کەرکوک و کوردستان گەیاندوەو لە ڕێڕەوی مێژوویی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و دیموگرافی خۆی کردوەتە دەرەوە.

لە ڕوانگەی گرنگی و ڕۆڵی گەورەی ئاو کە لە دەیەی سێیەمی سەدەی بیستەمەوە وەک چەکێکی سیاسی و ئابووری لە کەرکوکدا بەکار هێنراوەو تەنها لە خزمەتی نەتەوەیەکدا بەکار هاتووە، هەروەها کراوەتە ئامرازی بێبەش کردنی نەتەوەو پێکهاتەکانی تری ناوچەکەو دەرکردنیان و ڕووتاندنەوەیان لە موڵک و ماڵ و زەوی و زاری خۆیان، هیوادارین ئەم کتێبە ببێتە جێگەی ئاوڕدانەوەیەکی هەمەلایەنە لە ناوەندی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی کوردیدا.

تا ئێستا کێشەی ئاو لە کەرکوکدا لە زۆر بۆنەو کۆڕو کۆبوونەوەو کۆڕبەندا لە هەرێمی کوردستان چارەسەر کراوەو بووەتە هۆی گفتوگۆو سیجالی سیاسی، بەڵام ئەمانە لە چوارچێوەی ناونیشانی تردا بوون و نەبوونەتە تەوەرێکی تایبەتی لەسەر بابەتەکە. لە بنەڕەتدا کەرکوک و ئاو بەشێکی بەرچاو بووە لە بیرو خەیاڵی نووسەرو توێژەرو نوخبەی سیاسی هەرێمی، بەڵام وا دیارە ئەو واقیعە ئاڵۆزو نالەبارەی کە بەعس لە شارەکەدا دروستی کرد، ئەم مەسەلەیەی دوواخست و ئەو گۆڕانکارە دیموگرافی و ناهاوتاییەی لەبارەی دیموگرافیدا دروستی کرد بوونە بەشێک لە دیمەنی سیاسی، بەسەر ناونیشانەکانی تردا زاڵ بوون. لە ناو ئەو ئاڵۆزییەشدا، ئەوەتا، وەک نووسەر لە دووتوێی کتێبەکەیدا باسی دەکات لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابوردوودا سەرکردەیەکی وەک مام جەلال بیری لەوە کردوەتەوە کە چۆن لە ئاسکی کەڵەکەوە ئاو بۆ چەمی خاسە ڕابکێشرێت و ژیانی بەبەردا بکرێتەوە.

گرنگیدان بە کەرکوک و گەڕانەوە بۆ ئەو زەمینە ئاڵۆزەی لە ڕێگای کۆڵۆنیالیزمی ئاوەوە تیایدا دروست کراوە هەنگاوێکە بەرز دەنرخێنرێت. لە بنەڕەتیشدا ئاوڕدانەوەیەکە نەک لە ڕابوردوو بەقەدەر ئەوەی هەنگاوێکە بۆ بیرکردنەوە لە چارەسەرو دۆزینەوەی ئەڵتەرناتیڤ بۆ ئەو تێکدان و گۆڕانکارییە زۆرەملێیانەی حکومەتەکانی عیراق دەیانویست بیکەنە مێژوویەکی دروستکراو بۆ پارێزگاکەو دوورخستنەوەی لە مێژووە سروشتییەکەی خۆی.

***سەرۆکی دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی**

# ئاو و ئاوەدانی و کۆلۆنیالیزم

پیاوێکی خەڵکی ناوچەی قادر کەرەم بە زمانێکی سادە باسی جیاوازی نێوان ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوو و ئێستای ناوچەکە دەکات و لە ڕێگای چەمە ئاوێکەوە کە لە وشک بووندایە ئەوەمان پیشان دەکات کە چۆن سروشتی ناوچەکە بەرەو وشکبوون دەڕوات و خەسڵەتی بیابان لە خۆدەگرێت. لەم وێنەیەی ناوچەی قادر کەرەم-ەوە کە نەمانی ئاو تیایدا هێزی پڕوکاندنە، دەمەوێت گەشتێک بەناو داگیرکردنی ئاودا بکەم لە کەرکووکدا. بۆیەش لە قادر کەرەم-ەوە دەست پێدەکەم، چونکە نزیکترین سەکۆی کەرکووکەو دەکرا پێش حەویجە تینوێتی بشکێنرێت و بیئاو نەکرێت. قادر کەرەم و ناوچەی شوان و لادێکانی دەوروبەری چەمی خاسە، ئەو شوێنانەن وا کەرکووکیان تێدا پڕوکێنراو تەڕایی گەرووویان گواسترایەوە بۆ حەویجەو دەشتی دیالا کە بەسەدان کیلۆ مەتر لە سەرچاوەکانی ئاوی کوردستانەوە دوورن. ئەم ترسەش لەوێوە دەست پێدەکات کە یەکێک لەو ئامارژە ترسناکانەی کە لە ماوەی ٤٠ ساڵی داهاتوودا ڕووبەڕووی مرۆڤایەتی دەبێتەوە ئەوەیە، لە ۸۰۰۰ ساڵی ڕابووردودا زەوی چەندێ خۆراکی بەرهەمهێناوە، دەبێت لە ماوەی ٤٠ ساڵی داهاتوودا هەمان بڕە خۆراک بەرهەم بێنێتەوە، چونکە لە ماوەی ئەم ٤٠ ساڵەدا دانیشتوانی جیهان خۆی دەدات لە ١٠ ملیار کەس. بەپێی زانایانیش ئەم پڕوکاندنەی. ئەگەر هۆکارەکەی پەرەسەندنێکی دیموگرافی و کەمبوونەوەی سەرچاوەکانی ئاو بێت لە جیهاندا، ئەوا لە کەرکووکدا پڕۆوکاندن جگە لە هۆکارە سروشتیەکان، بە نەخشەیەکی سەپێنراوی دیموگرافی لە ڕێگای ئاوەوە دەست پێدەکات و تەمەنی بەشێک لە کوردستان لە هەڕەتی گەنجێتیدا پیر دەکرێت.

پیاوێکی تری خەڵکی ناوچەی قادرکەرەم بەزمانێکی سادە باسی جیاوازیی نێوان ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو و ئێستای ناوچەکە دەکاتو لەڕێگای چەمێکی ئاوەوە کەئێستا لە وشکبووندایە، ئەوەمان پیشاندەدات کەچۆن سروشتی ناوچەکە بەرەو وشکایی دەڕواتو خەسڵەتی بیابان لەخۆدەگرێت. ئەگەر وشکبوونی ئەم چەمەو زۆر چەمی تری کوردستان ببەستینەوە بەژینگەی گشتیی جیهانەوە، ئەوا لەپێشبینییەکی زاناکانەوە دەستپێدەکەین کەپێیوایە لەساڵی 2050 بەستەڵەکی باشوور دەتوێتەوەو دەبێتەهۆی دروستبوونی هیتەرێکی گەرم کەبۆ ماوەی ملیۆنان ساڵە هۆکاری پاراستنی بەرگەهەوای گۆی زەمینە، هەروەها دەبێتە هۆی لەناوچوونی بەشێکی زۆری (فرە زیندەیی)، واتە Biodiversity و کەمکردنەوەی سەرچاوەکانی ژیان لەسەر زەوی. لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە نێوان ساڵانی 1960و ساڵی 2013 لەشارێکی وەک سلێمانیدا ئەو فیکرەیەمان بۆ روون دەبێتەوە کەدەمانەوێت لەم نووسینەدا باسی بکەینو کوردستانیش ناکەوێتە ئەو دیوی بەرەو بیابان رۆیشتن. لەڕێگای ژمارەیەک وێنەی هەردوو شاری سلێمانیو هەولێر لەساڵانی پەنجاو شەستەکانی سەدەی رابردووداو ئەمساڵی 2014، هەست بەو جیاوازییە گەورەیە دەکەین کە لەژینگەی کوردستاندا روویداوە، یەکێکیش لەو گۆڕانکاریانە کەمبوونەوەی بەفربارینە، بگرە نەمانێتی بەشێوەیەکی دیار لەزۆر ناوچەی کوردستاندا کە سەرچاوەی ئەو ڕووبارانە بوو وا خاسەو ڕۆخانەو ڕووبارەکانی تری دەوروبەری کەرکوکیان پڕئاو دەکرد.

هێنانی خێڵە عەرەبەکان لە ساڵانی سییەکانی سەدەی ڕابوردووەوە بۆ باشوری ڕۆژاوای کەرکووک و گۆڕانکاری ئیداری و دیموگرافی و جوگرافی و پاراستنی چاڵە نەوت لە پێناو بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی عەرەبدا، هەموو ئەمانە لە ڕێگای کۆلۆنیالیزمی ئاوەوە بوون.

بەشێوەیەکی دیارتر لە ڕێگای ئاوی کوردەوە بوون دژی کورد خۆی، هەروەها بەدەستی کورد خۆی چونکە ژمارەیەکی دیاری ئەو کرێکارانەی جۆگەی ئاودێری حەویجەیان هەڵکەند، زیندانییە کوردەکانی کەرکوک بوون و بەزۆرەملێ کاریان پێدەکرا. زێی بچووک-یش ئەو ئاوە بوو هەموو ڕێگاکانی بۆ حکومەتەکانی عیراق کورت کردەوەو تیایدا، چارەنووسی ئەم ناوچەیەی کوردستان خرایە ناو گەورەترین پرۆژەی کۆلۆنیالّییەوە.

لەزۆر کۆنەوە ئاو سەرچاوەی بەشێک لە ململانێ سیاسی و شارستانیەکانی جیهان بووە، هەروەها سەرچاوەی دامەزراندن و لە ناوچوونی شارو پێگەی شارێتی بووە لە دنیادا. ئاو، بەردەوام لە پشت ئاوەدانی و دەسەلاّت و و هەژموون و سەرکەوتن و هەرەسی سیاسی و شارستانیەوە وەستاوە. لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، "وجعلنا من الماء كل شيء حي"، کوردیش دەڵێت ئاوو ئاوەدانی"، بەلاّم لە هەمان کاتدا ئاو سەرچاوەیەکی داگیرکاری و کۆڵۆنی کردنیش بووە. بەردەوام لە ململانێی سەربازی و شەڕدا وەک چەکێکی بەهێز بۆ بێ هێزکردنی بەرامبەر بەکار هاتووەو چیرۆکی قەلاّمی دمدم لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا باشترین نموونەی ڕۆڵی ئاوە وەک جومگەیەکی فراوانی پەیوەندییەکانی هێز. هێزە کۆلۆنیالیەکانی دنیا پێش دەست بردن بۆ هەر سەرچاوەیەکی تری میللەتان دەستیان بۆ ئاو بردوەو وەک سیمبۆلی یەکەمی پەیوەندییەکانی هێزو بێ هێزکردندا بەکاریان هێناوە، هەروەها لە ڕیشاندنی خەسڵەتەکانی ژینگەی کۆلۆنیالیوم وەک (امر الواقع) دیفاکتۆیەکی بەردەوام و دروست کردنی سێبەری ئاو. ئەوەی لە کەرکووکیشدا لە ڕێگای ئاوەوە ڕوویدا لەهەموو ئەمانە ترسناکتر بوو، چونکە خەسڵەتی خاک و خەڵک و جوگرافیا و ژینگە لە پێناو ئایدیۆلۆژی پان-عەرەبیدا گۆڕاو، بەشەڕێکی یەکلایەنەش کرا.

به كورتيەكەی، كەركووک، لە لەگەڵ دۆزینەوەی نەوتدا لەبیستەكانی سەدەی ڕابووردودا لەلایەن بەریتانیەكانەوە، پرۆژەیەكی ئەزموونكاری كۆلۆنیالیزمی ئاو بوو. ساڵی ١٩٣٦ پرۆژەی ئاودێری حەویجە لێدرا، ساڵی ١٩٥٧ پرۆژەی ئاودێری كەركووک لە دووبز لێدرا، لادێكانی كەركووک بێئاو دەكران و ئاوی زێی بچووكیش ڕەوانەی دەشتی دیالا و عەزێم دەكرا، لەگەڵ دەركردنی هەرماڵە كوردێكدا لە كەركووک پێش هەموو شتێک ئاوی لێ دەبڕا. لەلایەكی ترەوە ناوچە مێژووییەكانی كەركووكی وەک كفری و داوودەو شوێنەكانی تر كە پێویستیان بە ئاو نەبوو لە كەركووک دادەبڕان و قەزاو ناحیە و شوێنە بێئاوەكانی سەر بەموسڵ و دیالا و تكریت كرانە پرۆژەی موڵكدارێتی بە شارەكەوە.

سیاسەتی وەبەرهێنانی ئاو گەیشتە ئاستێک لە سنووری كەركووكدا نەوەستێت و هەموو كوردستان بگرێتەوە لێرەدا دەكرێت ئاماژە بۆ پرۆژەیەكی تر بكرێت كە پەیوەندی بە هێزی ئاوەوە هەیە لە گۆڕانكاری دیموگرافی و تەعریبدا، ئەویش بەندای بێخمەیە كە لەلایەن كۆمپانیای كۆلیجیانی ئەمریكییەوە دیزاین كرابوو، دەسەڵاتدارانی عیراق دەیانویست بەشێكی زۆری كوردستان ببێتە ژێر ئاوەوە، لەلایەكی ترەوە دەیانویست هەردوو ناوچەی بادینان و سۆران لە ڕێگای ئەو بەنداوەوە لەیەک دابڕن و پەیوەندییان پێكەوە نەمێنێت، ئەوەبوو ئەو پرۆژەیەشیان لەكاتی خۆیدا لە وزارەتی ئاودێری وەرگرتەوەو داوایان كرد لە كۆمپانیای كۆلیجیان بەرزایی بەنداوەكە لە ١٥٠ مەترەوە بكرێتە ٣٠٠ مەتر. مەبەستیان لەو زیادكردنەی بەرزایی بەنداوەكە ئەوەبوو زۆرترین ئاو گل بدەنەوەو ناوچەیەكی بچووک لە بادینان بمێنێتەوە كۆمپانیاكەش ڕای وابوو زەوییەک نیە بەرگەی ٣٠٠ مەتر بەرزایی ئەو بەنداوە بگرێت و ئەگەر ئەمە بكرێت ئەوا دەبێتە هۆی گۆڕینی خەسڵەتی جیۆلۆجی ناوچەكەو داتەپینی زەوی بەشێوەیەک ئاكاری

خراپی دەبێت. ڕای حکومەتی عیراقی وابوو کە ئەو پرۆژەیە ئەنجام بدرێت و گوێ نەدرێتە ئەو ئاکارانەی وا کۆمپانیاکە باسی دەکات، بەڵام وەک موکەڕەم تاڵەبانی دەگێڕێتەوە "کۆلۆجیان" دیزاینی پرۆژەکەی کردو تەواو نەکردنەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە پرۆژەکە لە بنەڕەتدا بەسترابوو بە شەخسی سەدام حوسێن-ەوە. لەگەڵ ئەوەی بێخمە بەشێک نیە لەم نووسینە، بەڵام ئاماژە پێکردنی لە سیاقی بەکار هێنانی ئاودا وەک چەکێکی کۆلۆنیالی لە کوردستاندا گرنگە، چونکە ئەم سیاسەتی دابەشکردنی خاکی کوردستان لە ڕێگەی ئاوەوە لە کەرکوکیشدا لە ئارادا بوو، سەدام حوسێن دەیویست لە ڕێگای خاسەوە شارەکە بکات بەدوو بەشەوە. بەگوێرەی زۆربەی شارەزایانیش لە بواری جیولۆجی و سیاسەتی ئاودێری و بەنداوەکاندا دەکرا پرۆژەی بێخمە بکرێتە یەکێک لەو پرۆژە ئاویانەی خزمەتی هەموو عیراقی بکردایە، ئەگەر لەو ڕووانگە کۆلۆنیالییەوە تەماشا نەکرایە.

پرسیارێکی تر کە ئەم کتێبە بەدووای وڵامەکەیدا دەگەڕێت ئەوەیە، ئایا زێی بچووک و گەورە لە دووای ئەو پرۆژە خراپەکاریانەی وا لەسەریان بەکار هێنران و خرانە خزمەت سیاسەتی گۆڕانکاری دیموگرافییەوە دژی دانیشتوانی کورد، دەبنە هۆکاری ململانێ و گرفتێکی گەروە بۆ کوردستان، بەتایبەتیش بۆ پارێزگای کەرکوک؟

ئەم پرسیارە دەمباتەوە سەر ڕەچەڵەکی ناوی ڕووبار لە زمانی فەرەنسیدا کە پەیوەندییەکی توندی بەباسەکەی ئێمەوە هەیە. ڕووبار لە زمانی فەرەنسیدا پێی دەڵێن "ڕیڤێر"، بە ململانێ و رکابەریش دەڵێن "ڕیڤالیتێ". زمانزانە فەرەنسیەکان پێیان وایە ریڤێر و ڕیڤالیتێ لە ڕەگ و ڕیشەی زمانەوانیدا بەشدارن. وەک ئاشکراشە بە درێژای مێژوو ڕووبارەکان جگە لەوەی هۆکاری دامەزراندنی شارو حەشارگەی

شارستانی و بەشەری بوون، جێگەی ململانێی سیاسی و عەسکەری نێوان وڵاتان بوون، هەر ئەمەش وای کردووە فەرەنسیەکان پەیوەندییەک لە نێوان ڕووبارو رکابەرایەتیدا بدۆزنەوە.

لێرەوە پرسیاری ئەوە دەکرێت، ئایا ململانێکانی داهاتوو لەسەر ئاو چۆن چارەسەر دەکرێن، چۆن پارێزگای کەرکوک دەخرێتەوە سەر نەخشەی سروشتی خۆی و سەرچاوە ئاوییەکانی بۆ گەشەپێدانی بەشەری و سروشتی و مرۆیی بەکار دەهێنرێت و سیاسەتەکانی کۆلۆنیالیزم دەسڕێنرێتەوە بەبێ ئەوەی، بەرامبەر لە ئاو بێبەش بکرێت؟. ئەم پرسیارەش لە دووای چوونە ناو ئەو مێژووە پڕ لە گرفتەی (بڕوانە چاپتەری یەکەم و دووەم) وا حکومەتەکانی عیراق لە کەرکوکدا دروستیان کرد، دەمانباتەوە سەر پرسیار کردن لە داهاتوو، لە چارەسەرکردنی گرفتەکان، ڕێکخستنەوەی باری دیموگرافی، گەڕاندنەوەی ئاو بۆ خاسە، بووژاندنەوەی پارێزگاکە، چاککردنی ژینگە، هەروەها گونجاندنی ئەو فیگەرە (بۆرە) نوێیانەی وا لە ناو جوگرافیای کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتوری کەرکوکدا دروستکران لە هەر پرۆژەیەکی بووژاندنەوەی پارێزگاکەو "نوێتڕالیزە" کردنی، واتە بێلایەنکردنی لەو مێژووەی بەزۆرەملێ بۆی دروست کرا.

ئەم باسە لە کاتێکدا دێت کە ئاو چەقی مەسەلەکانی سەدەی بیست و یەکە. عیراقیش یەکێکە لەو وڵاتانەی ڕووبەڕووی کێشەی بێئاوی دەبێتەوەو وەک نووسەرو تیۆژەر خەلیل ئیسماعیل دەڵێت، "ئێستا عیراقی دوو ڕافیدەین نیەو تەنها یەک ڕافیدە، چونکە بەهۆی ئەو پرۆژانەی تورکیاوە لەسەر ڕووباری فورات لە ساڵانی پەنجاکانەوە، هەروەها پرۆژەکانی سوریا لەسەر هەمان ڕووبار لە ساڵانی حەفتاکانەوە دروست دەکرێن، فورات وەک ئەوەی ناسراو بوو پێی دەوترا فورات نەماوە، تەنانەت لە قۆناغێکدا حکومەتی عیراق ناچاربوو کەناڵێک لە

دیجلەوە بۆ ڕووبارەکە ڕابکێشێت. ئەم گۆڕانکارییە بەڕای خەلیل ئیسماعیل وا دەکات کە ئاسایشی ئاوی عیراق پشت بە ئاوی دیجلە ببەستێت کە سەرچاوە ناوخۆییەکانی لە ناو خاکی کوردستاندان". بەڕای خەلیل ئیسماعیل تا ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان کارتی ئاوی لەگەڵ حکومەتی عیراقدا بەکار نەهێناوەو واش دیارە تا ئێستا بیر لەم بابەتە نەکراوەتەوە. هەر ئەم بابەتەی بەکار هێنانی ئاو وەک چەکێک، کە بوە هۆی سەرهەڵدانی کۆڵۆنی جیاجیا لە پارێزگای کەرکوکدا، لەم قۆناغەدا بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی دەربارەی ئاو دەکرێن، ئەگەر لە ڕابووردودا بوە هۆی گۆڕانکاریەکی دیموگرافی نەرم و بشێوی کۆمەڵایەتی و سیاسی لێنەکەوتەوە، ئەوا لەمڕۆدا دەبێتە هۆی کێشەو پشێوییەکی زۆرو لە هەر شوێنێک ئاو نەما، دانیشتوانەکەی بەجێی دەهێڵن و ڕوو دەکەنە ئەو شوێنەی ئاوی لێیە. لەم بارەیەوە نووسەرو ڕۆژنامەنووس ستران عەبدوڵڵا پێی وایە هەر سیاسەتێکی کوردی بۆ چارەسەرکردنی ئاسەوارەکانی ئەو گۆڕانکارییە دیموگرافیانەی وا لەدەمی حوکمی یاسین هاشمی و دواتردا کران، دەبێت سیاسەتێکی نەرم بێت و دوور بێت لە زیندووکردنەوەی ئەو زوڵمە مێژوویەی لە کورد کرا، چونکە ئەم لە بڕوای وایە کەئەمە دەبێتە هۆی سەرکێشان بۆ جۆرێک لە "فاشیزم" (بڕوانە بەشی پێنجەم).

لەوانەیە گەورەترین نموونەی بێئاوی لە داهاتووی ناوچەکەدا دەریای مردوو بێت لە نێوان ئوردن و فەلەستین و ئیسرائیلدا کە ئەگەر بێتوو چارەسەرێک لەبەردەم وشکبوونیدا دانەنرێت ببێتە هۆی مەزنترین پشێوی سیاسی و ژینگەیی و نەک تەنها دەوروبەری خۆی، بەڵکو هەموو ناوچەکە تووش بکات. عادل سالانێکە وەک پاسەوان و چاودێر لەودیوی ئوردن نزیک سنوورەکانی فەلەستین و ئیسرائیل لە سەر

دەریای مردوو کار دەکات و ڕینمای گەشتیارە بیانی و ناوخۆییەکان دەکات لە کوێدا مەلە بکەن و لە خاڵە سنووریەکان نزیک نەبنەوە کە نزیکی یەکترن. کە لێم پرسی ڕێژەی کەمبوونەوەی ئاوی دەریای مردوو ساڵانە چەندە، پێی وتم "باسی ساڵانە مەکە بەڵکو پرسیاری ئەو جیاوازیانە بکە کە لە نێوان چەند مانگێکدا ڕوودەدەن". دووای ئەوە عادل ئەو پانتاییەی پیشاندام کە لەمانگی ئەکتۆبەر (١٠)ی ساڵی ڕابوردووەوە (2013) تا ئێستا ڕوویداوە ک ٣٠ هەنگاوی تەواو لە دەریاکە وشک بوەتەوە. چەند ڕۆژێک پێش چوونم بۆ دەریای مردوو، ڕۆژی ٢٠١٤/٠١/٢٤ بەدیاریکراوی وزارەتی سەرچاوە ئاویەکانی ئوردن چەند زانیارییەکی بڵاو کردوەو ئامازەی بۆ ئەوە کرد کە دووای ٥٠ ساڵ دەریای مردوو وشک دەکات و ئاوی تیادا نامێنێت، چونکە بەپێی سەرچاوەکانی وزارەتەکە ساڵانە ئاوی ئەم دەریایە لە یەک تا دوو مەتر کەم دەکات. ئەم هەواڵەی سەرچاوە ئاویەکانی ئوردن بەڵگەیەکی تری ئەو پانتاییە کە لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (٢٠١٣)ەوە تا ئەمڕۆ وشکی کردووە. ئەم چیرۆکەی سەر دەریای مردوو، زەنگێکی پێشەوەختە بۆ دووبارەبوونەوەی چارەنووسێکی خراپ ڕووبەڕووی ناوچەکە دەبێتەوەو لەگەڵ ئوردن و ئیسرائیل و فەلەستیندا عیراق و وڵاتانی تری دەوروبەری ئوردن دەگرێتەوە، چونکە وشکبوونی "مردوو" یانی دەرکەوتنی هەموو ئەو مادە کیمیاوی وخوێ و خۆڵ و بەکتریایانەی هەزاران ساڵە "مردوو" دەیانگرێتە خۆی و لە یەک ئۆرگاندا کۆیان دەکاتەوە. لێرەدا کارەساتی دەریای "ئۆراڵ" لە کازاخستان بەبیر خۆمان دێنینەوە کە لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابوردووەوە بەهۆی دابڕینی سەرچاوەکانیەوەو ئاراستەکردنی بەرەو ئۆزبەکستان لە پێناو چاندنی لۆکەدا، بەرەو وشکبوونەوە ڕۆیشت و ئێستا تەنها لە ٢٥٪ ئاوی تیادا ماوە. واتە نزیکەی ٥١٠٠٠ کیلۆمەتر

له بنی دەریاکە شکبوەوەو بوەتە خۆراکی هەر "با"یەکی کەمێک خێرا تا خۆڵباران دروست بکات و هەموو ئاسیای ناوەڕاستی تووشی گەورەترین کارەساتی ژینگەیی کردەوە.

گەڕانەوە بۆ نموونەی جیاوازو دوور لە کەرکووک تەنها لەبەر ئەوە نیە کە ئاو هەمووومان کۆدەکاتەوە، بەڵکو لە بنەڕەتدا فیکرەی گەڕاندنەوەی کەرکووکە بۆ ناو جوگرافیای ئاو و کۆڵۆنیزەکردن. جیاوازیەکە تەنها لەوەدایە کە ئاو هێنان بۆ کەرکووک نەخشەیەکی سیاسی وای داڕێژا کە دەستکاریکردنی پشێوی لێ بکەوێتەوەو ببێتە گرفتێکی دیموگرافی وەها وەک "تابو"ی سیاسی تەماشا بکرێت. لە کاتی خۆیدا فیکرەی ئەم کتێبە بەراوردکردن بوو لە نێوان وشککردنی دەریای "ئۆراڵ" بەرەو وشکبوونی "دەریای مردوو" و دەریاچەکانی کوردستاندا، هەروەها خەمی سەرەکی ئەوە بوو داهاتووی سەرچاوەکانی ئاو ببێتە پرسیاری سیاسی و ژینگەیی و ئابووری وڵات، کاتێکیش ئەم باسەم لەگەڵ کاک پۆڵا خانەقا کردەوەو گەوتینە گفتگۆکردن، پێی وتم: "بۆ ئەوەندە دوور بڕۆین و ئۆراڵ بکەینە نموونە، ئەوەتا ئەو پرۆژە ئاودێریانەی لە کەرکووکدا ئەنجامدران گەروەترین گرفتیان بۆ دانیشتوانی شارەکەو خولقاندو بوونە هۆی گۆڕانکارییەکی دیموگرافی و تەعریب کە تا ئێستا پارێزگاکە پێوەی دەناڵێنێت". لێرەوە ئیتر پرۆژەکە گۆڕاو پرۆژەی ئاودێری حەویجەو کەرکووک بوونە چەقی باس و نووسین و گەڕان.

من لێرەدا دەگەڕێمەوە بۆ مێژوو تەنها لە پێناو داهاتوودا، لە پێناو ڕزگاربوون لە ڕابوردوو، لە پێناو دەرچوون لەو جوگرافیا پڕ لە مەترسییەی حکومەتەکانی عیراق سەپاندیان، هەروەها لە پێناو گەڵاڵە کردنی دیدێکی کوردستانی هەمە لایەنەدا بۆ داهاتووی ئاوی کوردستان

و کاریگەرییەکانی لەسەر نەخشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و، دیاری کردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ فیگەرە نوێکانی ناو کەرکوک لەلایەک و بەشەکانی تری عیراق لەلایەکی ترەوە. ئەم دیدەش تەنها لە عیراقێکی یەکگرتوودا کۆنابێتەوە، بەڵکو پەیوەندی بەو ئەگەرەشەوە دەبێت کە کوردستان دراوسێیەکی سەربەخۆی عیراق بێت.

یەکێک لەو پرسیارانەی تر کە گرنگە بەشێک بێت لەم کتێبە ئەوەیە، خەڵکی کەرکووک دووای نەوت چی دەکەن و چی دەخۆن و دەخۆنەوە یان با بڵێین نەوت تا کوێ برِ دەکات، چی پرۆژەیەک بۆ بوژانەوەی شارەکەو دەوروبەری لە ڕووی ئاو و کشتوکاڵ و ژینگەوە لە ئارادایە؟. ئەم پرسیارانە لەوەوە سەرچاوە دەگرن کە لە ئێستاوە زانایانی بواری بیۆلۆژی باس لەوە دەکەن کە دووای ٥٠ ساڵ ٩ ملیار دانیشتوانی سەرگۆی زەمین چی دەخۆن، ئایا سەرچاوەکانی خۆراک بەش دەکەن یان مێروولەو کوللەو گژوگیای بن دەریاکان و گۆشتی دەستکرد دەبنە ئەڵتەرناتیڤ؟. ئەو پرسیارانە کە لەم دووایەدا لەلایەن تۆرا کۆشوور کۆڵۆمنووس و پرۆفیسۆری زانستەکانی بیۆلۆژیا لە زانکۆی ئەلبێرتا لە کەنەدا وروژێنرا، مرۆڤایەتی دەخاتە بەردەم بیرکردنەوە لە هەر بستێک زەوی شیاوی بەرهەمهێنانی خۆراک بێت، وەبەرهێنانی هەر لیترێک ئاو و پراکتیزەکردنی "سیاسەتی شین"، چونکە سەدەی پێترۆل لە کۆتایدایەو سەرەتاکاتی سەدەی شەڕی ئاو دەستی پێکردوە. لەم ڕووانگەیەوە بەشێکی ئەم کتێبە لەسەر ئەو پرۆژە نوێیانە دەبێت کە لە کەرکووکدا لەسەر ئاو لە ئارادان، بەتایبەتی نۆژەنکردنەوەی چەمی خاسە لە ڕێگای بەنداوی "خاسە سوو" لە ڕۆژهەڵاتی شارەکەو گەڕاندنەوەی بۆ ئەو دەمەی سەربازە بەریتانیەکان نەیاندەتوانی بەبێ ئەسپەکانیان لە ئاوەکەی بدەن.

# لە ململانێی خێڵەکییەوە بۆ کۆڵۆنیکردن



نەخشەی پارێزگای کەرکوک ساڵی 1947

له ناوەڕاستی دەیەی سێیەمی سەدەی ڕابوردوودا حکومەتی عیراقی بە سەرۆکایەتی یاسین هاشمی دەست دەکات بە جێنشینکردنی خێڵە عەرەبەکانی نزیک موسڵ لە کەرکوک و خشتی یە کەم کۆلۆنی عەرەبی لە باشووری ڕۆژئاوای شارەکەدا دادەنێت. حەویجە ناوی ئەو کۆلۆنیە دەبێت و لە شێوەی یەکەی وەبەرهێناندا لەڕێگای پرۆژەیەکی ئاودێری سەرەتاییەوە کە لە ڕووباری زێی بچووکەوە ڕادەکێشرێت دەست پێدەکات. حکومەتەکەی یاسین هاشمی لە سەردەمی مەلیک غازی-دا ساڵی ١٩٣٥ زیندانییەکانی بەندیخانەی کەرکوک و سلێمانی و هەولێرو

موسڵ کە زۆربەیان کورد دەبن، دەبات بۆ هەڵکەندنی ئەو پرۆژەیەو لەسەر دەستی زیندانیەکان دەست دەکرێت بەهەڵکەندنی کە نزیکەی ١٠ساڵی پێدەچێت، واتە لە ساڵەکانی (١٩٤٦-١٩٤٧)دا کۆتایی پێدێت. وەک لە گێڕانەوەکانیشدا دەردەکەوێت ئەو جۆگە درێژە بەدەست و ئامرازی سەرەتایی هەڵکەندراوە.

یەکەم هەنگاوی کۆلۆنی حەویجە بە هێنان و جێنشینکردنی عەشیرەتی (عوبێد) دەست پێدەکات کە لەو دەمەدا لە ناوچەی جەزیرە لەباکووری موسڵ لە شەڕو پێکداداندا دەبێت لەگەڵ عەشیرەتی (شەمەر)دا. ئیتر عوبێدییەکان جەزیرە بەجێدێڵن و ڕوو دەکەنە دەشتی دیالا لە دەوروبەری قەرەتەپە، بەڵام ئەم جارەیان دەکەونە پێکدادان و شەڕ لەگەڵ عەشیرەتی (عزە) لەو ناوچەیەدا. لێرەوە وەزارەتەکەی هاشمی بڕیاری گواستنەوەیان دەدات بۆ دەشتاییەکانی باشووری ڕۆژئاوای کەرکووک و شوێنی لەوەڕگاو مەڕو ماڵاتی عەشیرەتی جاف و داوودەو هەمەوەندی دەبێتە کۆلۆنییەکی عەرەب نشین.

مێژوونوس و توێژەری کورد نوری تاڵەبانی لە کتێبی (ناوچەی کەرکوک و هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەیی)دا دەربارەی ئەم کۆلۆنییە دەنووسێت: "حکومەتی عیراق هەر لە ساڵەکانی سییەوە (سەدەی بیستەم) هەنگاوێکی تری دەست دایە بە مەبەستی نیشتەجێکردنی هەندێ خێلی عەرەب لە دەشتی حەویجە کە دەکەوێتە باشووری ڕۆژاوای کەرکووکەوە. ئەم پرۆژەیە شێوەی (یەکەی وەبەرهەم هێنان-وحدات استثماریە)ی لە زەویوزارێکی کشتوکاڵدا لەو دەشتە گرتبوەخۆی، پاش ئەوەی بە لێدانی جۆگەیەکی گەورە لە زێی بچووکەوە ئاوی بۆ بێ. حکومەتی ئەو سەردەمە ئەم پرۆژە گەورەیەی

به ناوی بازووی زیندانیانی کەرکووک تەواوکرد، هەربۆیە لە ماوەی چەند ساڵێکی دووردرێژا تەواوکرا. لە سەرەتادا وەزارەتی یاسین هاشمی پلانی ئەم پرۆژەیەی لە سەردەمی مەلیک غازیدا دانابو. ئەمە هۆیەک بوو بۆ نیشتەجێکردنی خێڵی عەرەبی عوبێد کە بە کۆچەری و بیابان نشینی لە باشووری ئەو دەشتە دەژیان. نەبوونی ئاوو زەحمەتیی کێڵانی زەوی بەیاری ئەو دەشتە بووبو بە هۆی ئەوەی کەس نەتوانێ تێیدا سەقامگیر ببێ، لەبەر ئەوە جوتیارانی لادێ کوردەکانی نزیک ئەو دەشتە بەهاران بە خۆیان و ئاژڵیانەوە ڕوویان تێکرد. هەروەها هەندێ خێڵی کۆچەری عەرەبی وەک عوبێد و جبووریش هەر بەدووای لەوەڕدا بۆ ئاژەڵەکانیان بەهاران ڕوویان دەکردە باشووری ئەو دەشتە".[1]

هەر لەم میانەیەدا نوری تاڵەبانی باسی هۆکارێکی تریش دەکات کە بیانووی ئەو کاتەی حکومەتی یاسین هاشمی بوو بۆ نیشتەجێکردنی خێڵە عەرەبەکان لە باشووری ڕۆژاوای کەرکووک و دروستکردنی یەکەمین کۆڵۆنی عەرەبی لە کوردستاندا. لەم بارەیەوە نووسەر لە هەمان کتێبدا دەڵێت: " وەختی خۆی بیانووی حکوومەت بۆ نیشتەجێکردنی هەندێ لقی هۆزی عەرەبی عوبێد لە باشووری حەویجە ئەوەبوو کە ئەمانە لەو ناوچەیەدا هەن و هەمیشە لەگەڵ خێڵی عەرەبی (العزە) کە لە پارێزگای دیالەی دراوسێی کەرکووک دادەنیشن، دەبێ بە هەرایان و دەدەن بەسەر یەکتردا. بەناوی دوور خستنەوەی ئەم دوو خێڵە ناکۆکەوە لەیەک، کە پرۆژەی ئاودێریی حەویجە تەواو بوو، هات

---

[1] نوری تاڵەبانی، ناوچەی کەرکوک و هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەیی ل15/ چاپی یەکەم لەندەن-١٩٩٦.

ئەو زەوی وزارەی دەکەوتە بەر ئاوی ئەو پرۆژەیە، تەنها بەسەر خێڵی عوبێد و جبوور و هەندێ خێڵی تری عەرەبدا دابەش کرد".[2]

نووسەرو مێژوونوس مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی[3] یەکێک بوو لەو زیندانیانەی بەندیخانەی کەرکوک کە ئەو پرۆژەیەی پێهەڵکەندرا. ڕۆژبەیانی دەگێڕێتەوە کەوا بڕیار بوو کورد و عەرەب لەو دەشتایەدا جێنشین بکرێن و هەموو لایەک لە ئاوەدان کردنەوەی ناوچەکەدا بەشدار بن، بەڵام پرۆژەی ئاودێرییەکە بە ڕێڕەوێکدا هەڵکەندرا ئەو لادێ کوردانە نەگرێتەوە کە موڵکیەتیان دەگەڕایەوە بۆ بنەماڵەکانی ئەحمەد خانەقا و حاجی حوسێن ئاوچی و نەفتەچی. بڕیاری جێنشین کردنی عەرەبەکانیش لەو ناوچەیەدا لەلایەن یاسین هاشمی-یەوە درا. جگە لە مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی کەسایەتی تری ناوداری کورد و عەرەبی عیراقی لەو سەردەمەدا زیندانی بوون و لەو پرۆژەیەدا بۆ کاری "سوخرە" بەکارهێنران. سیاسەتمەدارو وەزیری پێشووتری ئاودێری حکومەتی عیراقی موکەڕەم تاڵەبانی لەم بارەیەوە دەڵێت: "شیخ قادری سیامەنسور یەکێکی تر بوو لەو کەسایەتیە سیاسیانەی وەک زیندانیی برایە حەویجەو کاری هەڵکەندنی ئەو جۆگەلەیەی پێکرا". هەر لەم میانەیەشدا ئەوە دەگێڕێتەوە کە سیامەنسووری لەلایەن بەکر سدقی-یەوە کرا بەئەندام پەرلەمان، کاتێکیش سدقی کوژرا ئەو لە پەرلەماندا هەڵساو قسەی کردو هەڕەشەی ئەوەی کرد تۆڵەی کوشتنەکەی بسێنێتەوەو لەسەر ئەو هەڕەشەیە زیندانی کراو لە کاتی هەڵکەندی پرۆژەکەدا ڕەوانەی حەویجە کرا. یەکێکی تر لەو کەسایەتیە

[2] هەمان سەرچاوە ل53.

[3] مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، کەرکوک، ناوی مێژووی کۆنی، دانیشتوانی دەسەڵاتەکانی ل40. ئامادەکردنی شێرزاد محەمەد ئەمین ڕۆژبەیانی، 2006 لەبڵاوکردنەوەی لقی کەرکوکی یەکێتی نووسەرانی کورد.

سیاسیتەی عیراق لەو پرۆژەیەدا کاری پێکرا سیاسەتمەداری چەپی عیراقی "زەکی خەیری" بوو کە لە سەر سیاسەت زیندانی بوو"[4].

بەپێی رۆژبەیانی لە ماوەی ٢١ ساڵدا، واتە لە ساڵی ١٩٣٦ بۆ ١٩٥٧ ژمارەی گوندەکانی دەشتی حەویجە و دەوروبەری گەیشتنە ١٢٣ گوندو بڕیاری ئەوەی کە ئەو گوندانە دەبێت عەرەب بن، بەلای ئەوە بڕیارێکی سیاسی یاسین هاشمی بوو[5].

تاڵەبانی لەم بارەیەوە پێی وایە پرۆژەی ئاوی حەویجە کە ساڵی ١٩٣٦ کە یاسین الهاشمی دروستی کردو لە ساڵی ١٩٣٨ تەواو بو بۆ نیشتەجێکردنی عوبێدییەکان بوو کە لە ناوچەی "شبێچە" بوون لای حەمرین. ئەو دەڵێت: "جار جار کە وشکەساڵی دەبوو عوبێدییەکان دەهاتنە ناوچەی حەویجە کە عەشیرەتی تاڵەبانی و داودەو کاکەیی و سمایل عوزێری تیادا نیشتەجێبوون، تەنانەت خەڵک لە سلێمانی-یشەوە دەهاتن بۆ لەوەڕگا بۆ ئاژەڵەکانیان لەو دەشتەدا. دەربارەی عوبێدییەکان و پەیوەندییان بە کوردەوە، تاڵەبانی باسی ئەوە دەکات کە گیروگرفتیان لەگەڵ دانیشیتوانی ناوچەکەدا نەبوە، پەیوەندییان لەگەڵ عەشیرەتە کوردەکاندا باش بو.

دەربارەی ئەوەی کە حەویجە و پرۆژەی ئاودێری حەویجە یەکەم کۆلۆنی عەرەبییە، دکتۆر موکەڕەم پێی وایە ئەو پرۆژەیە هەنگاوی یەکەمی گۆڕانکاری دیموگرافی بوو، هەروەها پێی وایە هاوردنی عەشیرەتی عوبێد-یش لە شوبێچەوە لای حەمرین بۆ دەشتی کەرکوک نیەتی حکومەتی عیراقی ئەو کاتەی بەئاشکرا خستەڕوو. هەر لەم

---

[4] چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ دکتۆر موکەڕەم تاڵەبانی / سلێمانی مانگی حوزەیرانی ٢٠١٣.

[5] السیاسات الحکومیه فی کرکوک خلال العهد الملکی"١٩٢١-١٩٥٨م"ل41، جەبار قادر لە کتێبی (کروک، مدینه القومیات المتاخیه)- دار ئاراس ٢٠٠٩)هەولێر.

میانەیەدا تاڵەبانی ئاماژە بۆ دۆخی دیموگرافی لیوای کەرکوک دەکات لە سەرەتای سەدەی بیستەم و تا دەیەی دوەمی هەمان سەدە کە ڕێژەی کورد لە تورکمان زیاتر بوەو لە هیچ ڕوویەکەوە عەرەب بەشێکی بەرچاوی دانیشتوانی لیواکە نەبوون. لێرەدا ئاماژە بۆ راپۆرتێک دەکات کە (س.ج .ئادمۆنز) لە بەرواری ١٩٢٩/٦/١٤ بەناونیشانی "ڕاپۆرتی سێیەم لەسەر بارودۆخی کوردستان"[6] بۆ وزارەتی موستەعمەراتی بەریتانی کە چەرچڵ وەزیری بوو، نوسیویەتی و تیایدا باسی لیواکە دەکات. بەپێی ڕاپۆرتەکەی س.ج.ئادمۆنز هیچ شکێک لە کوردبونی لیوای کەرکوک نیە. ئادمۆنز لە ڕاپۆرتی ژمارە (٤٠)دا هۆکاری ئەو کوردانەی بە تورکمانی قسە دەکەن دەگەڕێنێتەوە بۆ پەیوەست بوونیان بە ڕەگەزی حوکم بەدەست لە ڕۆژانی دەوڵەتی عوسمانی و دەڵێت: "ناودارانی شارەکە یان تورکمانن یان کوردن و بەهۆی پەیوەست بوونیان بە ڕەگەزی حوکم بەدەست لە ڕۆژانی حوکمی عوسمانیدا بوون بەتورک". هەر لەهەمان ڕاپۆرتدا کە دەربارەی دوو سەرژمێر نوسیویەتی کە تیایاندا کورد زۆرینەی شارەکە بوون ئاماژە بۆ پاڵەپەستۆی ئەو خێزانە ناودارانە دەکات کە چۆن کاریان کردوە بۆ زاڵکردنی زمانی تورکی بەسەر زمانی کوردیدا دەڵێت: "ئەو خێزانە ئەرستۆکراتە دەست ڕۆشتوانە داوایان لە ئیدارەی بەریتانیەکان کرد زمانی تورکی بسەپێنن، زمانی کەمینە بەسەر زمانی زۆرینەی کوردیدا، ئەوەشیان بۆ جێبەجێکرا".

بەڕای موکەڕەم تاڵەبانی کورد لە ناو کەرکوکدا بە تورکی قسەیان دەکرد چونکە لە سەردەمی حوکمی عوسمانیدا کڕین و فرۆشتن و

[6] الكورد فی الوثائق البریطانیة، ل180 د.علی عثمان. مؤسسة موكريان للبحوث والنشر. اربیل ٢٠٠٨

مامەڵەی ناو بازاڕ بە زمانی تورکی بوو، بۆیە لە ناو شارەکەدا بەتورکی قسەیان دەکرد و لەناو خۆیاندا بە کوردی. وێنە بەپێی ئەو سەر ژمێریەش کە ئادمۆنز پێشکەشی دەکات و ساڵی ١٩٢٨ ئامادە کراوە، بەم شێوەیە ژمارەی دانیشتوانی کەرکووک دەخاتەڕوو (کورد ٧٧٥٩٧ هەزار، تورکمان ٢٨٧٤١ هەزار، عەرەب ٧٨٦٣ هەزار، جولەکەو مەسیحی ٣٧٠٠ هەزار). لە راپۆرتەکەدا ئادمۆنز دەربارەی بوونی عەرەب لە لیوای کەرکووک دەڵێت: "عەرەب لەبەشەکانی باشووری رۆژاوای لیواکەدا نیشتەجێن و بەشێوەیەکی گشتی خێلی زۆر سەرەتایین و پێکدێن لە ٥٠٠٠ هەزار جبورو ئەوانی تر لە ناوچەی زێی خواروو (مەلحە)، عوبێدیەکانیش لە چیای حەمرین (چوبێشە)، لە باشووری خوارەوەش لە قەرەتەپە تەنها ناوچەیەکی نیشتجێبوون هەیە کە ٥٠٠٠ هەزار لە خێلی (کەراوی) لێیە. عەرەب زۆر دوورن لە سەنتەری لیواکەو ناکرێت وەک فاکتەرێک لە سیاسەتی لیوادا تەماشا بکرێن"[7] بەڵام ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە ئەوەیە کە ئیدارەی بەریتانی بەبیانووی ئەوەی ئەو سەرژمێرییە ناتەواو بووە، هەڵساوە بە زیاد کردنی (٥) کەس بۆ سەر خێزانە جێنشینەکانی قەرەتەپەو شوبێچەو مالحا کە زیادکردنەکە بۆ هەر نەتەوەیەک بەم شێوەیە دەبێت: (کورد ٧٨٥، عەرەب ١٦١١٠، تورکمان ٩٤٥، جولەکە ١٨) یانی زیادکردنی پێنج کەس بۆ هەر خێزانێک تەنها لەخزمەتی عەرەبدا بووە، چونکە لەو ناوچانەدا بوو کە ژمارەی عەرەب تیایدا زۆربووە دووای ئەم دەستکارییە هەڕەمەکییەش سەرژمێریەکە دەگۆڕێت و بەم شێوەیەی لێدێت: (کورد ٧٨٣٨٤، تورکمان ٢٩٦٨٧، عەرەب ٢٣٩٧٥،

[7] سەرچاوەی پێشوو ل179.

جولەکە ٣٧١٨). جێگای ئاماژەیە کە لە سەرژمێری ساڵی (١٩٢١)دا ژمارەی کورد ٦٥٠٠٠ هەزار کەس بووە لەگەڵ تێبینی ئەوەی کە لە کاتی ئەنجامدانی سەرژمێریەکەدا قەڵا سێوکەو چەمچەماڵ و سەنگاو بەشێک نەبوونە لە کەرکووک و ئادمۆنز وەک پاشکۆیەکی نوسیویەتی: "لەبەر ئەوە دەبێت ٢٠ هەزار زیاد بکرێت بۆ سەر ٦٥ هەزار".

ئادمۆنز لەراپۆرتی ژمارە (٤٢)دا بەڕوونی دان بەوەدا دەنێت کە کەرکووک لیوایەکی کوردیە وپێویستیشە پاڵپشتی ئەم بۆچوونە بکرێت. دیارە ئەم بۆچوونەی لە ڕاپۆرتی ژمارە (١٠)دا بۆ وزارەتی موستەعمەراتی بەریتانی نوسیوەو تیایدا وەک لە ڕاپۆرتی ژمارە (٤١)دا بەباشی دەردەکەوێت، بەتەنها پشتی نەبەستووە بە سەرژمێریەکان و پێکهاتەی سۆسیۆلۆژی شارەکەی بەهەند وەرگرتووە، بەتایبەتیش پەیوەندی نێوان کورد و تورکمان کە بە پەیوەندییەکی باش باسی دەکات و لە برگەیەکدا دەڵێت: "ڕاستیەکەی کوردو تورکمان پەیوەندییان هەیە نەک تورکمان و عەرەب. کوردو تورکمان لە لادێ و شاردا پێکەوە دەژین، زۆربەی تورکمان زمانی کوردی قسە دەکەن کە زمانی زۆرینەیە. بەڵام زۆربەی فەرمانبەرانی لیواکە تورکمانن و بەشێکی کوردیش، ئەو فەرمانبەرانەس بەباشی عەرەبی نازانن. ئەشرافەکانی کوردو تورکمان لەپاڵ یەکدا نفوزی یەکسانیان هەیە. لە کەرکووکدا خانەوادەی خاوەن نفوزی تورکمان وەک یەعقوبی زادە و قەیرەدار زادەو نەفتەچی زادە، هەروەها خانەوادەی کوردی وەک تاڵەبانی و سەید ئەحمەد خانەقا هەن و تاکە خانەوادەیەکی خاوەن نفوزی عەرەب لە شارەکەدا نیە"[8]. لەپاڵ سەرژمێریەکانی ساڵی (١٩٢١

---

[8] سەرچاوەی پێشوو ل181.

و ١٩٢٨)دا ئەم بۆچوونە سۆسیۆلۆژیەش لەسەر کەرکووک پاڵپشتێکی تری ئادمۆنزن بۆ ئەوەی شارەکە بە کوردی دابنێت و داوا لە وزارەتی موستەعمەرات بکات پشتگیری بۆچوونەکەی بکات.

لەبەر ئەوەی عەشیرەتی عوبێدی لەگەڵ عەشیرەتی ئەلعزەو شەمەردا دژی یەکتری بون و لە شەردا بوون، ئەوانیش واتە شەمەر کۆچەر بوون و مەڕو ماڵاتیان هەبوو، کە دەچونە ناوچەی عەزێم و بەتایبەتیش دەوروبەری قەرەتەپە دەبوە شەریان و لە یەکتریان دەدا، ئیتر یاسین هاشمی بریاریدا ئەو پرۆژەیە جێبەجێ بکات و ئەم عەشیرەتەش لە حەویجە نیشتەجێ بکات و ئەوەش پێش هەر شتێک پێویستی بەئاوو پرۆژەی ئاودێری بوو. لە پاڵ ئەمەدا کۆچباریی خێڵە عەرەبەکان و پەیوەست نەبوونیان بە کشتوکاڵ و جێگیر نەبوون لە شوێنێکدا بەهۆی شوانکارەییەوە هۆکارێکی تری جێگیربوونیان بوو لە باشووری ڕۆژئاوای کەرکووک کە زەویەکانی پشت بە باراناو دەبەستێت و خێلەکانی جاف و داوودەو هەمەوەند و خانەوادەی خانەقا زیاتر بۆ لەوەڕگای مەڕو ماڵات بەکاریان دەهێنا نەک بۆ کشتوکاڵ و نیشتەجێبوون. ئەمە هۆکارێکی تری حکومەتی یاسین هاشمی بوو تا خێڵە عەرەبەکان لەو ناوچەیەدا جێگیر بکات و ئاویان بۆ دابین بکات. ئەمەش وەک نووسەرو توێژەر محەمەد عەبدوڵا عومەر لە توێژینەوەیەکدا ئاماژەی بۆ دەکات هەوڵدانێک بوو بۆ دانانی "قوڵاییەکی ستراتیژی"[9] بۆ عەرەب لە ناو خاکی کوردستاندا و بەئاوی کوردستان. بەڕای نووسەر سروشتی وشکی ناوچەکە و پشت بەستنی بە باراناو کە لە شوێنێکی وەک

---

[9] محمد عبدالله عمر–دور مياه الكرد فى تعريب مدينه كركوك– بحوث المؤتمر العلمي حول كركوك (٣–٥ نيسان١٠٠٢) اربيل، دار اراس ٢٠٠٢ الطبعه الثانية.

حەویجە ڕێژەی کەمهێنانی ئاو دەگەیشتە ٧١٪ لە ڕێژەی گشتی پێداویستیەکانی ئاو بۆ بەروبومی گەنم وەک نموونە، ژینگەیەکی ناجێگیری لە ڕووی دیموگرافیەوە دروست کردو هەلی لەبەردەم غەیرە کورددا دروست کرد تا بخشێنە قولایی زەوییەکانیانەوە. لەمەشدا بەڕای توێژەر لاوازی کورد و پاڵپشتی حکومەتە عیراقیە یەک لە دووای یەکەکان بۆ هاوردەکان هۆکارێکی تری داگیرکردنی خاکی کورد بوو.

بەڵام ئەوەی جێگای سەرنج و لەسەر ڕاوەستانە ئەوەیە کە تا سەرۆکەکانی ئەو عشیرەتە مابوون، وەک عاصی العلی و عاصی الحسین، بەوە خۆیان دەناساند کە لە کوردستانن، کاتێکیش شیخ مەحمود لە سلێمانی حکومەتی تەشکیل کرد هەردووکیان هاتنە لای و پێیان وت ڕاستە ئەوان عەرەبن بەڵام لە خاڵکی کوردستاندا دەژین و چارەنوسیان پەیوەندە بە کوردەوە نەک چارەنوسی بەغا، ئیتر شیخ مەحمود تەکریمی کردن و گەڕانەوە جێگای خۆیان.

تەنانەت ئەو کاتەی کە یاسین هاشمی ئەو پرۆژەیەی دروست کرد، هەستی نەتەوەیی لە لای عوبێدییەکان ئەوەندە نەبوو، چونکە نیوە کۆچەر بوون و مەڕو ماڵات و وشتریان هەبوو، بەشێکیان دەهاتن و دەچون، بەشێکیشیان کاری کشتوکاڵیان دەست پێکرد، ئەوە بەردی بناغەی تەعریب بوو کە یاسین هاشمی کردی، لە پاش ئەوە پرۆژەکە بەردەوام بوو، ویستیان عەشیرەتی تری عەرەبی بێنن بۆ حەویجە بەڵام عوبێدییەکان قبوڵیان نەکردو شەر لە نێوانیاندا دروست بوو، کوشتن و خۆین کەوتە نێوانیانەوە، لە دووایدا جبورو لهێب و عەشیرەتی تری عەرەبیان هێناو نیشتەجێی کردن لە ناوچەی حەویجە دیاریکراو بوو، بەڵام پرۆژەکە هەموو لیوای کەرکوکی گرتەوەو حکومەتی عیراقی بەردەوام بیری لە تەعریب کردنی لیواکە بەتەواوەتی دەکرەوە.

نوری تاڵەبانی لە کتێبەکەیدا دەڵێت: "چاندنی گەنم و جۆ کە پشت بەباران دەبەستێت تاکە جۆری کشتوکاڵی شیاو بوو لەو ناوچەیەدا. بەهۆی نەبوونی ئامرازی کشتوکاڵ وەک ماشێنی کێڵان و شتی تر، زەحمەت بوو بۆ جوتیارانی کورد و تەنانەت خاوەن زەوییەکانیش تیایاندا، ئەو زەویە بۆرانە بکێڵن و پشتیان بەئاژەڵ دەبەست بۆ کێڵانی زەویەکانیان، هەر لەبەر ئەمەش بوو زەوییەکانی دەشتی حەویجە لەپێش ئەوان وەبەر نەهێنران"[10]. یانی پێش دروستکردنی کۆڵۆنییەکەو نیشتجێکردنی عەرەبەکان، هیچ پرۆژەیەکی وەبەرهێنان لەدەشتی حەویجەدا نەبوو.

لە ماوەی ٢١ ساڵدا، واتە لە نێوان ساڵانی (١٩٣٦-١٩٥٧)دا ٢١٠٠ کم٢ زەوی دەبەخشرێتە هاوردە عەرەبەکان و ٢٠٣ کۆلۆنی لەو ناوچەیەدا دروست دەکرێت. هەزار کم٢ بۆ عوبێدییەکان و ٩٠٠ کم٢ بۆ جبورییەکان و ٢٠٠ کم٢ بۆ حەمدانییەکان، ئەمە جگە لە خێلە تکریتی و دوورییەکان. لێرەوە خێڵەکانی جاف و هەمەوەند جێلەق دەبن و لە ناو کۆڵۆنیە نوێکاندا جێگایان نابێتەوەو زەوی و موڵک وماڵیان بەجێدێڵن. نوری تاڵەبانی چیرۆکێکی مێژوویی دەربارەی دوورخستنەوەی کورد لە کەرکووک دەگێڕێتەوە کە جارێکی تر پەیوەندی بەکشتوکاڵ و لەوەڕگاو ئاوەوە هەیە، ئەو باسی ئەوە دەکات کە چۆن فەرمانبەرە کوردەکانی ئەو کاتەی (ساڵانی ١٩٣٠) کەرکوک هەوڵیاندا بەشێک لە خێڵی جاف کە لە ناوچەکەکانی کفری و کەلار نیشتەجێبوون، لە وەرزی زستاندا بهێنرێنە دەشتی حەویجەو لەوێدا نیشتەجێ بکرێنەوە، یەکێکیش لەو کەسانەی پشتگیری ئەم پرۆژەیە

[10] نوری طالبانی: ناوچەی کەرکوک (ل25)

بوو حامید بەگی جاف بوو کە قایمقامی ئەو کاتەی چەمچەماڵ بوو. بەڵام حکومەتی عیراقی نەک تەنها پرۆژەکەی ڕەتکردەوە، بەڵکو حامی بەگی گواستەوە بۆ پارێزگایەکی ترو لە کەرکووک دووری خستەوە، ئیتر ئەویش پۆستەکەی بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ شارەکەی خۆی، هەڵەبجە.

پرۆژەی ئاودێری حەویجە کە لە نزیک جەلەولا کۆتایی دێت و درێژییەکەی (٢١٠ کم)ەو بۆ ئاودێری یەک ملیۆن و چوارسەد و چل و هەشت هەزار (1448000) دۆنم زەوی دانرا، جگە لەوەی بەردی بناغەی پرۆژەیەکی کۆلۆنیالی فراوان بوو، لەهەمان کاتدا هێلێکی جیاکەرەوە بوو لە نێوان ناوچە کۆلۆنیزە کراوەکان و کوردستاندا. دووای تەواوبوونی قۆناغی یەکەمی پرۆژەی ئاودێری حەویجە زیاتر لە ٢٠ هەزار لە خێلە کۆچەرییەکانی عەرەب نیشتەجێ کران و لە قۆناغی دووەمی بەکارهێنانی ئاودا وەک چەکێکی داگیرکاری لە سایەی پرۆژەی ئاودێری کەرکووک کە دوواتر دەبێتە (سەدام)دا نیشتجێکردن فراوانکراو بەپێی ئاماری سەرژمێری سالآنی (١٩٨٧) ڕێژەی لادێکانی دەوروبەری حەویجە لەنێوان سالآنی 1977-1987دا ٩٪ زیادی کرد لە ناو حەویجە خۆشیدا وەک قەزایەک ڕێژەی دانیشتوان لە نێوان سالآنی (١٩٦٥-١٩٨٧) لە (٨٪)ەوە گەیشتە (١٨٪) لە کۆی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوک.

نووسەرو توێژەر خەلیل ئیسماعیل محەمەد ئامانجی پرۆژەکانی ئاودێریی وەک پرۆژەی ئاودێری جەزیرەو حەویجەو شەنگار و هەروەها پرۆژەی ئاودێری سەدام لە سیاسەتی تەعریبدا دەبینێتەوەو پێی وایە لە سایەی ئەم پرۆژانەدا هەزاران خێزانی کۆچەری عەرەب لە ناوچەکانی موسڵ و حەویجە جێنشین کران، بەتایبەتی دووای

دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی بۆ عەشیرەتەکان کە سەر بەوزارەتی ناوخۆ بوو، لەناو ئەو بەڕێوەبەرایەتیەشدا ژوورێکی تایبەت هەبوو بە ناوی (شعبە الإسکان الریفی) لە پێناو پێشکەش کردنی هەموو پێداویستییەکانی پرۆسەی جێنشینکردنەوە. توێژەر لە نووسینێکدا بەزمانی عەرەبی بەناونیشانی (اتجاهات سیاسة التغییر الدیمغرافی لسکان محافظة کرکوک)[11] باسی ئەوە دەکات کە چۆن دووای سەرکەوتنی قۆناغی یەکەمی پرۆژەی ئاودێری حەویجە لە کەرکوک دەست کرا بە جێنشینکردنی زیاتر لە بیست هەزار کەس لە عەشیرەتە کۆچەرییەکان.

لە قۆناغێکی تری جێنشینکردنی خێڵە عەرەبەکان لە کەرکووکدا کە ساڵی ١٩٥٧ دەست پێدەکات، جارێکی تر ئاوو پرۆژەی ئاودێری چەکی حکومەتی عیراقی دەبن. لەم قۆناغەدا پرۆژەی ئاودێری کەرکووک کە لەسەردەمی حوکمی سەدام حسێن-دا ناوەکەی دەگۆڕدرێت و دەکرێتە پرۆژەی ئاودێری سەدام، پرۆسەی جێنشینکردن بە شێوەیەک فراوانکرا زیادبوونی ڕادەی دانیشتوانی لادێکان حەویجەی تێدەپەڕێنێت و خێرایی زیادبوونەکەش لەناو قەزاکە خۆیدا (حەویجە) لە ٨٪ لە کۆی دانیشتوانی کەرکوک لە نێوان ساڵانی (١٩٦٥-١٩٨٧) بەرز دەبێتەوە بۆ ١٨٪. ئاکامی ئەو پرۆژانەش وەک خەلیل ئیسماعیل ئاماژەی بۆ دەکات، گۆڕانکاری بوو لە پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوانی موسڵ و کەرکوک[12]. ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێت کە لیوای موسڵ لەسەرەتای پێکهاتنی ئیداری دەوڵەتی عیراقیدا پێکدەهات لە قەزاکانی وەک

---

[11] کرکوک مدینه القومیات المتآخیة، ل128 مجموعه من الباحثین، دار اراس ٢٠٠٩.

[12] چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ د.خلیل اسماعیل

شەنگار، دهۆک، زاخۆ، ئامێدی، ئاکرێ، هەروەها قەزای مەرکەزی موسڵ. وەک دەزانرێت جگە لە مەرکەزی موسڵ زۆربەی دانیشتوانی هەموو ئەو قەزایانە کورد بوون. بەڵام قۆناغەکانی دوایی کۆمەڵێ یەکەی ئیداری تر لکێنران بە موسڵ-ەوە وەک حەزەر، بەعاج، شەرگات، ساڵی (١٩٦٩)ش دهۆک جیاکرایەوەو کرا بەپارێزگاو زاخۆو ئامێدی و ئاکرێ خرانە سەر پارێزگا نوێکە. بەم شێوەیەش پارێزگای نەینەوا لە کورد داماڵراو تەنها ڕێژەی سێ یەکی دانیشتوانی کوردی تێدا مایەوە.

بەپشت بەستن بەو زانیاریانەی باسکران و گەڕانەوە بۆ نەخشەی کۆڵۆنی کردنی سەرچاوەکانی ئاوی کەرکووک، بەباشی ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە چۆن پێش هەموو شتێک دانیشتوانەکەی لە ئاو دادەماڵرێت و هەر ئاویش دەکرێتە میکانیزمی تەعریب کردنی ئەوبەری خاسەو تینووکردنی ئەم بەری. ئەگەر تەماشایەکی نەخشەی سروشتی پارێزگاکە بکەین، جگە لە سەرچاوەی باران کە ئەگەر لە وەرزی زستان و بەهاردا لە ٤٠٠ ملم کەمتر بێت دەچێتە دەرەوەی بازنەی پارێزگا بەرهەمهێنەکانی گەنم، بەچەند ڕووبارێکی چواردەور درابوو کە دەکرا ببنە گەورەترین پرۆژەی ئاودێری لە سنووری پارێزگادا.

ڕووباری سیروان کە دەکەوێتە باکووری کەرکووک لە نێوان هێڵی (٣٠-٤٤) و هێڵی (٥٠-٤٧) لە ڕۆژهەڵاتەوە، پانتایی گشتی (٣١٨٩٦)کم٢ و 57،17٪ سەرچاوەی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوەیەو 42،83٪ لە ناوەوەی کوردستانی عیراقدایەو هەردوو بەنداوی دەربەندیخان و حەمرینی لەسەرە. ساڵی ١٩٧٥

بەپێی مەرسومێکی کۆماریی ژمارە (٦٠٨)[13] ئەو ناوچانەی کە سیروان پێیاندا تێپەڕ دەبێت دابەشکران بە سەر هەردوو پارێزگای سلێمانی و دیالەدا. زێی گەورە کە سەرچاوەکانی دەکەوێتە رۆژهەڵاتی چیای قەندیل و بەشێکیشی دەکەوێتە ناو کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە لە شەرگات دەڕژێتە ناو دیجلەوەو ڕووبەرەکەی (٢٢٢٥٠ کم٢) و (١٧٦٦٠کم٢)ی لە ناو خاکی کوردستاندایە. ئەم ڕووبارە بە درێژاییەکی بەرچاو سنووری ئیداری کەرکووک پێکدێنێت و یەکێکە لەو ڕووبارانەی لە دوو خالدا کرایە کۆڵەکەی سیاسەتی کۆلۆنیالیزمی عەرەبی لە پارێزگاکەدا، یەکەمیان ئەوەیە کە بەشێکی ناوچەکانی کەرکووکی لە کوردستان جیاکردەوەو بوونە شوێنی خێڵە عەرەبەکان، دووەمیان ئەوەیە لە چوارچێوەی ئەو خاڵ و بازنە گەرمانەی بوونە بنەما سەرەتاییەکانی سیاسەتی کۆڵۆنیالیزمی ئاو، لەگەڵ ئاوی ڕاکێشراوی زێی بچووکەوە، کۆڵۆنییەکان بوونە دیفاکتۆی سیاسەتێکی فراوان و بەردەوام لە تەعریب کردندا.

سێیەم ڕووباری کەرکووک کە دەتوانرێت بە وەرزیی ناوببرێت ڕووباری ڕۆخانە-یە (عوزێم) لە سەرچاوەکەیەوە تا ڕێژگەکەی ٢٣٠ کم، ڕووبەری حەوزەکەی ١٠٩٨٨ کم٢. سەرچاوەکانی ئەم ڕووبارە وەرزییە کە لە دووریی ١٥ کیلۆمەترەوە لە باشووری شاری بەلەد دەڕژێتە ناو ئاوی دیجلەوە لە ئاوەسپی و تاوق و خاسە پێکدێن کە هەموویان کەوتوونەتە سنووری پارێزگای کەرکووک.

---

[13] سیاسه التعریب فی اقلیم کردستان العراق-دراسه وثائقیة- اعداد د.خلیل اسماعیل محمد/سیروان کاکەیی/ د.محمد عبدالله عمر/ محمود حاجی-دار اراس/اربیل ٢٠٠٤.

زێی بچووک کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای کەرکووکەوە، جگە لەوەی کرایە پشتێنێکی جیاکەرەوەی پارێزگاکە لە کوردستان، وەک سەرچاوەی ترسناکترین جۆری سیاسەتی کۆلۆنالیزم بەکار هێنرا، ئەویش دروست کردنی قولای ستراتیژی بوو لە ڕووی سەرچاوەکانی ئاوو خوراک و گۆڕینی ژیانی خێڵە عەرەبەکان لە کۆچباری و شوانکارەییەوە بۆ جێگیری و کاری کشتوکاڵ. لەو ڕێگایەشەوە دروست کردنی پشتێنێکی کۆمەڵایەتی، پرۆژەی کۆلۆنیکردن نەک دەکاتە دیفاکتۆ، بەڵکو پەرەی پێدەدات و ئەوەی لە ڕێگای ئەمنی و سەربازییەوە جێبەجێ نەکرا، لە ڕێگای کۆلۆنییەکانەوە جێبەجێکرا. چونکە حەویجەو دەوروبەری لەلایەکەوە پشتێنێکی ئەمنی بوون بۆ نەوت و لەلایەکی ترەوە دروست کردنی کۆمەڵگەی زاوزێکردنێکی خێرا بوو کە ئەو بەری خاسەی لە ڕووی دیموگرافییەوە تەقاندەوەو ئەمبەری لە شارەکە داماڵاند.

هەر لەم بەری خاسەوە ڕووباری ئاوەسپی کە نزیک بوو لە شاری کەرکووکەوە، لە سەرچاوەکەیەوە لە چیای ئاژداغ تا دەگاتە دووزخورماتوو نەک تەنها بەبێ وەبەرهێنان مایەوەو پرۆژەیەکی ئاودێری بۆ ناوچەیەکی وشکی وەک ناوچەیەکی وشکی گەرمیانی لەسەر دروست نەکرا، بەڵکو هەموو ئاوەکەی دەکرایە قوڕگی دەشتی عوزێمدا، هەروەها بەنسبەت ئاوی تاوق و خاسەوە.

# ئایا پرۆژەی ئاودێری حەویجە
# لە پێناو تەعریب-دا بوو؟

ئایا پرۆژەی ئاودێری حەویجە لە پێناو تەعریبدا بوو؟ ئەمە پرسیارێکە ڕووبەڕووی هەر مێژوو نوسێک دەبێتەوە کە بیەوێت دەربارەی کەرکووک بنوسێت. بەشێک لە نووسەران و توێژەران پێیان وایە لەو دەمەی پرۆژەکە جێبەجێکراو عەرەب هاتنە ناوچە تەنانەت دانیشتوانی کوردیش بەشێوەیەکی ئاسایی تەماشایان دەکردو، لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە نەبووە هۆی دروست بوونی هیچ گرفتێک. ئەی ئایا پرۆژەکە بۆ هەمووان بوو یان تەنها عەرەبی گرتەوەو کوردی لێ بێبەش کرا، ئەی بۆ خێڵەکانی جاف و هەمەوەند و خێزانە کوردەکانی ئەو ناوچەیە زەوی و زاری خۆیان بەجێهێشت و کەسی تر جێگاکەیانی گرتەوە؟. بەشێک لە مێژوونوسان پێیان وایە کە ئاودێری کردنی ئەو ناوچەیە تەنها بۆ عەرەب بووەو یەکێک لەو مێژوونوسانەی جەخت لەم مەسەلەیە دەکاتەوە نوری تاڵەبانی-یە کە دەڵێت:



سەعید قەزاز

"دوو بەڵگەم بەدەستەوە هەیە: یەکەمیان ئەوەی لەچەند کەسێکی بەتەمەنم بیستووە کە یەکێک لەوانە (ئیبراهیم ئەحمەد)ی ڕەحمەتی کە دەڵێت سەعید قەزاز داوای کردووە، بەشێک لە خێڵە کوردەکان کە گەرمیان و کوێستانیان کردووە، ئەوانیش کۆچەرن، وەک عەشیرەتی (جاف) بەتایبەتی ناوچەی کفری، داوای لێکردبوون کە بەشێک لە خێڵی جافی ئەو ناوچەیە لەوێ نیشتەجێ بکەن، بەڵام شتێکی تر کە لە کتێبەکەدا[14] بڵاوم کردبویەوە، ئەویش ئەوەبوو کە (حامید بەگی جاف) لەو سەردەمەدا قایم قامی چەمچەماڵ دەبێت، پێشنیارێک بەنووسراوی ڕەسمی دەنێرێت بۆ وزارەتی ناوخۆی عیراق، هەڵبەتە ئەو کاتە (سەعید قەزاز) وەزیر نەبووە، پێشنیاری ئەوە دەکات کە ئەو ناوچەیە ئاوەدان دەکرێتەوە؟ بۆ نیشتەجێکردنی خێڵی کۆچەر وەک خێڵی کۆچەری عەرەب هەیە، کوردیش هەیە، داوا دەکات بەشێک لە خێڵی جاف کە بەردەوام لە زستان کۆچیان دەکردو نزیک شارەبان دەبوونەوە، لەو جێگایانە نیشتەجێ بکرێن کە عەرەبی تێدا نیشتەجێ دەکەن، بەڵام هەڵوێستی وەزارەتی ناوخۆی عیراق وڵامدانەوەی بەو جۆرە بوو کە (حامید بەگی جاف) بگوێزرێتەوە بۆ شوێنێکی تر، ئەویش ئیستیقالەی خۆی پێشەکەش بە وزراەتی ناوخۆی عیراق دەکات، دەگەڕێتەوە بۆ هەڵەبجەو واز لە (وەزیفە)[15] دێنێ،". بەپێی ئەم بۆچوونەی نوری تاڵەبانی خەسڵەتی سەرەتایی کۆڵۆنییەکەی حەویجە وا دەردەخات کە تەنها بۆ عەرەب بووەو ژمارەیەکی بەرچاو لە مێژوونووسانی کورد و توێژەران لەبارەی کەرکوکەوە لەسەر ئەو ڕایە

---

[14]-نوری تاڵەبانی، ناوچەی کەرکوک و هەوڵی گۆڕینی باری نەتەوەیی/ چاپی یەکەم لەندەن.

[15] کەرکوک بۆ مێژوو دەدەوێت/ ئامادەکردنی عەدنان کاکەڕەش/سەرپەرشتیاری مامۆستا جەعفەر. لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری، 2117.

کۆکن کە پرۆژەی ئاودێری حەویجە بەردی بناغەی سیاسیەتی گۆڕینی دیموگرافیای کەرکوک بوو. بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا ناتوانرێت لە ڕووی سیاسییەوە ناوی تەعریبی لێ بنرێت و بەڵگەیەکی حکومی "ڕەسمی" لەبەر دەستدا نیە نیەتی یاسین هاشمی کە خاوەن فیکرەکە بوو ڕوونتر بکاتەوە، چونکە لە ڕووی پراکتیکەوە تەنها میکانزمی ئەنجامدان، یان با بڵێین دامەزراندنی یەکەی نیشتەجێبوونەکان پرۆژەکەیان بەئاقاری گۆڕانکاری دیموگرافیدا برد.زۆر کەسایەتی ناوچەکە لەگەڵ قسەکەی پێشووی نوری تاڵەبانی-دا دەربارەی ئەوەی کە گوایە سەعید قەزاز باسی لەوە کردوە پرۆژەی ئاودێری حەویجە تەنها بۆ عەرەب نەبوەو خێڵە کوردەکانیش مافی ئەوەیان هەبوە بچنە ئەوێ و نیشتەجێ بن و بەکاری ماڵداری و دابینکردنی لەوەڕگاوە خەریک بن، بەڵام بەپێی قسەو شایەتی هەمان ئەو کەسانە سروشتی ناوچەکە یارمەتیدەر نەبوەو خێڵە کوردەکان ڕوویان تێنەکردوە. یەکێک لەو کەسانەی لەم بارەیەوە قسە دەکات (کەریم ئاغای هەمەوەند)[16] ە کە دەگێڕێتەوە چۆن دووای پێکهێنانی حکومەتی عیراق مەلیک فەیسەڵ هاتوەتە کەرکوک و بڕیاری ئەوە دراوە ناوچەکە ئاوەدان بکرێتەوەو پرۆژەی ئاودێری حەویجە-ش بەشێک بوە لەو بڕیارە. هەمەوەند لەم بارەیەوە دەڵێت:" کە هاتن ئەو پرۆژەیان کرد، کە مەشروعی حەویجە بوو، ئاوی زێیان هەڵگرت بەکرێکارو زیندانیەکان و سەربازی عیراق ئەم کارەیان کرد، هەندێ خزمی ئێمەی تێدابوو، وەکو (عارف جەوهەر) و (برزۆی زۆراب)، (مەجید ئەمین ئایشان)، زیندان بوون، وتیان: ئێمە سێ ساڵ و نیو حوکمەکەمان لەو مەشروعە بەسەر

[16] چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ کەریم ئاغای هەمەوەند-مانگی سێپتەمبەری ٢٠١٣.

برد. که ئەو مەشروعەی دروست کرد (مەبەستی لە حکومەتی عیراقە) داوای لە خەڵکی کوردستان کردو بانگهێشتی کردن کە کێ دێت جێنشین دەبێت لەسەر ئەو مەشروعە یارمەتی ئەدەین و زەویشی بەسەردا دابەش دەکەین، لەبەرئەوەی وڵاتی ئێمە خۆشتربوو، ئاوهوای چاکتربوو. لە وڵاتی ئێمە کەس نەچوو. مەلیکیش مەجبور بوو ئەو ئەلعوبێدیانەی لەو دیوەی جەبەل حەمرینەوە بوون کە کاتی خۆی لە سعوودیەوە هاتوون، لەو سەحرایەوە گواستیانەوە بۆ سەر ئەو ئاوە"[17].

ئەگەر لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە تەماشای قسەکانی کەریم ئاغای هەمەوەند بکەین، پاڵپشتی مێژوویی تری بۆ دەدۆزینەوەو یارمەتیدەر دەبێت لە ڕوونکردنەوەی مێژووی گۆڕانکاری دیموگرافی لە کەرکوکدا و ڕۆڵی ئاو تیایدا. بەڵام ئەم بۆچوونەدا کە زیاتر لەلایەن کۆمەڵایەتییەکان نزیک دەبێتەوەو رووەو سیاسیەکەی بەهەند وەرناگرێت. کێشەکەش بە پلەی یەکەم سیاسیەو ئەو عەرەبانەی ناوچەکانی موسڵ و دەوروبەرن حەمرین بە بەرنامە هێنرانە حەویجە نەک بەشێوەیەکی هەڕەمەکی. لە زۆر شوێنی تریشدا دەردەکەێت کە بەرنامەی دوورخستنەوەی کورد لەو شوێنانە لەبەرنامەی حکومەتی عیراقدا بووە. فەخری حەمە عەلی گەردی کەرکوکی کە لە دایکبووی کەرکوکە ساڵی ١٩٣٣ لە زاری باپیریەوە دەگێڕێتەوە: "باپیرانم لە کەرکوک کاسب و پیشەوەر و بازرگان بوون، باپیرم بۆ بازرگانی زۆر گەڕاوە، تاکو تەورێز و دیاربەکر چووە، دەچوو فەرش و ڕایەخی دەهێناو لە کەرکوک دەیفرۆشت، جگە لەوە باپیرم مەڕدار بووە، خۆی

---

[17] کەرکوک بۆ مێژوو دەدوێت، ئامادەکردنی عەدنان کاکە ڕەش سەرپەرشتی مامۆستا جەعفەر، لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک)


له ئاژەڵداری نەزانیوە، شاری بووە، بەڵام بە (شوانکارە) لە ناوچەی شوان دەیدان بەخەڵک، دەوڵەمەند بوو، دووای دڵی لە کابرای شوانکارە ڕەنجاو مەڕەکانی لێ سەندەوە، لەو سەردەمەدا کابرایەک بە باپیرم واتە (حەمە عەلی گەردی) دەڵێ: هەندێ عەرەب لە (حەویجە) هەن (ئەسڵ زادەن)، کۆچەرن، زۆر نابێت هاتوون، ئەگەر مەڕەکانت بدەی بەوان قازانج دەکەی، ئەمانە خیانەت ناکەن"[18].

وادیار ئەم قسانە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٣٧-١٩٣٨، یانی ئەو دەمەی دەستیان کردە هێنانی عەرەبی خێڵەکانی (عوبێد و جبووری) بۆ ناوچەی حەویجە، چونکە فەخری حەمەعەلی گەردی لە شوێنێکی تردا کە باسی ئەم چیرۆکەی باپیرەی دەکات ئاماژە بۆ تەمەنی خۆی دەکات کە چوار ساڵان بووە. هەروەها باسی ئەوەش دەکات کە باپیرەی بەبێ یەک و دوو بڕیاریداوە مەڕەکانی بدات بە عەرەبە تازە هاوردەکان و دەڵێت: "باپیرم بێئەوەی بیری لێ بکاتەوە، سەری لەقاندو ڕازی بوو، چونکە ناچاربوو، ئێستاش لە بیرمە ئەوسا من تەمەنم سێ چوار ساڵ دەبوو، باپیرم منی زۆر خۆشدەویست، لە بیرم دێت باپیرم پێی وتم لەگەڵ خۆمدا ئەتبەم بۆ دەرەوە، بەیانی دەڕۆین و عەسر دەگەڕێینەوە، چووین بۆ حەویجە، لە بیرم دێ حەویجە، ١٥-١٨ ماڵ دەبوو زیاتر نەدەبوون، لە ساڵی ١٩٣٧دا بو چوینە لای پیاوێکی عەرەب ناوی (سەید ئەحمەد) بوو، ئەوسا ئەو ماڵانەی کە لە حەویجە بوون زۆریان کورد بوون، تەنانەت عەرەبەکانیش کوردییان دەزانی و بە کوردی قسەیان دەکرد، ئەو (سەید ئەحمەد)ە زۆر دەست کورت بوو، بەبیرم دێت نەعلی لە پێدا نەبوو، هەژار و داماو بوو،

---

[18] سەرچاوەی پێشوو...ل ١٤٧-١٤٨.

کەچی دووای زۆر دەوڵەمەند بوو، بەڵام هەتاکو بڵێی پیاوێکی باشبوو، باوکم مەڕەکانی پێدابوو، ساڵانەو مانگانە بەروبوومی بۆ دەهێناین بۆ کەرکوک. بەم شێوەیە حەویجەم بینیوە"[19].



ولیام ویلکۆکس

خاڵێکی تری گرنگ هەیە کە مێژوونووسان زۆر بەلایدا ناچن و باسی ناکەن، ئەویش بوونی ئەندیازیارێکی بەئەزموونی بەریتانی بوو لە عیراقداو ئەو پلانانەی بۆ دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزمی بەریتانی دادەنا. ئەویش سێر ویلیام ویلکۆکس بوو کە ساڵی ١٨٥٢ لە کۆڵۆنیەکانی بەریتانیا لە هندستان لە دایک بوەو ساڵی ١٩٣٢-یش لە قاهیرە کۆچی دووای کرد. ویلکۆکس ئەندیازیارێکی مەدەنی لێهاتوو بوو، بەتایبەتی لە بواری ئاودێردیدا. لە میسردا، ئەو نەخشەی بۆ بەنداوی

[19] سەرچاوەی پێشوو...ل ١٣٨.

(ئەسوان)کێشاو، لە عیراقیشدا بەنداوی (هیندیە) هەر بەرهەمی بیر کردنەوەی ئەو بوو. لەو ڕوانگەیەی بەریتانیەکان لە سەرەتای داگیرکردنی عیراقەوە بوونێکی چڕیان لە کەرکوکدا هەبوو، بۆیە بۆچونێک هەیە ئەوە بەدوور نازانێت پرۆژەی ئاودێری حەویجە بەرهەمی عەقڵی سیاسی ئەو دەمەی عیراق بیت و وای بۆ دەچن کە پرۆژەکە لە بنەڕەتدا هی بەریتانیەکان بوەو عەقڵی ویلکۆکس-ی لە پشتەوە بێت، خەلیل ئیسماعیل[20] یەکێکە لەو نووسەرو جوگرافیاناسانەی لەو باوەڕەدان کە ویلکۆکس ئەندیازیاری ئەم پرۆژە ئاویانەیە بووە، بە تایبەتی ئەگەر ئەوە ڕەچاو بکەین کە ئەو ئەندیازیارە مەدەنییە ئەزمونێکی دەوڵەمەندی لەسەر ململانێی ناو کۆمەڵگە کۆلۆنیکراوەکان لەسەر زەوی و زار و سەرچاوەکانی ئاو هەبوو. لە هەمان کاتدا بیرکردنەوەیەکی ستراتیژیانەی دەبارەی ئاو هەبوو لە عیراقداو بیری لەوە دەکردەوە چۆن ئاو ڕابکێشرێت بۆ شوێنەوارەکانی شارستانیەتی کلدانیەکان لە باشووری میزۆپۆتامیا. بەپێی ئەو حوزورەی سوپای بەریتانی لە کەرکوکدا هەیبوو، دوور نیە ڕاکێشانی ئاو لە زێی بچووکەوە بۆ دەشتی حەویجە بیرۆکەی ویلکۆکس بێت، هەروەها پەنابردن بۆ کاری سوخرەو بەکارهێنانی زیندانیانی ناو بەندیخانەکانی ئەو کاتەی کەرکوک و موسڵ و سلێمانی و شارەکانی تر، ئەمەش هەر ئامرازێکی بەریتانیە. بەڵام ئەمە لە سنووری مێژووی مەزەندە کراودا دەمێنێتەوەو ئارگۆمێنتەکان باسی ناکەن.

زۆربەی ئەو پرۆژە ئاودێری و کشتوکاڵیانەی لە کوردستاندا دادەنران و جێبەجێ دەکران لە ڕووی جوگرافییەوە ئەگەر لە چوارچێوەی

---

[20] خەلیل ئیسماعیل-چاوپێکەوتنی تایبەت.

سیاسەتی تەعریبیشدا نەکرابێتن، ئەوا لە خزمەتی هەمان سیاسەتدا بوون، چونکە ئامانجی پرۆژەکان لەوەدا کۆدەبوونەوە کە لەسەر زەوی و زاری دانیشتوانی کورد یان نزیک لێیان کۆلۆنی عەرەبی دابمەزرێت. ئاسانترین ڕێگاش بۆ پراکتیزەکردنی ئەم سیاسەتە بەکارهێنانی ئاو بوو.دکتۆر سلێمان عەبدولا ئیسماعیل لە کتێبی (السیاسه المائیه لدول حوضی دجله والفرات وانعکاساتها علی القضیه الکردیه)[21]دا باسی ئەوە دەکات چۆن کۆلۆنی تری هاوشێوە لەوەی حەویجە هەبووە وەک دەشتی باشوور ی هەولێر و دەشتی قەرەتەپە لە باشووری شاری کفری. لەم شوێنانەدا وەک دەشتی حەویجە خێڵە عەرەبەکان لە وەرزی بەهاردا نیشتەجێ دەبوون، بەڵام حکومەت لە ڕێگای پرۆژەی ئاودێرییەوە بارودۆخی شیاوی بۆ دابین کردن و وای لێکردن لەو شوێنانەدا نیشتەجێ بن. هەر ئەم سیاسەتەش بەڕای نووسەر وا دەکات کە کۆلۆنییەکان لە سنووری خۆیاندا نەوەستن و گەشە بکەن، لێرەشدا نموونەی ئەوە دەهێنێتەوە کە چۆن ڕێژەی کورد لەو شوێنانەدا کەم دەکات، بەتایبەتی لە کۆلۆنییەکی وەک حەویجە کە دووای ساڵی ١٩٦٣ ڕێژەی کورد تیایدا کەم دەبێتەوە بۆ ٤٪. ئەمە یەکێکی ترە لە دەرهاوێشتەکانی دروست کردنی یەکەم کۆلۆنی عەرەبی لە ناو خاکی کوردستاندا.

---

[21] السیاسه المائیه لدول حوضی دجله والفرات وانعکاساتها علی القضیه الکردیه ل464-الدکتۆر سلیمان عبدالله اسماعیل/ مرکز کردستان للدراسات الإستراتیجیه/ السلیمانیه ٢٠٠٤.

# پۆست حەویجە*




**نەخشەی پارێزگای کەرکوک ساڵی 1947**

لەگەڵ ئەوەی حەویجە بوە ئەمری واقیع و لە ڕێگای پرۆژەیەکی ئاودێری سەرەتاییەوە لکێنرا بە کەرکوک-ەوەو دانیشتوانەکەی بەشێوەیەکی زۆر خێرا زیادی کرد[22]، بەڵام وەک ئەوەی ئەو پرۆژەی حەویجە ئامانجی خۆی نەپێکابێت، لە قۆناغێکی تردا حکومەتی عیراقی دەستی کرد بە پرۆژەیەکی تر کە دەکرێت ناوی لێ بنێین پرۆژەی پۆست حەویجە، ئەویش پرۆژەی ئاودێری کەرکوکە کە لە

---

[22] ئەم بەشەی کتێبەکە بەشێوەیەکی سەرەکی پشت دەبەستێت بە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ کەسایەتی و سیاسەتمەدارو وەزیری پێشووتری عیراق موکەڕەم تاڵەبانی.

بەنداوی (دووبز)ەوە دەست پێدەکات و لە سیاسەتی پلاندانانی حکومەتی عیراقدا بەیەکێک لە پرۆژە هەر گەورەکان دادەنرێت و دووای پێکهێنانی وزارەتی ئاودێری ساڵی ١٩٦٩، زەبەلاحترین بودجە بۆ ئەو پرۆژەیە دانرا. بەپێی پێناسەی ڕەسمی حکومی کە لە کتێبی (موسوعە العراق الحدیث)[23]دا دەربارەی ئەم بەنداوە هاتووەو لێرەدا هەوڵ دەدەم وەک لەوێدا هاتووە بیگوازمەوە، پرۆژەی ئاودێری کەرکوک بەسەر سێ قۆناغدا دابەشکرابوو: یەکەمیان دامەزراندنی جۆگەیەکی سەرەکی و کێلگەی تاقیکاریی حەویجە بوو، هەروەها گەیاندنی کەناڵێک بۆ پرۆژەی حەویجەو کاری ئاوپەرژاندن و جۆگەی سەرەکی و لاوەکی و دامەزراوەی نیشتەجێبوون لە ناوچەی مەلا عەبدوڵا. قۆناغی دووەم بریتی دەبێت لە دامەزراندنی جۆگەلەی بەشی چوارەم لە پرۆژەکە لە ناوچەی "خاسەچای" بۆ ناوچەی "تاووق چای"، هەروەها لە ناوچەی "دووز چای" بۆ ناوچەی "کفری چای"و جۆگەی دەوروبەری تر. قۆناغی سێیەمیش کاری میکانیکی و مەدەنی لە خۆدەگرێت لە پێناو دامەزراندنی دوو وێستگەی ئاوبەردان لە قەراغ رووباری سیروان و کاری تەواوکاری.

بەپێی هەمان سەرچاوە پرۆژەکە لە توانایدا هەبوو یەک ملیۆن دۆنم زەوی بەپیت لە پارێزگای کەرکوک ئاو بدات و ٢٠٠ هەزار دۆنمیش لە پارێزگای دیالا. دروست کردنی بەنداوی "دوبز"یش لە کونە کۆتر هەشت کیلۆ مەتر لە خوار شارۆچکەی پردێ لەلایەن وزارەتی ئاودێرییەوەو دامەزراندنی کەناڵێکی ئاودێری تا دەگاتە

---

[23] موسوعە العراق الحدیث ل765، تالیف خالد عبدالمنعم العانی، المجلد الثانی، دار العربیە للموسوعات – بغداد 1997

ڕووباری نارین[24] کە ڕاستەوخۆ لەلایەن لیژنەی باڵای کشتوکاڵی سەر بە (مەجلیسی قیادەی سەورە) هەر لە پێناو فراوان کردنی پرۆژە کۆنەکەی حەویجەدا بوو. ئەم ملیۆن دۆنمەی کە بەئاوی زێی بچووک و لە ڕێگای بەنداوی "دوبز"ەوە ئاو دەدرا، دەکەوێتە ڕۆژئاوای کەرکووکەوە، واتە ناوچەکانی حەویجەو دەوروبەری کە کرابوون بە کۆڵۆنی و لە دانیشتوانی کورد بێبەش کران.

پرۆژەی ئاودێری کەرکوک کە دواتر سەدام حسێن ناوەکەی لەسەر خۆی تاپۆ دەکات و دەیکاتە پرۆژەی ئاودێری سەدام. ساڵی ١٩٥٧ حکومەتی عیراقی کۆمپانیای (دیکن)ی بەریتانی تەکلیف دەکات بۆ توێژینەوەو دیزاین کردنی بەنداوێک لە کونەکۆتر لە دووبز کە عەرەبەکان پێی دەڵێن (دبس). ئامانجی ئەو بەنداوە گۆڕینی ڕێڕەوی ئاوی زێی بچوک دەبێت بۆ لیوای کەرکوک و دروستکردنی کەناڵێکی فراوان لە پێناو ئاودێری کردنی (٧٦٤٠٠٠) دۆنم زەوی، تەنها لە ناوچەی حەویجە (١٧٢٠٠٠) دۆنم و لە ناوچەی عەزێمیش (٢١٢) هەزار دۆنم.

بەنداوی "دوبز" ساڵی ١٩٥٧ لەلایەن کۆمپانیای (دیکن)ی بەریتانییەوە دیزان و توێژینەوەی بۆ کراو ئاراستەی بە شێوەیەک بوو کە ئاوەکە ڕەوانەی کەرکەک بکرێت و زیادەکەی برژێتە ناو ڕووباری نارین-ەوە، لەوێشەوە بۆ دەشتی عەزێم و ئاودانی (٢١٢) هەزار دۆنم زەوی. دکتۆر موکەڕەم تاڵەبانی ساڵی ١٩٧٢ دەبێتە وەزیری ئاودێری عیراق و ئەو پرۆژەیەش بە ناتەواوی بەشێک دەبێت لە گرێبەستەکانی وزارەتەکەی و ئەو کاتەش پرۆژەکە بەدەست کۆمپانیای عوسمان

[24] ڕووباری نارین نزیک قەرەتەپەیە لە باشووری کفری و دڕژێتە ناو ڕووباری دیالا.

ئەحمەد عوسمان-ەوە بووە کە کۆمپانیایەکی میسری بووەو خاوەنەکەی زاوای ئەنوەر سادات-ی سەرۆکی ئەو وڵاتە دەبێت.

کاتێک موکەڕەم تاڵەبانی، پۆستی وەزارەتی ئاودێری وەردەگرێت و دەست بەکار دەبێت، کۆمپانیا میسرییەکە لە پرۆژەکەدا چەقیو دەبێت. وەک وەزیری پێشوتری عیراق دەیگێڕێتەوە سێ کیلۆ مەتری سەرەکی دەبێت کە بەنداوەکە بە کەناڵەکەوە دەبەستێت لە بەر سەختی ناوچەکە نابڕدرێت و خاوەن کۆمپانیاکە بڕیار دەدات بە بیلدۆزەرو حەففارەو ماشێنی گەورە بۆ هەڵکەندنی ئەو ناوچە شاخاوییە بەکار بێنێت. واتە ئەو ڕۆژەی وەزیر دەست بەکار دەبێت کارەکە ڕاوەستاو دەبێت، یەکەم بڕیاری وەزیریش ئەوە دەبێت پرۆژەکە لە عوسمان احمد عوسمان وەربگرێتەوەو وەزارەتیش دەست بەسەر ئالیاتی کۆمپانیاکەدا بگرێت، چونکە جگە لە بەجێ نەگەیاندنی کارەکە وزارەتیش توشی زیان بوە. تاڵەبانی دەڵێت: "پاشان سادات لەگەڵ حوسنی موبارەک هاتنە عیراق و عوسمان ئەحمەد عوسمان-یشیان لەگەڵدا بو، کە سادات و موبارەک لای ئەحمەد حەسەن بەکر بوون، عوسمان لەگەڵ سەفیری میسر لە بەغدا هاتنە وزارەت بۆ لام لە پێناو ئەوەی ئالیاتەکانیان بۆ بگەڕێنمەوەو یارمەتیان بدەم". ئەویش پێیان دەڵێت: "ئەمە لە سەلاحیاتی مندا نیەو رای خۆشم وایە کە ئێوە ناتوانن ئەم کارە بکەن و ئەم کارە دەبێت بە شێوەی هونەری لە ئاستی بەرزدا وەک تەقاندنەوەی ئەو مەساحە شاخاویە کە بۆ ئێوە هەڵناکەنرێت بکرێت. ئەگەر باسی ئەوە دەکەن کە توشی زیان بوون، ئەوا وزارەتیش توشی زیان بوە، بەڵام دەتوانن لە ڕێگای تایبەتەوە داوا لە سەرۆک بکەن یارمەتیان بدات". دووای ئەوە ئەحمەد حەسەن بەکر لە وەزیر دەپرسێت

دەربارەی پرۆژەکە. ئەویش پێی ڕادەگەیەنێت کە ئەم کارە بەو کۆمپانیاییە ناکرێت و دەبێت کۆمپانیایەک بیکات خاوەن ئەزمون بێت لە تەقاندنەوەی جێگای شاخاویدا، ئیتر هەر لەو زیارەتەدا کۆمپانیا میسریەکە ٢ ملیۆن دۆلار وەردەگرێت و پرۆژەکەشی لێ وەردیگێرێتەوە.

پرۆرژەکە بەو شێوەیە دەمێنێتەوەو جارێک تاڵەبانی پرسیار لە عزەت دووری دەکات کە سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای وەزیران دەبێت و پێی دەڵێت: "ئێوە دەتانەوێت چی لەم پرۆژەیە بکەن"، ئایا دەتانەوێت ئاودێری کشتوکاڵی حکومی پێ بکەن یان کشتوکاڵی هەرەوەزی، یان پرۆژەی تاکەکەسی، چی شتێکیان دەوێت هەتا بەدووای کۆمپانیایەکدا بگەڕێین و پێیان بڵێین پرۆژەکەمان بەم شێوەیە دەمانەوێت؟". لەگەڵ ئەم پرسیارانەدا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئەو وەک وەزیر پرۆژەکە بەیەکجار جێبەجێ ناکات، بەڵکو دابەشی دەکات و لە هەنگاوی یەکەمدا ئاو بۆ جوتیارو دانیشتوانی نزیک پرۆژەکە ڕادەکێشێت، چونکە دانیشتوانی ناوچەکە لەگەڵ هەر وشکە ساڵییەکدا لادێکان بەجێ دێڵن و ڕوو دەکەنە شارەکان، بۆیە دەیەوێت لە هەنگاوی یەکەمدا ئاو بۆ ئەو لادێیان راکێشێت تا دەگاتە کۆتایی ڕووباری نارین لە خوارووی کفری. لەیەکێک لە بەڵگەنامەکانی دەوڵەتی عیراقیدا کە ئیمزای سەرۆک کۆمار (ئەحمەد حەسەن بەکری)ی پێوەیە نەخشەی پرۆژەکە وەک تاڵەبانی باسی دەکات ڕوونتر دەبێتەوەو وا دیارە هەر لەسەر پێشنیاری وەزیری ئاودێری بڕیارەکە دەرکراوە. بڕیارەکە کە لە بەرواری ١٩٧٥/٤/١٢ وەک مەرسومێکی کۆماریی، ژمارە (٢٤٢) لە خۆدەگرێت، بەناونیشانی (سنووری کاری بەرژەوەندی پرۆژەی ئاودێری کەرکوک) دەرچووە.

دەقی بڕیارەکە دەڵێت: "بەپشت بەستن بە بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە (٣٥٤) لە بەرواری ١٩٧٥/٣/٢٧، بەندی یەک لە ماددەی ٢ لە یاسای بەرژەوەندییە کشتوکاڵیەکان ژمارە (٥٠)ی ساڵی ١٩٧٢ و لەسەر ڕۆشنایی ئەوەی لەلای وەزیرەوە پێشکەش کراوەو لیژنەی باڵای کشتوکاڵ ڕەزامەندی لەسەر دەربڕیوە، ئەمانەی خوارەوە داڕێژران:

سنووری کاری بەرژەوەندی پرۆژەی ئاودێری کەرکوک:

أ- لەپارێزگای کەرکوک: زەوییە نزیکەکانی ڕووباری زێی بچووک لە باکووری خۆرهەڵات و پرۆژەی ئاودێری حەویجە و بەشی ڕۆژئاوا لە دۆڵی "زغیتون"و چیای حەمرین لە باشووری ڕۆژئاواو دۆڵی نارین لە باشووری ڕۆژهەڵات و سەرچیاکانی ڕۆژئاوای زنجیرە چیاکانی کفری و داقوق و کەرکوک لە باکووری ڕۆژهەڵات.

ب- ئەو زەویانەی لە بەغداو دیالا دەکەونە هەردووبەری ڕووباری عوزێم و لە چیای حەمرینەوە بۆ ڕووباری دیجلە شۆڕبوونەتەوەو ئەو سنوورانەش دەگرنەوە ناویان لەسەرەوەدا هاتوون لەگەڵ ژمارەی کەرتەکاندا. پێویستە سەرۆکی لیژنەی باڵای کشتوکاڵ و وەزیری ئاودێری ئەم مەرسومە جێبەجێ بکەن.

ئەم مەرسومە کۆمارییە وەک دەردەکەوێت لەسەر ڕۆشنایی پێشنیاری وەزیری ئاودێری بوەو ئەوە باش تێبینی دەکرێت تەنها ڕۆژئاوای پارێزگای کەرکوکی نەگرتوەتەوەو بەرەو باشوورو باشووری ڕۆژهەڵاتیش شۆڕبووەتەوەو ناوچەمانی کفری و دەوروبەریشی گرتووەتەوە. بەڵام دووای ساڵێک ئەو مەرسومە بە مەرسومێکی تر بە ئیمزای سەرۆکی عیراق ئەحمەد حەسەن بەکر پشتگوێ دەخرێت و بەشێوەیەکی "زمنی" بڕیارەکان لەدەست وەزیر دەردەکرێن و

دەدرێنە دەست لێژنەی باڵای کشتوکاڵ کە لەلایەن "مەجلیسی قیادەی سەورە"ەوە دامەزرا. مەرسومەکە ژمارەی (٣٢١)ە لە بەرواری ١٩٧٦/٦/٣١ لە ژێر ناونیشانی (مەرسومی دامەزراندنی ئەنجومەنی بەرژەوەندی پرۆژەی ئاودێری کەرکوک)ەو ناوەڕۆکەکەی بەم شێوەیەیە. بەپشت بەستن بەمادەی ٦ لە یاسای بەرژەوەندییە کشتوکاڵییەکان ژمارە (٥٠) ساڵی ١٩٧٢و لەسەر ڕۆشنایی ڕونکردنەوەکانی سەرۆکی لیژنەی باڵای کشتوکال، بڕیارماندا÷ سەرۆکی ناوچە کشتوکاڵییەکان لە پارێزگای تەئمیم، ئەندام دەبێت لە ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی بەرژەوەندی پرۆژەی ئاودێری کەرکوک. پێویستە لەسەر سەرۆکی لیژنەی باڵای کشتوکاڵ ئەم مەرسومە جێبەجێ بکات.

ئەم مەرسومە کۆمارییە نەک تەنها مەرسومەکەی پێشووتر پووچەڵ دەکاتەوە، بەڵکو لە ناوەڕۆکدا پرۆژەی ئاودێرییەکە لە دەستی وەزیر دەردەکات و تەسلیمی سەرکردایەتی حزبی بەعسی دەکات، چونکە لیژنەی باڵای کشتوکاڵ بەشێک بوو لە (مەجلیسی قیادەی سەورە). ڕوانگەی وەزیر بۆ پرۆژەکە جیاواز دەبێت لەوەی لە لایەن سەرکردایەتی بەعس-ەوە دەسەپێنرێت. ئەو ڕای وا دەبێت هەر کۆمپانیایەک ئەو کارە بکات ئەوەش فێری کرێکار و هونەرییە عیراقیەکان بکات کە بەردەوامی بە کاری پرۆژەکە بدەن و توانای "سیانەیان" هەبێت. هەروەها جوتیارانی ناوچەکەش لە پرۆژەکەدا کار بکەن و لە کاتی تەواوبونیدا هەر لەوێ دابمەزرێن. لەو ڕوانگەیەوە وەزیر دەیەوێت پرۆژەکە بداتە کۆمپانیایەکی یەکێتی سۆڤێتی ئەو کاتە بۆ جێبەجێکردن.

لەبەرامبەردا عزەت دوری و صدام حسێن ئەوە پلانە قبوڵ ناکەن و دەیانەوێت لە کۆمپانیایەک زیاتر کار لە پرۆژەکەدا بکات و زوو جێبەجێ بکرێت. لێرەدا موکەڕەم تاڵەبانی باسی هەندێ زانیاری وردی پرۆژەی بەنداوەکە دەکات کە چۆن خراوەتە ژێر کۆنترۆڵ و بڕیارەکانی (مەجلیسی قیادەی سەورە)و تەنانەت بۆ وەرگرتنی کرێکارێکیش لە پرۆژەکەدا دەبوو ڕەزامەندی ئەو "مەجلیس"ە وەربگیرێت، بەتایبەتیش بۆ کرێکاری کورد. بەپێچەوانەی سیاسەتی وەزیرەوە بڕیاری (مەجلیسی قیادەی سەورە) ئەوە دەبێت لەو ناوچانە دانیشتوانی کوردو تورکمان نەمێنن و بڕۆن. وەک موکەڕەم تاڵەبانی دەگێڕێتەوە، بەکورتیەکەی عزەت دووری و سەدام دەیانویست (٢٠) کومپانی بێنن و بەزووترین کات جێبەجێی بکەن و داوا لە وەزیر دەکەن بەڕێوەبەری پرۆژەکە دیاری بکرێت ئەویش (٥) کەسیان بۆ کاندید دەکات یەکێک لەوانە بەعسی دەبێت و بەلای خۆیەوە لە هەمویان خراپتر دەبێت، هەروەها عبداللە اسماعیل کە ئەندیازیارێکی بەتوانای خەڵکی شاری کۆیە دەبێت و کەمال نوری فەتاح کە خەڵکی سلێمانی دەبێت و کەسێکی تاڵەبانی کە خزمی خۆی دەبێت. لەناو ئەو کەسانەدا تەنها بەعسیەکە هەڵدەبژێرن کە هیچی بەدەست نابێت و دەبێت بۆ هەر شتێک بگەڕێتەوە سەر ڕەزامەندی حزب و (مەجلیسی قیادەی سەورە).

لە کۆتایدا "مەجلیسی قیادەی سەورە" بڕیار دەدات پرۆژەکە لە دەست وزارەتی ئاودێری وەربگرێتەوەو جەمسەرە گرنگەکانی بخاتە ژێر سەرپەرشتی لیژنەی باڵای کشتوکاڵ کە سەر بە هەمان "قیادەی سەورە" دەبێت و پرۆژەکەش دەدرێت بە کۆمپانیایەکی فەرەنسی. بەڵام لەبەر پێداویستی زۆری پرۆژەکە بە ئەندیازیارو کرێکاری زۆر کە تەنها

بەوزارەت دەکرا، هەندێ لە کارەکانی سەر بە وەزارەت دەبن. تاڵەبانی لەم بارەیەوە دەگێڕێتەوە: "من پێم وتن یان ئەوەتا خۆیان بەتەواوەتی پرۆژەکە وەر بگرن یان ئەوەتا بیدەنە وەزارەت، ئیتر ئەوەبو منیان لە وزارەت دەرکردو ناردمیانە وزارەتی پلاندانان. عزەت دووری راپۆرتێکی نوسیبوو لەسەر ئەوەی کە گوایە من دەزانم ئەوان دەیانەوێت عەرەب بێننە ناوچەکەو سیاسەتی تەعریب لە ئارادایە، بۆیە نامەوێت پرۆژەکە جێبەجێ بکەم، بەو شێوەیە پرۆژەکەیان لە ژێر دەستی من دەرکرد".

ئەوەی جێگای ئاماژەو لەسەر ڕاوەستانە لەم کەین و بەینەدا، یاسایەکی نوێیەو بەعس لەو دەمەدا دەری دەکات دەربارەی زەوی و زاری جوتیارانی ناوچەکە کە پێش ئەو پرۆژەی ئاودێرییە تەملیک کرابوون، بەڵام دووای یاسایەکی نوێ دەردەکەن و هەموو (تەملیک)ێک دەکەن بە گرێبەست (عقد)و موڵکایەتی زەویەکان دەگەڕێننەوە بۆ حکومەت، بۆ ئەوەی هەر کەسێک بە قسەی نەکردن، یەکسەر گرێبەستەکە هەڵوەشێننەوەو بیدەن بەکەسێکی تر. وەزیری پێشتووتری عیراقی دەڵێت: "هەروەهاش بوو دەستیان کرد بەهاوردنی خێڵی عەرەب و لە دەوروبەری لادێکان نیشتەجێیان کردن، یان دەیانهێنانە ناو لادێکان و دەستیان کرد بە دابین کردنی هەموو شتێک بۆ هاوردە عەرەبەکان". لەپاڵ ئەوەدا حکومەتی عیراقی یاسایەکی تر بۆ ئەوانە دەردەکات کە موڵکیان لە زیاترین ڕادەی ئیسلاحی زراعی کەمترەو ناوی لێدەنێت یاسای (اقصاو حقوق التصرف). بەپێی ئەو یاسایەش نیوەی زەویەکان بەناوی حکومەتەوە تاپۆ دەکرێت و نیوەکەی تریشی بەناوی موڵکدارەکەوە. لە هەمان کاتدا حکومەت بەردەوام بوو لە هێنانی عەرەب بۆ سەر ئەو زەویانەی لە کوردی وەردەگرتەوە، بەڵام ئەمجارە حکومەتی عیراق،

عەرەبی لە باشوورو شوێنە نزیکەکانی وەک موسڵ و تکریتەوە دەهێنا. ئەمەش قۆناغێکی تری پێشکەوتوو بوو لە سیاسیەتی بەکارهێنانی ئاو بۆ فراوانکردنی کۆلۆنیەکان.

هەر لەبەر ئەو هۆکارەشە لێرەدا ناوی پرۆژەی ئاودێری کەرکووک دەنێین (پۆست-حەویجە)، چونکە پرۆژەی ئاودێری حەویجە رۆژئاوای کەرکووکی گرتەوەو پەیوەست بوو بە عەرەبەکانی دەشتی موسڵ و دەوروبەری چیای حەمرین، بەڵام پرۆژەی ئاودێری کەرکووک هەموو پارێزگاکەی گرتەوەو لە هەموو ناوچەکانی عیراقەوە عەرەبی بۆ دەهێنرا. ئەوەتا تاڵەبانی لە درێژەی قسەکانیدا لەم بارەیەوە زانیاری زیاتری پێیەو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات چۆن عەشیرەتێک بەتەواوەتی لە باشوورەوە گوازراوەتەوە بۆ کەرکووک. "من چاوم بە بڕیارێک کەوت کە لە "مەجلیسی قیادەی سەورە"وە دەرچوبوو، داوای گواستنەوەی فەرعێک لە عەشیرەتی (ئال بدێر) دەکات لە پارێزگای دیوانیە لە باشووری عیراق بۆ کەرکوک لەگەڵ تۆماری باری کەسێتی (سجل نفوس). بەو پێیە عەشیرەتێکی تەواویان بۆ کەرکوک گواستەوە، من بەچاوی خۆم ئەم بڕیارەم بینی و چەندان بریاری تری وا هەبوون". تاڵەبانی چیرۆکێکی خۆی لەگەڵ عزەت دووری لەم بارەیەوە دەگێڕێتەوەو دەڵێت، "ڕۆژێک عزەت دووری تەلەفۆنی بۆ کردم و پێی وتم ئەندیازیارێک هەیە لە ناوچەی (شنافیە) دەمەوێت نەقڵی بکەیت بۆ کەرکوک، لێم پرسی بۆ؟ وتی عەشیرەتەکەی هەموو لە کەرکووکن، پێم وت جا خۆ هەموو تاڵەبانییەکان لە کەرکووکن کەواتە دەبێت هەموو ئەندیازیارە تاڵەبانییەکان لە کەرکوک بن، من پێویستم بەکارمەندە بە پێی پێداویستی نەک بەپێی خزمایەتی و عەشیرەت. بەهەر حاڵ من ئەوەم نەکرد، بەڵام ئەوان دەستیان کردبو

بە گواستنەوەی کارمەندە کوردەکان لە کەرکووک". ئیتر تاڵەبانی لەوە ئاگادار نابێت دووای ئەوەی لە وزارەت دوور دەخرێتەوە وردەکاری ئەو هەموو گواستنەوە چۆن دەبێت.

پێش ئەو مێژووە بە دوو دەیە لە نێوان ساڵانی (١٩٤٠-١٩٥٠) حکومەتی عیراقی لیژنەیەک بەناوی (لجنه تصفیه الاراضی) پێک دێنێت و بەپێی بەرنامەی لیژنەکە زەوی و زارێکی زۆر لە کورد وەردەگرێت و لە کاتێکی درەنگتردا بەسەر هاوردە عەرەبەکاندا دابەش دەکرێت. هەر لەو دەمەداو بۆ یارمەتیدانی ئەو خێڵە عەرەبانەی ئارەزوویان لێبوو لە کەرکووک نیشتەجێ بن، یان بڕیار درابوو بهێنرێنە پارێزگاکە، بەڕێوەبەرایەتیەک بەناوی (مدیریه العشائر العامه) دامەزراو لە چوارچێوەی هۆبەیەکدا ناوی هۆبەی نیشتەجێکردنی گوندنشین (شعبه الإسکان الریفی) سەر بە وزارەتی ناوخۆ بوو پێکهێنرا. لە ساڵی (١٩٤٩)ش لیژنەی ڕاوێژکاری کشتوکاڵ (المجلس الإستشاری الزراعی) بریارێکی دەرکرد دەربارەی زەرورەتی ئامادەکردنی ئامرازی پێویست بۆ دابینکردنی جێگەو ڕێگە لە پێناو نیشتەجێکردنی خێڵە کۆچەرییەکاندا.

ئەو هەنگاوانەی ساڵانی چل و پەنجاکان، دووای دوو دەیە، واتە لە حەفتاکاندا، سیاسەتی حکومەتی عیراق ڕوونتر دەکەنەوەو خەسڵەتەکانیان لە پرۆژە ئاودێری و کشتوکاڵیەکاندا بەباشی دەردەکەون. وەک موکەڕەم تاڵەبانی باسی دەکات لە حەفتاکانداو لە ڕێگای پرۆژەی ئاودێری کەرکووکەوە بەعس دەست دەکات بە هەڵوەشانەوەی گرێبەستی زەویە کشتوکاڵیەکان بەسەر جوتیارە کوردەکاندا و نوێکردنەوەیان بە ناو عەرەبە هاوردەکانەوە، بەڵام ئەو کەسانەیان دەهێشتەوە کە لە ئیستیمارەی (تەسحیحی قەومیە)دا

خۆیان بەعەرەب دەنووسن. لێرەدا خاڵێکی گرنگ هەیەو پەیوەستە بە ئیستیمارەی (تصحیح القومیە) کە تا ئێستا بەتێروتەسەلی باسی لێوە نەکراوە، ئەویش لابردنی نازناوە لەسەر ناسنامەی کەسێتی لەو ناوچانەی دەکەونە ئەوبەری چەمی ئاوەسپی لە ناوچەی "داوودە" کە ناوەندە ئیداریەکەی سەر بە ناحیەی نەوجول بوو، ساڵی ١٩٧٥ خرایە سەر پارێزگای سەلاحەدین (تکریت). دانیشتوانی کوردستان لەو بەری "ئاوەسپی"یەوە، واتە لە بەری کەرکووکەوە مافی ئەوەیان نەبوو نازناو (اللقب) لەسەر ناسنامەی باری کەسێتی بەکار بهێنن و تەنها ناوی سیانی دەنووسرا، بەڵام لەمبەر ڕووبارەکەوە واتە ئەو لادێیانەی لە دووای ساڵی (١٩٦٨)ەوە خرانە سەر بە پارێزگای سلێمانی دەیانتوانی نازناو لەسەر ناسنامەی باری کەسێتی بووسن. بەرواری دەرچوونی بڕیارێکی لەم شێوەیە دیار نیە، بەڵام بەپێی بەراوردی هەندێ ناسنامەی باری کەسێتی خەڵکی گەرمیان و بەتایبەتیش ناوچەی "داوودە" ئەوە دەسەلمێنن کە ئەم سیاسەتە لە شەستەکانەوە ڕەسم کراوەو پیادە کراوە. زۆرێک لەو خێزانانەی لەسنووری ناحیەی نەوجول-دا بوون لە ناسنامەی باری کەسێتیدا نازناو نەنوسراوە، بەڵام ئەندامانی هەمان ئەو خێزانانە لە سنووری ناحیەی تیلەکۆ کە دەکەوێتە باکوری خۆرئاوای ڕووباری سیروان-ەوە ئەو مافەیان پێدراوە. بەپێی هەموو ئەو بۆچوونانەی لەسەرپەیوەندی پرۆژەی ئاودێری کەرکووک بە بە قۆناغی دووەمی کۆلۆنالیزمی ئاوەوە لە پارێزگای کەرکووک نووسراون، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ئیستیمارەی (تصحیح القومیە) بەشێک بووە لە قوڵای ستراتیژی پرۆژەکەو هەروەها لە سیاسەتێکی درێژخایەنی حکومەتەکانی عیراق کەرکووک سەرچاوەی نەوت و ئاو و هەروەها لێدانی پرۆژەی سیاسی

و نەتەوایەتی کوردیش بووە. ئەم سیاسەتەش لە گفتوگۆیەکدا ڕوون دەبێتەوە کە لە نێوان موکەڕەم تاڵەبانی و سەددام حسێن-دا ڕوویداوە.

تاڵەبانی باس لەوە دەکات کە چۆن سەدام بیری لەوە دەکردەوە ئەو زنجیرە چیایەی لە پشت داقوق و دووز خورماتوەیەیە، بکاتە سنورێک لە نێوان کوردستان و کەرکوکداو لەم بارەیەوە دەڵێت: "جارێک سەدام حسێن نەخشەیەکی هێناو داوای لێکردم ئەو شوێنانەی بۆ دیاری بکەم کە دانیشتوان تیایدا کوردن و هەروەها ئەو ناوچانەش کە دانیشتوانی عەرەبن، پێش هەموو شتێک باسی ئەوەم بۆ کرد لە کاتی خۆیدا لە حەویجە عەرەب نەبوەو لەسەردەمی حکومەتی یاسین هاشمی-دا نیشتەجێکراون، ئەو پێی وتم کە واقیعی ئێستای دەوێت نەک رابوردوو". دووای ئەوەی شوێنەکانی بۆ دیاری دەکات سەدام دەڵێت، "چی دەڵێیت چەمی خاصە بکەینە سنوور لە نێوان کوردو عەرەبدا". ئەویش پێی دەڵێت، "جەنابی جێگری سەرۆک ئەوەی دەیڵێیت واتە کوردستان جیا دەبێتەوە". تاڵەبانی دەگێڕێتەوە کە چۆن سەدام بەئاشکراو بێ پەردە پۆشی ڕای خۆی دەڵێت و بەم شێوەیە قسە دەکات، "ئێمە دوور بینین،٥٠٠ کیلۆ مەتر بە ناو خاکی تورکیادا کوردستان قوڵایی هەیە، ٣٠٠ کیلۆ مەتر بەناو ئێراندا بەهەمان شێوە، دانیشتوانەکەی نزیکەی ٢٥ ملیۆن کەسەو هەتا هەتایە بەم شێوەیە کۆنترۆڵ ناکرێت، ئێستا بێت ١٠٠ ساڵی تر بێت کورد دەبنە خاوەن دەوڵەتی خۆیان و ئێمە دەمانەوێت داهاتووی خۆمان دابین بکەین".

تاڵەبانی دەکەوێتە قسەکردن لەسەر ئەم بابەتەو باسی ئەوەی لەگەڵدا دەکات کە میللەتێک ٢٥ ملیۆن کەس بێت و لەداهاتوودا

ببێتە خاوەن دەوڵەتی خۆی، چۆن بەم سنورەی وا باسی دەکات ڕازی دەبێت، ئەگەر باسی مسۆگەرکردنی داهاتوو دەکەن، ئەوا دەبێت ئەو دەوڵەتە کوردییەی وا دادەمەزرێت دۆستی عەرەب بێت نەک دووژمن وەک ئیسرائیل. ئەگەر دووژمن بێت بەدابڕینی ئەو شوێنانە رازی نابێت و هەوڵی گەڕانەوەی دەدات. لەم میانەیەدا تاڵەبانی ئاماژە بۆ ڕاپۆرتێکی (ئادمۆنز) دەکات بۆ وزارەتی موستەعمەرات ساڵی ١٩٢٥، تیایدا باسی ئەوە دەکات کە عەرەب باش دەزانن کورد ئێستا بێت و کاتێکی تر بێت لە گەڵ میللەتی خۆیاندا یەکدەگرن و لەگەڵ عیراقدا یەک ناگرن. بۆیە عەرەب هەوڵ دەدەن ئەو زەویانەی خێرو بێریان هەیە وەک دەشتی کەرکوک و دەشت هەولێر لە کوردستان دابڕن و بیدەن بەدەم عیراقەوە. هەر لەو دانیشتنەدا تاڵەبانی بەسەدام دەڵێت، "زیاتر لە نیوسەدەیە ئەو راپۆرتە نوسراوە، تا ئێستاش ئێوە هەروەها بیر دەکەنەوە".

سەددام لە وەڵامدا دەڵێت، "ئێمە دەمانەوێت دوو شت هەیە مسۆگەری بکەین، یەکەمیان ڕێگای نێودەوڵەتی کە لە کەرکوک و هەولێرو موسڵەوە عیراق بە دەرەوە دەبەستێت و خۆراک و پێداویستیەکانی لێوە دابین دەکرێت، دووەمیشیان نەوتە. ئەوەی دەکەوێتە ئەو دیو خاسەوە بۆ ئێوەو ئەوەی ئەم دیویش بۆ ئێمە". تاڵەبانی دەڵێت ئەوە بیرکردنەوەی سەدام بوو، بەڵام کە شۆڕشی کورد ئەم پرۆژەی شکست پێهێناو سەری نەگرت و بیر لە پرۆژەی تر کرایەوە، هەر ئەو بیرکردنەوەیە بووە باکگراوندی ئەنفال، تەنانەت ئەوەشم بیستوە کە راپۆرتێکی نهێنی عیراقی هەیە باس لەوە دەکات لە ماوەی بیست ساڵدا دووای ئەنفال شاری سلێمانیش تەعریب

بکرێت. ئەم قسەیە لە دەمی عبدالله فازڵ دەرچوو کە بەرپرسی حزبی بەعس بو لە کوردستان، دووای کرا بە وەزیری ئەوقاف ئیتر ئەوەبوو کوشتیان".



عەبدوڵلا فازڵ سامەرائی

ئەنفالیش بەشێک بوو لەو پرۆژەیەو بۆیە بە شێوەیەکی چڕوپڕ ناوچەکانی کەرکوک و سلێمانی گرتەوە، سەدام بیری لەوە دەکردەوە چوار ملیۆن فەلەستینی لە ئەردەن و لوبنان و سوریا بێنێتە عیراق و لە کوردستان نیشتەجێیان بکات، ئەمریکاش لەگەڵ ئەو پرۆژەیەدا بوو، لە زۆر هەواڵیشدا هاتووە کە ئەمریکا هەوڵی داوە ئەم پرۆژەیەی

سەدام نوێ بکاتەوەو ئیسرائیل لە گرفتێکی گەورە رزگار بکات، ئەویش لە ڕێگای نیشتەجێ کردنی فەلەستینییەکان لە کوردستان.

# پرۆژەی کۆڵۆنیە بچووکەکان

جگە لە هەردوو پرۆژەی ئاودێری حەویجە و کەرکووک، پرۆژەی تری بچووکی کۆڵۆنیالی ئاو لە دەوروبەری پارێزگای کەرکووک هەبوون و بەمیکانیزم و شێوازی سەرەتایی ئەنجامدران. یەکێک لەو پرۆژانە ڕاکێشانی ئاو بوو لە گوندی خاڵەبازیانی-یەوە کە دەکەوێتە باشووری شارەکەوەو یەکێکە لە گوندە گەورەکانی ئەو ناوچەیە، بۆ عەرەبە هاوردەکانی (مجمع ترجيل العصری) کە حکومەتی بەعس لە باشووری خۆرهەڵاتی ناحیەی لەیلان لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابووردودا بۆی دامەزراندن. ئیدارەی کۆڵۆنیەکان بەدرێژایی زیاتر لە (١٥) کیلۆمەتر بەشێوازی سەرتایی لە ڕێگای جۆگەلەیەکەوە لە چەمی (شانەزەر) کە سەرچاوەی ئاوی گوندی خاڵەبازانی بوو، بۆ عەرەبەکانی تەرجیل رادەکێشاو ژیانی رۆژانەو ماڵداری و کشتوکاڵی کۆڵۆنیەکەی بەو ئاوە دابین دەکرد. دانیشتوانی خاڵەبازیانی و ملەی حەسەن ئیسلام و دانیشتوانی تری ناوچەکە لەبەردەم ئیدارەی کۆڵۆنیەکەدا هیچیان پێنەدەکرا، چونکە لەلایەکەوە پاسەوانی تایبەت بۆ جۆگەلەکە دانرابوو، لەلایەکی ترەوە کۆمەڵگەی کۆڵۆنی چەکدارو خاوەن دەسەڵات بوون. دیار محمەد[25] کە خوێندنی سەرەتایی لە خاڵەبازیانی تەواو کردوە، وێنەیەکی نیوەی دووەمی ساڵانی حەفتاکانی لەبیرە کە چۆن عەرەبەکان هاتوونەتە چەمی شانەزەرو هەڕەشەیان لە خەڵک کردوە.

دیار دەڵێت، "ئەو کاتە منداڵ بووم و بەباشی لە بیرمە چۆن ئاوی چەمی شانەزەر بەو جۆگەلەیەدا دەڕۆیشت و زۆرجار دیمەنی ئەو

[25] دیار محمەد-خاڵەبازیانی/چاوپێکەوتنی تایبەت هاوینی ٢٠١٣.

پاسەوانانە سەرنجی ڕادەکێشام کە بۆ جۆگەلەکە دانرابوون. جارێکیان خەڵکی خاڵەبازیانی بۆ پێداویستی خۆیان بۆ ماوەیەک ئاوەکەیان ڕاگرتبوو، بەڵام هەر ئەو ڕۆژە عەرەبەکان هاتن و تا ئێستاش لە بیرمە کە بەدەنگی بەرز قسەیان دەکردو هەڕەشەیان دەکرد کە نابێت جارێکی ئاوە ڕابگیرێت".

محەمەد فەیزوڵا[26] کە پیاوێکی بەتەمەنەو خەڵکی خاڵەبازیان-یە، بەباشی بیری نایەت ژمارەی ماڵەکانی کۆڵۆنییەکەی تەرجیل چەند بووە، بەڵام پێی وایە لە نێوان ٤٠ تا ٥٠ ماڵ بووەو چەند کەسێکی تریش ئەم ژمارەیە بەڕاست دەزانن.ئەم پرۆژە بچووکە کە درایە دەست ئیدارەی کۆڵۆنییە بچووکەکان لە پارێزگای کەرکووک، جگە لەوەی بێبەش کردن و ڕووتاندنەوەی دانیشتوانی خاڵەبازیانی و دانیشتوانی تری سەر چەمی شانەزەر بوو لە سەرچاوەی ئاوی خۆیان و زەبەلاح کردنی کۆڵۆنییەکان، ئاوێکی زۆری تیادا بەهەدەر دەدرا، چونکە وەک ئاماژەم پێکرد جۆگەلەکە بە شێوازێکی سەرەتایی ئەنجام درابوو. بەدرێژای ١٥ کیلۆمەتر لە هیچ شوێنێکدا بۆری ئاسن و پلاستیک و چیمەنتۆ بەکار نەهێراوەو ئاوەکە بەناو جۆگەلەیەکی خۆڵدا گەیشتووەتە ناو کۆڵۆنییەکەو، بەشێکی زۆری ئاوە بووە بەهەڵم یان ڕۆچووەتە ناو زەوی کە خۆی لە بنەڕەتدا زەوییەکی فشەڵەو لە ماوەیەکی کورتی زستاندا نەبێت هەرگیز تێراو نەبووە.

---

[26] محەمەی فەیزوڵا-چەمچەماڵ-خاڵەبازیانی/ چاوپێکەوتنی تایبەت.هاوینی ٢٠١٣.



چەمی شانەزەر – خاڵە بازیانی

دووای ئەوەی لە ئەنفال ساڵی ١٩٨٨ خاڵەبازیانی و گوندەکانی دەوروبەری کە ٢٤ گوند دەبن دەڕوخێنرێن و ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان ئەنفال دەکرێن و ژمارەکیش دەخرێنە ئۆردووگا زۆرەملێکانەوە، ناحیەی قەرەحەسەن (لەیلان) وەک شوێنی ئیدارەی کۆڵۆنییەکانی ناوچەکە دەمێنێتەوە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە لەم قۆناغەدا دەرکەوتنی جۆرێکی ترە لە کۆڵۆنیکردن و کۆڵۆنیست؛ ئەویش بریتییە لە ژمارەیەکی زۆر لە عەرەبی دەوارنشین کە لە دەشتی لەیلانە-ەوە تا دەگاتە بان مەقان دەواریان بۆ هەڵدەدرێت و هەر لەلایەن ناحیەکەوە ئیدارە دەکرێن. لەم قۆناغەدا ئاو کەم دەبێت و تەنانەت ئاوی چەمی شانەزەریش بەشی تەرجیل ناکات، بۆیە ئیدارەی کۆڵۆنییە بچووکەکان پەنا دەباتە بەر ئاوی ژێرزەوی و دەست دەکاتە هەڵکەندی بیرئاوێکی زۆر لە ناوچەکەداو لەو ڕێگەیەوە ئیدارەی کۆڵۆنییە کۆنەکان و دەوار نشینەکان دەکات.

بەڕێوەبەری کشتوکاڵی پارێزگای کەرکوک مەهدی موبارەک[27] بەشێوەیەکی تۆکمەتر پڕۆژەی کۆڵۆنییە بچووکەکان ڕوون دەکاتەوەو باسیان دەکات. ئەو لەم سیاقەدا لەوەوە دەست پێدەکات چۆن حکومەتی بەعس لە ساڵی (١٩٧٥)ەوە بەپلانێکی تۆکمە کار بۆ پرۆژەی کۆڵۆنییە بچووکەکان لە پرۆسەی تەعریب کردنی کەرکوکدا دەکات. وەک دەسپێک موبارەک ئاماژە بۆ ئەوە دەکات چۆن دوای ئەوەی سوریا بەنداوی "تەبقە" دروست دەکات و لە کاتی پێگەیشتنی بەروبومی کشتوکاڵدا ساڵی ١٩٧٤ زیانێکی

---

[27] مەهدی موبارەک- کەرکوک/ چاوپێکەوتنی تایبەت ٢٠١٤/٢/٢٠.

زۆر دەگەیەنێتە عیراق و هەر ئەو ساڵە حکومەتی بەعس (عیراق) سوپا دەجوڵێنێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی وسوریا دژی گلدانەوەی بەشێکی زۆری ئاوی فورات لە ڕێگای ئەو بەنداوەوە، بەڵام میسر ناوبژیوانی دەکات و ناهێڵێت شەڕ لە نێوانیاندا ڕووبدات. بەڕای موبارک لە دووای ئەو پرۆژە گەورەی سوریا بۆ گلدانەوەی ئاوی فورات، عیراق دەست دەکات بەداڕشتنی پلانی تر و یەکەمجار ساڵی ١٩٧٥ لە کەرکوکەوە دەست پێدەکات و دەست بەسەر زەویە کشتوکاڵیەکاندا دەگرێت. موبارەک لەم بارەیەوە دەڵێت: "ئەو کاتە بڕیاری ژمارە ٣٦٩ لەلایەن سەرکردایەتی حزبی بەعسەوە دەردەچوو، هەر بەپێی ئەو بڕیارەش دەستی گرت بەسەر ١٢٣ هەزار دۆنم زەویدا، ساڵی ١٩٧٦ بڕیاری ٩٤٩ دەرکردو لە ڕێگایەوە دەستی دەگرت بەسەر ٣٨ هەزار دۆنم لە ناوچەی داقوق و لە ساڵی ١٩٧٧ و ١٩٧٩ دوو بڕیاری تری دەرکردو دەستی گرت بەسەر بڕێکی تری زەوی کشتوکاڵی بەپیت و بەرەکەتی ناوچەی کەرکوک و دابەشی کردن بەسەر عەرەبدا. هەر ساڵی ١٩٧٩ بەبڕیاری ١٠٦٥ بەناوی وزارەتی بەرگرییەوە حکومەت دەستی گرت بەسەر (١٠) هەزار دۆنم زەوی تورکمانەکاندا. ئەمە قۆناغی یەکەمە کە تیایدا حکومەت دەستی گرت بەسەر ٣٠٠ هەزار دۆنم زەویدا و بەبیانوی جیاجیا بەسەر عەرەبدا دابەشیان دەکات".

لە ماوەی شەڕی عیراق ئێراندا ئەم پرۆسەیە کەمێک دەوەستێت، بەڵام ڕوخاندنی دێهاتەکانی کوردستان پاڵنەرێکی تر دەبێت، بەتایبەتی دووای ساڵی ١٩٨٧ کە تێکدان و سوتاندنی دێهاتەکانی لە پرۆسەی ئەنفالدا بۆ دەچێتە سەر، ئیتر لە کەرکوکدا هەلێکی باشتری دەست دەکەوێت و جارێکی تر سەدان دۆنم زەوی لە

دانیشتوانی کورد زەوت دەکات. لە گەڵ ئاماژەکانی کۆتایی هاتنی شەڕی عیراق-ئێرانیشدا ئەنفال کردنی خەڵکی کوردستان کە کەرکوک چەقەکەی بوو، دەبێتە ئەو بازنە گەورەیەی ناوەڕاستی حەفتاکان هێڵکاری پرۆژەی کۆڵۆنییە بچووکەکانی تیادا وێنە کێشرا. ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێت کە چۆن دووای سوتاندن و وێرانکردنی لادێکانی سەر بە پارێزگای کەرکوک، دەست دەکرێت بەهێنانی عەرەب و بەخشینی زەوی و زارو دابین کردنی ئاو بۆیان. مەهدی موبارەک لەم بارەیەوە دەڵێت: " لە ڕاپەڕین بەدوواوە (ساڵی ١٩٩١) زنجیرەیەک بڕیار درا کە پێیان دەووت بڕیارەکانی (لجنە شؤون الشمال) و بەپێی ئەو بڕیارانە دەست کرا بەپرۆسەیەکی بەرفراوانی تەعریب و نزیکەی نیوملیۆن دۆنم زەوی کورد زەوت کرا، ئەمە بەدیاریکراوی ساڵی ١٩٩٤ بوو لەو ناوچانەی پێیان دەووت (پشتێنەی ئەمنی) و بەو ناوەوە عەرەبیان دەهێناو هەر سەرۆک عەشیرەتێک ٢٥٠ دۆنم زەوییان پێی دەبەخشی و ئەندامانی عەشیرەتەکەشی ١٠٠ تا ١٢٠ دۆنم، ئینجا هەڵسا بە هەڵکەندنی بیرێکی زۆری ئیرتیوازی و لە قۆناغی یەکەمدا ١٥٥٠ بیری لەو پشتێنەیەدا لێدا کە ناویان لێنا (الحزام الامنی) و لە سەرگەڕان-ەوە دەست پێدەکات بەرەو دوبز و پردێ بۆ شوان و لەوێوە شۆڕ دەبێتەوە بۆ لەیلان و هەموو ناوچە کوردیەکان. لە قۆناغی دووەمدا حکومەت دەستی کرد بە هەڵکەندنی ١٠٠٠ بیرو پلانەکە بەشێوەیەک بوو تا ساڵی ٢٠٠٣ زیاتر لە ٣ هەزار بیر هەڵکەنرێت و عەرەبە هاوردەکان بکاتە خاوەن خاک و ئاوی ناوچەکە.

پەنابردن بۆ ئاوی ژێر دەوی بۆ کۆڵۆنییە بچووکەکان کە زیاتر دووای ئەنفال دەرکەوت و خەسڵەتەکانی ڕوون بوونەوە، واتە دووای


١٩٨٨ دەست پێدەكات، لەسەرەتادا وەک دکتۆر سليمان عبدالله اسماعيل لێی دەکۆڵێتەوە لە چوارچێوەی سیاسەتێکی تردا بووەو لەوەدا چڕ بوەتەوە ئاوی سەر زەوی کوردستان ڕەوانەی خوارەوە بکرێت و لە شوێنی خۆیدا وەبەر نەهێنرێت، ئەمە جگە لە پەنابردن بۆ ژێر زەوی بۆ زەوی و زاری کشتوکاڵی لە کوردستاندا. دکتۆر سليمان لەم بارەیەوە دەنووسێت: "خوێندنەوەیەکی ورد بۆ سیاسەتی ئاویی عیراق لە دەیەکانی پێشوودا بەبێ ئەوەی بۆشاییەک بۆ شک بەجێ بهێڵێت ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە تا ئەو پەڕی بەکارهێنان پشتی بەستووە بە سەرچاوە ئاوییەکانی دیجلەو چڵەکانی بۆ ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوور هەتا لە تواناداا هەبێت و، دیاری نەکردنی وەبەرهێنانی ماقوڵ لەپێناو بەکارهێنانی ئەو سەرچاوانەدا لە شوێنی دروستبوون و هەڵقوڵانیدا. یانی حکومەتی عیراق کاری دەکرد لەسەر بەکارهێنانی سەرچاوەکانی ئاوی سەرزەوی کوردستان کە سەرچاوەی بەردەوام نیە بۆ دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بۆ ئاودێری کشتوکاڵی هاوینە، بۆ دانیشتوانی عەرەب لە ناوەڕاست و باشووری عیراق"[28].

ئەم سیاسەتە لایەنێکی تریشی هەبوو، ئەویش لەگەڵ ناردنی ئاوی سەرزەوی کوردستان بۆ ناوەندو باشووری عیراق، ئاوی ژێرزەوی بۆ کشتوکاڵ لە کوردستاندا بەکار دەهات، یانی حکومەتی عیراق دووجار ئاوی ژێرزەوی هەرێمی لە سیاسەتی پڕوکاندنی ئاوی کوردستاندا بەکار هێنا، جاری یەکەمیان لە لە ڕێگای ناردنی

[28] السياسة المائية لدول حوضى دجله والفرات وانعكاساتها على القضية الكردية ل461-الدكتور سليمان عبدالله اسماعيل/ مركز كردستان للدراسات الإستراتيجية/ السليمانية ٢٠٠٤.

ئەوەی سەرزەوی بۆ ناوەندو باشوور و دەرکردنی ئەوەی ژێرزەوی، جاری دووەم لە ڕێگای کۆلۆنییەکانی دەوروبەری کەرکووک کە جارێکی تر پەنای بۆ ئاوی ژێرزەوی برد بۆ نیشتەجێ کردنیان.

# خاسه وەك دیواری کۆڵۆنیالیزم



تیپێکی سوپای بەریتانی - چەمی خاسە ساڵی 1919

لە چەند وێنەیەکی دەگمەندا کە بەروارەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩١٨ لەلایەن سوپای بەریتانییەوە گیراون، ژمارەیەک سەربازی تیپی (١٣)ی سوارچاکی هەمان ئەو سووپایە بەسەر ئەسپەکانیانەوە دەبینین بەئاوی خاسەدا دەپەڕنەوە. ئەم وێنە ڕەش و سپییانە ئیشتیهای هەموو کەسێک بۆ ئەو دیمەنە دەکەنەوە کە پریشکەی ئاوە بەرز بوەکەی ژێر پێی ئەسپەکان ئاماژە بۆ شڵپ و هوڕی ئاوێکی زۆرو سەوزایی قەراغ خاسە دەکەن. دیمەنی خاسەی پڕ لە ئاو باس و خواس و خەونی هەموو کەرکووکیەکە، بەڵام ئەم خەونەی وا لەبەر دەستی فۆتۆگرافەکەی سوپای بەریتانیدا واقیع بوەو تا ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابوردووش بەردەوام بوەو کەرکوکیەکان لەگەڵ ئاهێکی گەورەدا

باسی دەکەن، تێکەڵ بە نەوت و سیاسەت دەبێت و بەتەواوەتی وشک دەکات.ئاوی خاسە لەو ساڵانەدا بەرەو وشک بوونەوە دەڕوات کە حزبی بەعس تیایاندا دەست دەکات بە لەت لەتکردنی پارێزگای کەرکوک و هەر پارچەیەک دەخاتە سەر پارێزگایەکی تر. ئەو دەمەش سەرەتای چارەکی کۆتایی سەدەی بیستەم دەبێت و لەگەڵ ئەوەی ئاو بەشێک دەبێت لە پرۆژە ستراتیژیەکانی بەعس، بەڵام خاسە لە دەرەوەی سیاسەتی ئاودا دەبێت و بەئاسانی وشک دەکات. بەڵام لەگەڵ وشکبوونیشدا، خەیاڵدانی سەدام حسێن کە ئەو دەمە جێگری ئەحمەد حەسەن بەکر بوو، بەلای ئەوەدا دەڕوات جارێکی دۆخی خاسە بگەڕێنێتەوە بۆ ساڵانی بیستەکان وەک لە فۆتۆگرافە بەریتانیەکەدا دەرکەوتوە، بگرە زیاتریش، ئەویش وەک موکەڕەم تاڵەبانی باسی دەکات لە پێناو لەتکردنی شارەکەدا و دەرکردنی کورد لە بەشەکەی ڕۆژئاوا، یانی فراوانکردنی پرۆژەی کۆڵۆنی و کشاندنی حەویجە بەرەو کەرکوک، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە بوونی کۆڵۆنییەک بەبێ پشتێنی تری سیاسی و کۆمەڵایەتی پێویستی بەوە هەبوو لە سنووری کۆڵۆنی بکرێتەوە دەرەوەو ناسنامەیەکی تری بدرێتێ، یانی ئەگەر ناوێکی نوێی بۆ هەڵبژێرین، بکرێتە بەشێکی سەرەکی لە کەرکووکی ئەو بەر.

لەوانەیە باشترین سەرەتا بۆ ئەم بەشەی ئەم کتێبە لەسەر ڕۆڵی ئاو لە گۆڕانکای دیموگرافی لە پارێزگای کەرکوکدا، خەونێکی مام جەلال بێت کە وەک باس دەکرێت لە زۆرێک لە دانیشتنەکانیدا باسی کردووەو گرنگییەکی زۆری پێداوە، ئەویش بوژاندەوەی خاسە بۆ لە ڕێگای ڕاکێشانی ئاوەوە لە ئاسکی کەڵەک-ەوە. کاتێک لای نووسەرو وەرگێڕ بەکر شوانی باسی پرۆژەی ئەم کتێبەم کرد،

یەکسەر قسەکی مام جەلال-ی بیر کەوتەوەو ئەمەش بۆ من فرسەتێکی زۆر باش بوو هەتا لەگەڵیدا بکەومە قسەکردن و تۆمار کردنی ئەو قسانەی مام جەلال کە ٢٢/نیسان/١٩٩٢ لە قەلاچۆلان کردوویەتی و بەکر شوانی خۆی یەکێک بووە لە ئامادەبووانی ئەو دانیشتوە. شوانی باسی ئەوە دەکات کە چۆن وەک یەکێک لە لەو ئەندیازارانەی پارێزگای کەرکوک وا لە ڕێکخراوی (کوردس)[29] کاری کردوە، لە بەرواری ١٢ نیسانی ١٩٩٢ داوەتی مام جەلال کراون بۆ قسەکردن و گفتوگۆ لەسەر ئاوەدان کردنەوەی پارێزگای کەرکوک. ئەو دەگێڕێتەوە چۆن دووای ئەوەی مام جەلال گوێی لە بۆچوون و پێشنیارەکانیان گرتوە لەسەر ئاوەدان کردنەوەی ناوچە ڕزگار کراوەکان، بەتایبەتی ڕێگاوبانەکان، ئینجا وتوویەتی، "ئەمانەی ئێوە بۆ ئەم قۆناغە زۆر باشن و هەنگاوی سەرەکین بەرەو ئاوەدانکردنەوەی هەموو ژێرخانی کوردستان. من بۆ دوای ڕووخانی ڕژێم چەندین پرۆژەی گەورەم لە خەیاڵە بۆ کەرکوک". ئینجا تاڵەبانی ڕووی پرسیاری کردە ئێمەو وتی: "باشە، ئێوە وەک ئەندازیار ڕاتان چییە ئەگەر ئێمە بەشێک لە ئاوی کەڵەک بە ئاراستەی کەرکوک ببەین و کارێکی وا بکەین ڕووباری خاسە هەمیشە ئاوی پێدا بڕوات".

من بە بیستنی ئەو قسەیە فرە شادمان بووم و وەک یەکەم کەسی ناو ئامادەبووان لێم پرسی: "بەڕێز مام جەلال، ئەمە

[29] ڕێکخراوی کۆمەڵەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان (کوردی) ساڵێک دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991، لە کوردسان دامەزرا بۆ- بەشداری کردن لە ئاوەدان کردنەوەی کوردستان.

پرۆژەیەکی ستراتیژی دەبێت و بۆ هەمیشە کەرکوک تەڕو سەوز دەکات. بێگومان بودجەیەکی گەورەیشی دەوێت".

تاڵەبانی لە وەڵامدا وتی: "ئێمە کەرکومان هەبێت، کێشەی بودجەمان نابێت. یەکێک لە خەونەکانم ئەوەیە خاسە چوار وەرزەی ساڵ ئاوی پێدا بڕوات و ئەمبەر و ئەوبەری ڕووبارەکە لە ناو شاردا بکرێت بە شوێنی کولتووری و گەشتوگوزاری و کات بەسەربردنی هاووڵاتییان. لە نزیک زۆربەی شارە گەورەکانی جیهان ئاویان پێدا دەڕوات. بۆچی کەرکوک ڕووباری نەبێت؟.

شوانی لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت، "ئەوە بەشێک بوو لە گفتوگۆی ئەو ڕۆژەی نێوان مام جەلال و ئێمە و ئەوەش بیر و بۆچوونی بەڕێزیان بوو سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان سێکوچکەی کەرکوک و ئاو و نەوت. ئەم چەند دێرە بۆ مێژوو دەنووسم، بۆ ئەوەی ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕووباری خاسە کرا بە ڕووبارێکی هەمیشە پڕ لە ئاو، بزانرێت ئەوە خەون و ئارەزووی "سەرکردەیەکی کورد بوو بەناوی جەلال تاڵەبانی.

خەونەکەی تاڵەبانی لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی بیستەمدا واقیع بوو، بەڵام لە دووای پراکتیزەکردنی سیاسەتی تەعریبەوە کە خاک و ئاوو ئینسانی گرتەوە، بووە واقیعێکی ترو خاسە تەنها لەو چوارچێوەیەدا بیری لێدەکرایەوە کە بکرێتە هێڵی دابەشکردنی کەرکوک و دروستکردنی واقعێکی سیاسی وەها شارەکە لە ڕێگای ئاوەوە وەک قوبرس لێبکرێت و پێکهاتە دیموگرافیەکەی بەتەواوەتی بگۆڕدرێت، ئەویش لە ڕێگای ڕاکێشانی ئاو لە زێی بچووکەوەو پڕکردنی خاسە لە ئاو لە هەموو وەرزەکاندا لە پێناو دابڕین نەک ژیانەوە. ئەمە خەونی جێگری سەرۆکی عیراق (سەدام

حسێن) بوو لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابوردودا، ڕێک پێچەوانەی خەونەکەی مام جەلال بوو لە سەرەتای نەوەدەکانی هەمان سەدەدا. لەبەر ئەوەی خەونەکەی "جێگری سەرۆک" جێبەجێ نەبوو، خاسە بەبێناز مایەوەو وشک بوو، بووە چەمێک لەگەڵ تەماشاکردنیدا، خەڵکی کەرکوک خۆزگە بەو دەمەی چەمەکەیان ببەن کە لە وێنە بەریتانیەکانیدا دەردەکەوێت.

## خاسە وەک پردو هیوا

ساڵی ٢٠٠٣، پرۆژەکەی مام جەلال بۆ خاسە دەبووژێتەوەو لە خەونەوە دەبێتە بەشێک لە سیاسەتی حکومەتی لۆکاڵی کەرکوک و لەبری ڕاکێشانی ئاو لە ئاسکی کەڵەک و زێی بچووکەوە، لە باکوری شارەکەوە پرۆژەی بەنداوی خاسەچای دەخرێتە پلانی گەشەپێدان و بوژاندنەوەی ئابووری و گەشتیاری و ژینگەییەوە. پرۆژەکە کە ساڵی ٢٠٠٩ دەست دەکرێت بەجێبەجێ کردنی لە ئامانجێک زیاتر دەگرێتەخۆو وەک بەرپرسان و پلاندارێژەران و سەپەرشتیاران ئاماژە بۆ دەکەن ڕۆڵێکی گەورەی دەبێت لە دابینکردنی ئاوی خواردنەوەو گلدانەوەی ئاوو زیادکردنی ڕێژەی ئاوی ژێرزەوی و زیادکردنی شانسی پەرپێدانی کشتوکاڵی هاوینەو گەشتیاری و بوژاندنەوەی ژینگەی شارەکە. ئەم پرۆژەیە کە دەستەی گشتی بەنداوو عەمبارەکانی سەر بە وزارەتی سەرچاوەئاویەکانی حکومەتی فیدراڵی پێی هەڵساوە ٧٤ ملیۆن مەتری سێجا ئاو دەگرێت و نزیکەی ٩٠ میلیار دیناری تێچووە.

لە بەیانێکدا کە وزارەتی سەرچاوە ئاوەیەکانی حکومەتی فێدراڵ لە بەرواری ١٤/ئاب/٢٠١٢ بەمشێوەیە پێناسەی بەنداوی خاسەچای

دەکات: "ئەم پرۆژەیە لە سێ بەش پێکدێت کە ئەمانەن: بەشی یەکەمی کە بریتیە لە لەشی بەنداوەکە کە لە جۆری پڕکراوەی خۆڵە بەدرێژایی ٢٢٦٠ مەتر و بەرزایی ٥٨ مەتر لە سەروی ئاستی سروشتی زەوییەوە. بەشی خوارەوە بریتییە لە بۆرییەکی ئاسنی دوو مەتری بەئەستووریی ١٢ ملم کە داپۆشراوە بە کۆنکریت دەکەوێتە خوارووی بەنداوەکەوە بۆ سوود وەرگرتن لە گلدانەوەی ڕێژەی بەردانەوەی ساڵانەی ئاوەکە کە دەکاتە (٥،١)م$^3$ بۆ شارەکە.بەشی سێیەم بریتییە لە شوێنێکی ئاوبەردانەوە لە خواری خوارەوەی لای چەپ، ئەمەش بەردەرەوەیەکی ئاوی کراوەیە بە درێژایی ١٠٨م بۆ دەرکردنی ئاوی لافاو لەسەرووی ڕێژەی ٤٠١م. بەپێی قسەی بەڕێوەبەری سەرچاوە ئاوییەکانی پارێزگای کەرکوک شەهاب حەکیم[30]، پرۆژەی بەنداوی خاسەچای کە ئێستا لە دووا قۆناغەکانی تەواوبوندایە، بەشێکە لە پرۆژەی ٢٤ بەنداو لە پارێزگاکەدا کە دراونەتە وزارەتی سەرچاوە ئاویەکانی حکومەتی فیدراڵی. ئەمەش بەڕای شەهاب سەرچاوەی لە پرۆژەیەکی فەرەنسیەوە وەرگرتوە کە ساڵی ١٩٩٠ دەستی پێکردوەو پێی دەڵێن گلدانەوەی ئاو (حصاد المیاه) کە پشت دەبەستێت بە باراناو لەسەر چەمێک یان ڕوبارێکی کاتی کە ئاوی پێدا تێپەڕ دەبێت لە پێناو کشت و کاڵ و مەڕو ماڵات و ژینگەو بواری تردا. ئەو پێی وایە کە بەنداوە بچوکەکان سودیان زۆرە بۆ کەرکوک، چونکە زستان زۆرجار باران دەبێتە هۆی لافاو زیانی بۆ دانیشتوان هەیەو لە کۆتایشدا ئاوەکە هەمووی بەرەو باشوور دەڕوات، بۆیە

[30] چاوپێکەوتنی تایبەت- کەرکوک، بەرواری ٢٠١٤/٢/٢٠.

بەنداو بۆ گلدانەوەی باراناو لە هەموو ڕوویەکەوە سوودی بۆ پارێزگاکە هەیە. بەڵام لە ژمارەی ئەو ٢٤ پرۆژەی بەنداوە جگە لە خاسە کە لە تەواو بوندایە، بەنداوی پەڵکانە و شیرین لە باشووری خۆرئاواو ڕۆژهەڵاتی شارەکە تەواو بونە، جێگای بەنداوێک لە ناوچەی (زەنگنە) شیاو نەبوەو دەستیان لێبەرداوە، بەنداوێکیش لە قەرەحەسەن "لەیلان" دانیشتوانەکە ڕازی نەبوونە بە دروستکردنی.

بەپێی زانیاریەکانی شەهاب حەکیم دیزانی (٦) بەنداو تەواو بوەو لە وزارەتی سەرچاوە ئاویەکانە، لەوانە چەند بەنداوێک لە قادر کەرەم، ڕۆخانە، قەرەقەچەو تاکو هەڵمێن، بەڵام "ئەوانی تر رەت کراونەتەوە". شەهاب حەکیم هۆکارەکانی ڕەتکردنەوەی ئەو بەنداوانە ڕوون ناکاتەوە، بەڵام چی لە قسەکانی ئەوداو چی لەقسەی ئەو کەس و بەرپرسانەی لە کەرکوک چاوپێکەوتنم لەم بارەیەوە لەگەڵ کردن ئەو ڕاستیە دەردەخەن کە سیاسەتی حکومەتی عیراق ڕێگا نادات لە سەرووی بەنداوی عوزێمەوە بەنداوی تر دروست بکرێت و ئامانجیش لەم سیاسەتە ڕەوانەکردنی ئاوە بۆ دەشتی عوزێم و دەوروبەری. بەڕێوەبەری ئاوی کەرکوک عەبدولقادر محەمەد ئەمین[31] لەم بارەیەوە بە ڕوون و ئاشکرا قسە دەکات و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و دەڵێت: "لە بواری سیاسەتی ئاودا کاتێک لەتیف رەشید وەزیری سەرچاوە ئاویەکان بوو، سێ بەنداو ئەنجام دران و دیزانی نزیکەی ١٨ بەنداوی تریش ئامادە بوون، بەڵام کە ئەو گۆڕاو وزارەتی سەرچاوە ئاویەکان درا بە

[31] -چاوپێکەوتنی تایبەت- کەرکوک، بەرواری ٢٠١٤/٢/٢٠.

(سەدریەکان)، ڕێگری لە پرۆژەکان کرا لە کەرکوک. بۆ نمونە لە تەق تەق پرۆژەی بەنداوێک "ئیحالە" کراو درا بە موقاول، بەڵام کە وەزیرەکە گۆڕا ئەو پرۆژەیەی ڕەتکردەوە. ئێستا موافەقەت لەسەر دروستکردنی هیچ بەنداوێکی تر ناکەن و ئەوان دەیانەوێت هەرچی ئاو هەیە بەرەو دەشتی عوزێم و شوێنە عەرەب نشینەکان بڕوات، ئەو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە تەنانەت بەنداوی خاسە-ش دووای هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر کراوەو دووای چەندەها ڕاپۆرت پێشکەش بە حکومەتی فیدرالی کراوە دەربارەی ئەوەی کە بەنداوەکە دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ ئاوی خواردنەوەی شارەکە".

پرسیاری ئەوەم لە شەهاب کرد کە ئەگەر پرۆژەیەک هەبێت بۆ ئەوەی وەک چۆن بەئاوی زێی بچوک ڕۆژئاوای کەرکوکی پێ دەبوژێنرێتەوە ئاوەهاش ڕۆژهەڵاتی کەرکوکی پێ ئاوەدان بکرێتەوە، بۆ ئەوەی کەمەبەستەکەمی زیاتر بۆ ڕوون بکەمەوە دەڵێم ئایا ئیمکانی ڕاکێشانی ئاو لە زێی بچووکەوە بۆ خاسە هەیە، وڵامەکەی لەگەڵ ئەوەی ڕوونەو پەیوەندی هەیە بە پارەو کارێکی زۆر، بەڵام وەک خۆی دەڵێت "موافەقەتێکی" زۆریشی دەوێت. ئەوەی لێرەدا بەباشی بۆمان ڕوون دەبێتەوە ئەوەیە کە نە کەرکوک نە هیچ لایەنێکی تر ناتوانێت ئاو لە زێی بچووک و گەورەوە بۆ هیچ شوێنێک ڕابکێشێت. دەربارەی ژیانەوەی خاسە، ئەو پێی وا نیە بتوانرێت ببوژێنرێتەوە، چونکە بەشێکی زۆری ئاوەڕۆو پیسی شاری کەرکوک دەکرێتەوە خاسەوە، ئەگەر ئاویشی تێبکرێت ئەوا ئاوەکە پیس دەبێت و بەکەڵکی بەکارهێنان نایەت و بگرە زیاتر پیس دەکات. هەر لەم سیاقەدا ئەو پێی وایە کە ئیمکانی ئەوە نیە ئاو لە پرۆژەی ئاوی کەرکوک و حەویجەوە بۆ خاسە ڕابکێشرێت،

چونکە لەبنەڕەتدا ئاوەکە بەشی ئەوە ناکات لە ڕووی ئەخلاقیشەوە ئەوە ناکرێت

لە ڕووی مێژووییەوە چەمی خاسە یەکێک بوە لە سەرچاوەکانی ڕووباری دیجلە، بەڵام ئەمڕۆ خاسە تەنها وەک یادەوەرییەک باس دەکرێت و بوەتە وشکترین شوێنی کەرکوک.

لەوانەیە وشکانیەکەی کە بەم شێوە زەقەی دەیبینین، پەیوەندی بەو یادەوەرییەوە هەبێت کە باس لە خاسەیەکی پڕ لە ئاو دەکات، هەروەها پەیوەندی بەو وێنانەوە هەبێت وا بەریتانیەکان بۆیان بەجێهێشتین و تیایاندا گوێمان لە شڵپ و هوڕی ئاوی ژێر پێی ئەسپەکانە.

ئێستا کەس تەماشای ئەم وێنانە ناکات و بەهەند وەرناگیرێن لە لێکۆڵینەوەدا لەسەر ئەو گۆڕانکاریە ڕادیکالیانەی لە بواری ژینگەدا هاتوونەتە کایەوە، لە ڕاستیشدا وێنەکان دۆکۆمێنتی زۆر گرنگن و زانیاری دەوڵەمەند پێشکەش دەکەن. لێرەدا ئەگەر نموونەیەکی نزیک لەم بابەتە بێنینەوە، ئەزموونی زانیایەکی ناسراوی کەنەدی-یە کە لەڕێگای نامەیەکەوە توانی قەبارەی ئەو گۆڕانگاریە مەزنە بسلمێنێت کە لە شوێنێکی نزیک لە بەستەڵەکی باکوور ڕوویداوەو چیرۆکەکەش بەم شێویەیە:

"زانای کەنەدی لە زانکۆی لاڤال لە هەرێمی کێبیک "ڤینسنت" لە سەردانێکیدا بۆ دوورترین دوورگەی کەنەدی نزیک جەمسەری باکور کە ناوی (هانت ۆرلد) کە یەکێک لە شوێنە هەرە ساردەکانی وڵاتەکە دەناسرێت، نامەیەک دەدۆزێتەوە پێش (56) ساڵ لەو شوێنەدا نوسراوەو شاردراوەتەوە. هانت ۆرلد یەکێکە لەو دوورگانەی کە نزیکترین شوێنی نیشتەجێبوون لێیەوە ٨٠٠

کیلۆمەترەو بەیەکێک لە دوورگە ساردو دوورە دەستەکان دادەنرێت و پلەی گەرمایی ئاسایی بەردەوام ١٨ پلە لە ژێر سفرەوەیە. ساڵی ١٩٥٩ زانایەکی جیۆلۆجی گەنج بەناوی پۆڵ ۆکەر بەیاوەری هاوڕێیەکی ناوی ئەلبێرت کراری دەبێت لە کۆلێژی بۆستن سەردانی دوورگەی هانت ۆرلد دەکات و لەوێ نامەیەک بۆ داهاتوو بەجێدەهێڵێت. نامەکەی پۆڵ هیچ زانیاریەکی لەسەر ژینگەو گۆڕانی کەش و هەوا تێدا نابێت لەوە زیاتر کە لە ناو شوشەیەکداو لە دووری مەترو نیوێک لە تەنیشت ڕووبارێکی بەستوو لەو دوورگەیەدا لەناو کۆمەڵە بەردێکدا بەجێ دەهێڵێت. نامەکەش بەم شێوەیە دەست پێدەکات:" بۆ ئەو کەسەی گرنگی بەم کارە دەدات...پێویستە لەسەر هەر کەسێک بەم شوێنەدا تێپەڕ دەبێت پێوانەی دووریەکە بکاتەوە بینێرێت بۆ ...". هەڵبەتە پۆڵ ئەدرێسی خۆی لە زانکۆی ئۆهایۆ کە کاری تێدا دەکرد لەسەر نامەکە دادەنێت، هەروەها ئەدرێسی ئەلبێرت-ی هاوڕێشی لە بۆستن. مەبەستیشی لە پێوانە کردنەوە، مەسافەی نێوان نامەکەو ڕووبارە بەستوەکە بوە. هاوینی ساڵی ٢٠١٣ ڤینسنت لەگەڵ گروپێکدا لە زانکۆی لاڤاڵ سەردانی دوورگەی هانت ۆرلد دەکات و نامەکەی پۆڵ ۆکەر دەدۆزێتەوە . هەر دووای دۆزینەوەکە یەکسەر پێوانەی نێوان نامەکەو ڕووبارەکە دەکات و تێبینی ئەوە دەکات کە دوورییەکە گەیشتووەتە (١٠١) مەترو نیو، واتە لە ماوەی ئەم نیو سەدەیەدا ١٠٠ مەتر لە ڕووبارە بەستووەکە کەمی کردووەو تواوەتەوە. ئەم نامەیەی پۆڵ کە ساڵی ١٩٥٩ لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا دەینووسێت و هەر ئەو ساڵەش بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دووای دەکات گرنگییەکی زانستی و مێژوویی گەورەی هەیە و

ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگر دەخاتە پێش چاوی مرۆڤایەتی، ئەویش ئەو گۆڕانکاریە مەترسیدارەیە کە لە کەشدا دروست بوەو ئێستا زەنگەکەی لێدەدرێت. ڤینسنت باسی ئەوە دەکات چۆن لە ناو کۆمەڵە بەردێکدا دووای ئەوەی پاڵیان پێوە ناوە، بوتڵێکی شووشە دەرکەوتووەو نامەیەکی تێدا بووە. کاتێکیش نامەکە دەخوێنێتەوە یەکسەر ناوی پۆڵ ۆکەر-ی بیر دەکەوێتەوە کە چی گەنجێکی بەگوڕوتین و زانایەکی جیۆلۆجی بلیمەت بووە، ڤینسنت ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە ئەو کاتەی پۆڵ بیری لە گۆڕانکاریەکانی کەش و هەوا کردوەتەوە، کەس بەلای ئەو بابەتی وەک گەرمبوونی زەوی و گۆڕانکای کەش و هەوادا نەچووە .ئەمڕۆ نامەکەی پۆڵ ۆکەر زۆر شتمان پێدەڵێت و پێواندنەوەی دووری نێوان ڕووبارە بەستوەکەو بەردەکان لە هانت ۆرلدی نزیک جەمسەری باکور نیشانەی پێشبینییەکی بلیمەتانە بوو بۆ گەرمبوون و گۆڕانکاریەکانی کەش و هەوا لەسەر گۆی زەمین.

ئەمە هیچ جیاوازییەکی نیە لەگەڵ ئەو وێنەیەی بەریتانیەکان لە کەرکوکدا بۆیان بەجێ هێشتین جگە لەوەی لەلایەن سوپای بەریتانی و بەبێ مەبەستی زانستی گیراون. ئەو ئاوەی چەمی خاسە کە لە وێنەکەدا دیارەو تا پەنجاو شەستەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم وەک سەرچاوەیەکی گرنگی دیجلە دادەنرا، تواوەی بەفری چیاکانی کوردستان و ئەو هەموو باران بوو کە بەهاران دەباری. ئەمڕۆ بەفر نەماوەو بارانیش کەمبوەتەوە .لە جێگەی ئەو ١٠٠ مەترە سەهۆڵەی لە نزیک جەمسەری باکور توایەوە، لێرە لە کوردستان هەزاران کیلۆمەتر بوەتە وشکانی، لە کاتێکداو هەر لەو زەمەنەی تەنها مەترو

نیوێک وشکانی لە نێوان نامەکەو ڕووبارەکە بەستوەکەدا هەبو، لە کەرکوک خەڵک لە دەنگی هەڵسانی ئاوی خاسە لە خەو ڕادەبوون. ئیلهام محمەد کە دانیشتوویەکی شاری کەرکوکە بۆ سایتی (کەرکوک ناو) باسی ئەوە دەکات چۆن لە پەنجاکانی سەدەی ڕابوردوودا زۆرجار لە دەنگی لافاوی خاسە لە خەو هەڵدەستاین، ئێستاش بوەتە جێگای خۆڵ و خاشاک. بەڵام لە نێوان هەردوو وێنەکەی سوپای بەریتانی و زانا ئەمریکییەکە لە دوورگەیەکی نزیک جەمسەری باکوور، جیاوازییەکی جەوهەری هەیە، ئەویش بوونی سیاسەتی کۆلۆنیالیزمی ئاو بوو لای بەریتانیەکان کە بەشێکی جیانەکراوە بوو لە سیاسەتی گشتی داگیرکردن و کۆڵۆنیزەکردن. یانی ئەوەی لە دەشتی حەویجەدا بنیادنرا، بەشێک بوو لەو سیاسەتە کۆڵۆنیاڵییە مەدەنییەی وەزارەتی موستەعمەراتی حکومەتەکەی، سێر ویلیام ویلکۆکس (٢٧ سەپتەمبەر ١٨٥٢، هندستان — ٢٨ یۆلیۆ ١٩٣٢، قاهیرە)، پیادەی دەکرد.

[32] بەلای نووسەرو ڕەخنەگەری کەرکوکیی (دانا عەسکەر) چەمی خاسە کە شاری کەرکوک بەسەر دوو بەشدا دابەش دەکات و سەرچاوەکانی کانی و ئاوی باراناوی ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی شارەکەن، بەدرێژایی حوکمی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عیراق، هەوڵی ئەوەیان داوە مۆرکێکی ناشرینی پێ بدەن. دانا عەسکەر پێی وایە پشتگوێ خستنی چەمی خاسە و ناشرینکردنی، "هەوڵێک بوو بۆ ناشرینکردنی کورد لە کەرکوک،

---

[32] دانا عەسکەر-چاوپێکەوتنی تایبەت/ کەرکوک ٢٠١٤/٣/٥.

له راستیدا پەیوەندی نێوان خاسه و کورد پەیوەندییەکی جوگرافی بوو، چەندین گەڕەکی کوردی بەیەکەوە دەبەستەوە، لەوانه رەحیماوا و ئازادی، تەپە و ئیمام قاسم و زیویه و عاشوور". عەسکەر وای دەبینێت، که ئەگەرچی وشککردنی ئاوی خاسه پەیوەندی به دۆخی سیاسییەوە نیه، بەڵام دەوڵەتی عیراقی کاری لەسەر وشککردنەوەی پەیوەندییەکانی کورد له کەرکوکدا کرد له ڕێگای ناشرین کردنی خاسەو ئەو گەڕەکه کوردییانەی له رۆخەکەیدا بوون و ڕێگه خۆشکردن بۆ ئەوه ببێته جێگای کاری توندوتیژی و ئاژاوەو کێشەی کۆمەڵایەتی. بەڵام بەلای ئەم نووسەره کەرکوکییەوه "ئەگەر چی خاسه دیدێکی ناتەندروستی بەکەرکوک بەخشیبوو، له هەمان کاتدا بەشێک له چیرۆکنووس و رۆماننوسەکان له رۆمان و چیرۆکەکانیاندا ئامارژەیان به دۆخی ناتەندروستی خاسەوه، له وانه عەبدوڵلا سەراج و معتصم ساڵەیی، له هەڵکشان بەرەو لووتکەو، خاسەی خۆڕاگر دا باسیان لێکراوه". دانا عەسکەر به نوکتەیەک کۆتایی به قسەکانی دێنێت و دەڵێت: "وشکبوونی چەمی خاسه تەنانەت بووه به نووکتەی پەنابەره کوردەکان له ئەورووپا، له دوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991 ئیتر خەڵکی شارەکانی هەرێمی کوردستان به پێی ئەوەی خەڵکی ناوچەیەکی ئارام و ئازادبوون، ئەوەی رووی له ئەورووپا بکردبایه دەیگووت من خەڵکی کەرکوکم. گەنجێکی خەڵکی سلێمانی بۆ وەدەستهێنانی پەنابەریی سیاسی وتبوی من خەڵکی کەرکوکم، باوکیشم له خاسەدا خنکاوه، گووتبوویان کاکه خاسه هەر ئاوی تیا نیه، گەنجەکه گوتبووی ئەزانم ئاوی تێدا نەماوه، باوکم له تینوێتیدا خنکا".

بەلای شەرەفەدین جەباری[33]-یەوە کە ئەویش نووسەرێکی کەرکووکییەو گرنگییەکی زۆر دەدات بە یادەوەری شارەکەی، چەمی خاسەو قەڵا دوو ڕەمزی گەورەی شاری کەرکووکن و لە دێر زەمانەوە چەندین هۆنراوەو گۆرانی جۆراو جۆریان بەسەردا وتراوە، چونکە خاسە لە یادەوەری خەڵکی کەرکوکدا هەم یادەوەرییەو هەم وزەو تینێکی مەعنەوییە. شەرەفەدین دەربارەی خاسە دەڵێت: "لە مێژووی خۆیدا خاسە گۆڕان و ڕووداوی جۆراو جۆری بەخۆوە بینیوەو زۆرجار لە وەرزی بێبارانیدا وشک بوەتەوە، بەڵام لەلایەن حکومەتی بەعسەوە بەتەواوەتی پشتگوێ خراو بەپلان و بەرنامە کار کرا بۆ کەمکردنەوەی بەهای ڕەمزی چەمەکە لای خەڵک و بێبایەخ کردنی و گۆڕینی بۆ زبڵدانێکی گەورە".

بەلای ئەم نووسەرە کەرکوکییەوە بەنداوی خاسە ئەگەر بەپێی ئەو خشتەو بەرنامەیە بێت کە بۆی دانراوە، ئومێدی ئەوە هەیە ڕۆڵێکی باشی هەبێت لە گەڕانەوەی ژیان بۆ چەمەکە لە هەموو وەرزەکانی ساڵداو توانای ئاودێریکردنی ناوچەکانی دەوروبەری کەرکووک. لەم سیاقەدا ئاماژەش بۆ ئەوە دەکات کە ئەم بەنداوە کاریگەری باشی دەبێت بۆ سەر ژینگەی کەرکووک و گەشتوگوزار، ئەمەش بە دڵنیاییەوە ئاسەواری ئیجابی بەدووای خۆیدا دەهێنێت لە بوژانەوەیەکی هەمەلایەنەدا بۆ شارەکە.

---

[33] شەرەفەدین جەباری-چاوپێکەوتنی تایبەت ٢٠١٤/٢/١٨.

## هاوشێوەکانی خاسە



رووباری باسەڕە – قادر کەرەم

لەباشووری خۆرهەڵاتی کەرکوکەوە چەمێکی تر نموونەیەکی تری وشکانی دەردەکەوێت و مێژووەکەی لەوەی خاسە نوێترە، ئەویش چەمی ڕۆخانەیە لە سنووری ناحیەی قادر کەرەم. ڕۆخانە کە سەرچاوەکەی لە باسەڕەیەو لە سەر نەخشەکان زۆر باس دەکرێت و مێژونووس و جوگرافیا ناس نیە وەک یەکێک لە ڕووبارە ناسراوەکانی کورستان باسی نەکردبێت و وەک یەکێک لە سەرچاوەکانی ئاوی کەرکوک دەست نیشان نەکردبێت، ئێستا لە بیر چوەتەوەو تەنها وەک ڕابوردوویەک باس دەکرێت، چونکە وەک هەر شوێنێکی ئاسایی تر تەنها لە زستاناندا ئاوی تێدا دەبینرێت. لە پیاوێکی تەمەن هەشتا ساڵەی خەڵکی قادر کەرەم دەپرسم،

چەند ساڵی ژیانی لەسەر ئەم چەمەی بیر دەکەوێتەوەو رابوردووی چۆن بووە، ئەویش باس ٦٠ ساڵ زیاتری پێش ئێستا دەکات. لە ناو ئەو ٦٠ ساڵەدا باسی ئاوی زۆرو پاک و بەروبوومی وەک میوەو سەوزەی ناوچەکە دەکات، بەڵام ئیستا ئاوەکە پیسەو بەکەڵکی کشتوکاڵ نایەت، چونکە ئاوەڕۆی ناوچەیەکی زۆری تێکەڵ دەبێت و بەتەواوەتی ئاوەکەی پیس کردوە. هەر لە تەنیشت ئەو پیرەمێردەوە دانیشتوویەکی تری قادر کەرەم کە تەمەنی ٥٠ ساڵە دێتە دەنگ و دەڵێت: " تەنها بە ئاوەڕۆی چەمچەماڵ و بازیان و ناوچەکانی ترەوە نەوەستاون و ئەوەتا پرۆژەیەکی تریان دەست پێکردوە بۆ ئەوەی ئاوەڕۆی قادر کەرەم-یش بخەنە ناو ڕۆخانەوە".

ئەمە لابردنی ڕۆخانەیە لەسەر نەخشەی ئاوی کوردستان و سڕینەوەیەتی بەدەستی خۆمان لە زەمەنێکدا کە ئاو لە داهاتوویەکی نزیکدا وەک سەرچاوەیەکی سروشتی لە زێڕو پێترۆڵ و هەموو کانزاکانی تری سەرو ژێر زەوی دەگمەنتر دەبێت، بگرە دەبێتە سەرچاوەی کێشە سەرەکیەکانی سیاسەت و ئابووری ناوچەکە .هەر لەم زەمەنەشدا راپۆرتە جیهانییەکان لەسەر ژینگە مەترسی کارەساتی ژینگەیی لێدەدەن و دوور نیە نزیک ساڵانی ٢٠٨٠ پلەی گەرمی بەشێوەیەک زیاد بکات هەڕەشەی لە ناوچوونی نیوەی ڕووەک و درەخت و بەشێکیش لە چوار لە فرەزیندەوەری لە سەر گۆی زەمین بکات.

# لە نێوان گۆڕانکاری

# دیموگرافی و تەعریبدا

تا ئەو ساڵەی بەعس دەسەڵات دەگرێتە دەست (١٩٦٨) لە ڕووی سیاسییەوە هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی لە پارێزگای کەرکوکدا دەکرێن دەخرێتە چوارچێوەی گۆڕانکاری دیموگرافییەوەو بەپێی هەندێ لە توێژەران و ناوەندی سیاسی و ئەکادیمی لە کوردستاندا ناتوانرێت ناوی تەعریب لێ بنرێت. بەڵام لەو ساڵە بەدوواوە قۆناغێکی تر دەست پێدەکات ئەویش قۆناغی پراکتیزەکردنی سیاسەتێکی ئاشکرای تەعریبەو بەعس بەمیکانیزمی جیاجیا هەوڵ دەدات ناسنامەی عەرەبی بەسەر پارێزگاکەو دانیشتوانەکەیدا بسەپێنێت. لەم قۆناغەدا حکومەتی بەعس لەگەڵ ئەوەی پەرە بە سیاسەتی کۆنی حکومەتەکانی پێش خۆی دەدات و ئاو و لێسەندنەوەی مۆڵک لە دانیشتوانی کورد چەکێکی بەهێز دەبێت بەدەستییەوە، پەنا بۆ چەکی تر دەبات، وەک گۆڕینی نەتەوە لەسەر ناسنامەو بەڵگەنامەی مەدەنی و کەسێتیداو وەک هەنگاوی یەکەم لە نەتەوەو ئەتنییە بچووکەکانەوە دەست پێدەکات وەک تورکمان و ئاشووری و کلدان. بەگوێرەی نووسەرو توێژەر فەرید ئەسەسەرد قۆناغی پێش بەعس سیاسەتێکی داڕێژراو نەبووە ناوی تەعریب بێت و ترسی ئەوە لای خەڵک نەبووە ناسنامەی پارێزگای کەرکوک بگۆڕدرێت. ئەوەی زۆربەی ئەو ناوەندو کەسانە لەسەری کۆکن ئەوەیە کە سیاسەتی بەکارهێنانی ئاو لە پارێزگای کەرکەکدا ئەو دەرگا گەورەو زبەلاحە بوو بە هیچ چەکێکی تر نەدەکرایەوەو هاوکێشەی دیموگرافی بەو شێوەیە نەدەگۆڕا کە ئەمڕۆ دەرەنجامەکانی دیارن.

بەپێی هەموو بەڵگەنامەو وێنەو نووسینانەی دەستکەوتوون، هەروەها هەموو ئەو ڕووداوە مێژووییانەی وا مێژووی زارەکی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوک باسی دەکەن قۆناغی دروستکردنی یەکەم کۆڵۆنی

عەرەبنشین لە کەرکوک کە وەک لە بەشی یەکەم و دووەمی ئەم کتێبەدا باس کرا، لەو کاتەوە دەبێتە فیگەرێکی دیارو بەرچاو کە ئاو توانای بەتاڵکردنەوەی شوێنی هەیە لە خەسڵەتە مێژووییەکانی خۆی و هەروەها دامەزراندنی واقیعێکی نوێی وەها کە تیایدا جگە لەو گۆڕانکاریە دیموگرافیانەی وا دروستیان دەکات، ژینگەیەکی واش دروست بکات کە لە کۆتایدا کۆڵۆنی ئاو ببێتە کۆڵۆنییەکی سیاسی و وێنە بۆ کێشراوە.

بەپێی ئەو واقیعەی کە کۆڵۆنی حەویجە دروستی کردو، لە دووای گەیشتنی حزبی بەعسەوە بووە هۆی دروستکردنی زەمینەیەکی لەبار بۆ سیستماتیزە کردنی سیاسەتی گۆڕانکاری دیموگرافی و ئاراستەکردنی وەک سیاسەتی تەعریب، کەرکوک گەورەترین گۆڕانکاری بەخۆوە بینی و خرایە بەردەم نەخشەیەکی جوگرافیای کۆمەڵایەتی نوێی وەها لە نەخشە کۆمەڵایەتییە مێژووییەکەی دەربکرێت. دەکرێ بووترێت کە ئەو گۆڕانکاریانەی، کۆڵۆنی حەویجەو دووای ئەوە پرۆژەی ئاوی کەرکوک هێنایانە کایەوە بوونە (پشتێنەیەکی ئەمنی) بۆ ئەنجامدانی سیاسەتی تەعریب لە ناو کەرکوک -داو دروست کردنی دەستەبژێرێکی "شەق وەشێن" لە ناو کۆڵۆنیەکاندا وەک ئەوەی لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابووردودا ڕوویداو ژمارەیەک لە دانیشتوانی شوێنەکانی وەک حەویجەو دەوروبەری بوونە داردەستی حکومەتی عیراق و لەبەرامبەر کورددا ڕاوەستان. وەک لەبەشەکانی پێشوودا باس کرا، خێڵەکانی عوبێد و جبور لەقۆناغی دوای سەقامگیربوونیان بەشێک بوون لەو دەستەبژێرە. ئەم دەستەبژێرەش لە ڕووی مێژووییەوە دەبنە دووبەشەوە، یەکەمیان نەوەی کۆڵۆنیەکانی پێش بەعسن بەتایبەتی نەوەی ئەو خێڵ و خێزانانەی لە دووای تەواوبوونی پرۆژەی ئاوی

حەویجەوە هاتنە کوردستان و وەک هێزێکی کۆمەڵایەتی نەرم دروستبوون دەستەبژێری دووەم نەوەی بەعس بوون کە لەساڵی (١٩٦٣)ەوە دەردەکەون و بەپێچەوانەی نەوەی یەکەمەوە دەبنە هێزێکی کۆمەڵایەتی ڕەق و ڕەفتاری دەستدرێژی و شەق وەشاندن و داگیرکردنی موڵک و ماڵی خەڵک بەشێک دەبێت لەپەیوەندییان پەیوەندییان بە "بەعس"ەوە. هەڵبەتە لێرەدا خاڵێکی هاوبەش لە نێوان هەردوو نەوەکەدا دروست دەبێت و فراوان بوونی پانتایی کۆلۆنیەکان خەیاڵی کۆلۆنیال فراوانتر دەکات. لەگەڵ ئەم فراوان بوونەشدا ڕفتارە کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕێن و ئاراستەی تر وەردەگرن، لەوانە ئەندامانی هەردوو عەشیرەتی جبوور و عوبێد کە لە کۆتای سییەکاندا هاتنە ناوچەکە لە هێزێکی گەڕۆک بەدووای لەوەڕگاو مێرگ و خوێ فرۆشی بوونە بەشێکی لە دیمەنی دیموگرافی و کۆمەڵایەتی ناوچەکە بەبێ هیچ جۆرە ڕاسیزمێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی، بەڵام هەمان هێز لەگەڵ هاتنی بەعسیەکان و سیاسەتی توندوتیژدا ساڵی ١٩٦٣ دەگۆڕێن و دەبنە بەشێک لەو پێکهاتەیەی کە بەعس دەیەوێت. ڕوونترین نموونەش لەم گۆڕانەدا ئەو دەستدرێژی و ڕاورووت و تاڵانە بوو کە پیاوەکانی (عەلی دەحام عوبێدی و موتەشەر حسین عاسی) بەرامبەر کورد لە گوندەکانی شوان و جەباری و زەنگنە کردیان. ئەو کاتەش دروشمێکی ڕاسیستانە دەڵێنەوە کە بەم شێوەیەیە: (ئێمەی عەرەب ئەهلی غیرەت، ئێرە لە کورد چۆڵ دەکەین). لەگەڵ گەیشتنی دووەمی بەعسیەکان بە حوکم ساڵی ١٩٦٨ دانیشتوانی حەویجە بوونە نزیکترین هەوادارانی حکومەتی بەعس و دەستیان گرت بەسەر زەوی و موڵک ماڵی دانیشتوانی کورددا، ڕوونترین نموونەش لەو ڕەفتارانە کە نەوەی دووەمی بەعسیەکان پاڵپشتی بوون، دەست بەسەراگرتنی شێخ مزهر

عاسی و پیاوەکانی بوو بەسەر زەوییەکانی خێزانی حسێن خانەقا و دەرکردنی. جێگای ئاماژەیە مزهر عاسی لەو ساڵەوە زیاتر هاتە ناو کەرکوکەوەو خێزان و ئەندامانی خێڵەکەی لە پرۆژە کۆنەکەوە گواستەوە بۆ ناحیەی ریاز. خێڵی جبور و ئەندامەکانیشی کۆدەتاکەی (١٩٦٣)یان قۆستەوەو دەستیان کرد بە دەست بەسەراگرتنی موڵک و ماڵی دانیشتوانی گوندەکانی نزیک حەویجەو دەرکردنیان بەرەو لای زێی بچووک و هەولێر.

جێگای ئاماژەیە کە بەعس دووای ئەوەی بەتەواوەتی عیراقی کۆنترۆڵ کرد، دەستی کرد بە گۆڕینی ئاراستەی کەناڵی پرۆژەی ئاودێری کەرکوک کە لە بنەڕەتدا ساڵی ١٩٥٧ بۆ ئاودانی زەویەکانی دەشتی کەرکوک و ناوچەی گەرمیان و شوێنەکانی وەک کفری و دووز خورماتو نەخشەی بۆ دانرابوو، لە پێناو کۆلۆنیە عەرەبیەکاندا، هەروەها بەرەو دەشتی عوزێم. لەگەڵ ئەوەشدا هەر جوتیارێکی عەرەبی کۆلۆنیەکان ٥٢ دۆنم زەوی پێ بەخشرا لەگەڵ دابین کردنی ڕێژەی ٧٠ لیتر ئاو لە چرکەیەکدا بۆ ئاودێری بۆ هەر جوتیارێک.

بەرای نووسەر و ڕۆژنامەنووس ستران عەبدوڵا[34] سیاسەتی تەعریب لە عیراقدا بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕ دەبێت و بۆ ڕووبەڕووبونەوەی، دەبێت قۆناغبەندی تەعریب بناسینەوە. ئەو پێی وایە کە قۆناغی یەکەمی تەعریب لە بە "عیراقکردنی" کوردستانەوە دەست پێدەکات وەک بەشێک لە سیاسەتی ئینگلیز و دەوڵەتی عیراق. ئەمە لە چاو قۆناغی دووەمی تەعریبدا کە لە سەردەمی یاسین هاشمی-دا دەبێت لە سیەکانی سەدەی ڕابوردوودا، ئاسانترە، چونکە بەڕای عەبدوڵا لە

[34] ستران عەبدوڵا-چاوپێکەوتنی تایبەت سلێمانی ٢٠١٤/٢/١٠.

چوار چێوەی دەوڵەتێکدا دەبێت ناسنامەی عەرەبیی بۆ دیاری نەکرابوو، بەپێچەوانەی ئەوەی سییەکانی یاسین هاشمی-ییەوە کە عیراق وەک دەوڵەتێکی عەرەبی پێناسە دەکرا. قۆناغی سێیەمی تەعریب کە لەگەڵ هاتنی قەومیەکاندا دەست پێدەکات، ئەوە تەعریبێکی چڕەو لە ساڵی (١٩٦٣)وە دەست پێدەکات و تەعریب لە نێوان (١٩٦٣-١٩٦٨)دا سیاسەتێکی ڕوونی بەعسیەکان دەبێت و هەموو ئیمکاناتی دەوڵەتی عیراقی دەخەنەگەڕ بۆ پرۆژەی تەعریب و لەو نێوانەشدا "عارفییەکان" دەسبەرداری تەعریب نەبوون و بەردەوامبوون. هەروەها بەکارهێنانی ئەو ئیمکاناتانەش کە لە ژێر دەستی کورددا بوون، لەوانە ئاوو گۆڕینی ڕێڕەوی هێزی ئاو یان با بڵێین نەخشەی ئاوو بەکارهێنانی لە خزمەتی دەوڵەتی عیراق کە ناسنامەی عەرەبی بەسەردا سەپێنرا، کوردیش هیچ کیانێکی نەبوو ئیمکانات و مافە ئاویەکانی خۆی پێ بپارێزێت. دووای ئەم قۆناغبەندییە ستران عەبدوڵا دەڵێت: "هاوشانی هەڵکشانی ئەو سێ پرۆژەیە وەک بە "عیراقیکردن" واتە تەعریق، وەک تەعریب لە چوارچێوەی عیراقدا، وەک پرۆژەیەکی کۆلۆنیالی دژی گەلی کورد، گەشەسەندنی دانیشتوان و ژیانی سروشتی لەناو دەوڵەتی عیراقدا وەک زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەم، لە شارە گەورەکاندا چڕ دەبێتەوە لە چاو دێهاتەکان، ئەم گەشەسەندنەش ڕۆڵی خۆی گێڕاوە لە گرمۆڵە بونێکی کوردو فراوان بوونی عەرەبیدا. بۆ ڕووبەڕوونەوەی گۆڕانکاری دیموگرافی لە پارێزگای کەرکوک دەبێت گەشەسەندنی سروشتی لەم سێ قۆناغە جیابکرێتەوە.

یەکەم، گۆڕینی ناسنامەی عەرەبی دەوڵەتی عیراق وەک لە دەستووری عیراقدا هاتووەو دامەزراندنەوەی لەسەر بنچینەی فیدراڵی،

ئەمە خۆی لە خۆیدا بەتاڵ کردنەوەی عیراقە لە عروبەو گۆڕینی دەوڵەت بۆ فاکتەرێکی بێلایەن لە مەسەلەی کوردو عەرەبدا. دووەم ڕاگرتنی تەعریب لەو ئاستەیدا کە پێی گەیشتوە ئەمەش فاکتەرێکی هێزە بۆ کورد. لێرەدا نمونەی جیاجیا هەن لە چڕبوونەوەی تەعریبدا، لە ساڵی ١٩٨٤ دووای فەشەلی موفاوەزات لەگەڵ بەعسدا تەماشا دەکەین دروست کردنی کۆڵۆنی عەرەبی لەناو شارەکاندا زیاد دەکات، بەپێچەوانەوە ئەگەر موفاوەزات سەری بگرتایە ئەوا لەو ئاستەدا دەوەستا کە پێش موفاوەزات پێی گەیشتبوو. ئەگەر ساڵی ١٩٩١ یش (جۆرج بوش)ی باوک ڕژێمی سەدامی کۆتای پێ بهێنایە تەعریب ڕادوەستا، ئەوەتا دەبینین لە ساڵی ٢٠٠٣ بەدوواوە تەعریب ڕاوەستاوە. ئەوەی لە چوارچێوەی گۆڕانکارییەکی نەرمدا ڕوویداوەو ناوی لێ دەنێین گۆڕانکاری دیموگرافی لەبەر ئەوەی چارەسەر نەکراوە، چونکە ئاسەوارەکانی تەعریبی بەرنامە بۆ داڕێژراو چارەسەر نەکراون. ئەوانەی لە ژێر سایەی تەعریبی بەرنامە بۆ داڕێژراودا هاتوونەتە کەرکوک و شوێنەکانی تر مادەی ١٤٠ یان هەر ڕێککەوتنێکی تر هەیە بۆ چارەسەر کردنیان، بەڵام ڕووبەڕوونەوەی لە پرۆسەی گۆڕانکارییەکی دیموگرافی سروشتیدا هاتوونەتە کەرکوک، ئەوا ڕووبەڕووبونەوەی نەرمی دەوێت، ئەویش گەشەسەندنێکی سروشتی کوردستانێتی ئەو ناوچانە دەبێت و چونکە ئەو ناوچانەی تەعریب کراون لە بنەڕەتدا لە ڕووی ئاووهەواو مێژوویی و گەشەکردنەوە کوردستانی بوون، لەو چرکە ساتەوەش لە دەرفەتێکی سروشتی هەناسەدانی دەدرێتێ دەبێتەوە کوردستانی، چونکە ئەگەر لە ٨٠ ساڵدا گەیشتبێتە ئەم ئاستە لە تەعریبدا، لەوانەیە تەنها ٢٠ ساڵی بوێت بۆ چارەسەرکردن. ئەگەر عیراق ببێتە هی هەموو هاووڵاتیەکانی، ئەوا تەنها عەرەب نین گەشە دەگەن، ئەگەر

شانسەکانی کارکردن و وەبەرهێنان بۆ هەموو لایەک وەک یەک بێت ئەوا کوردیش لەو ناوچانەدا قەرەبووی ئەو گەشەکردنە یەکلایەنە دەکاتەوە بۆ ماویەکی درێژ لە بەرژەوەندی عەرەبدا بوو. بێلایەن کردنی دەوڵەت لە ململانێ ناوخۆکاندا لە قازانجی ئەو ناوچانەو کوردستانیبوونی کۆتایی پێدێت. جگە لەم دوو لایەنە کە بریتین لە بێلایەن کردنی دەوڵەت و ڕەخساندنی دەرفەت بۆ هەموو لایەک بەیەکسانی، فاکتەرێکی تر هەیە کە سروشتی کوردستانێتی ئەو ناوچانە خۆیەتی کە گەشەکردنی سروشتی کوردستان زاڵ دەبێت بەسەر هەر گەشەکردنێکی تردا لەو ناوچانەدا.

دەربارەی ئەو گۆڕانکاریە دیموگرافیانەی لەسەردەمی یاسین هاشمی و دووای ئەودا لە کەرکوک و ناوچەکانی تر ڕوویاندا، ستران عەبدوڵا پێی وایە کورد ناتوانێت هەتا هەتایە بیر لەوە بکاتەوە هەموو تاڵە دەزووەکانی بەعەرەبکرن بسرێتەوە، ئەگەر کورد بەو شێوەیە بیر بکاتەوە کە هەر عەرەبێک لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا هاتبێتە ناوچە بەشێکە لە پرۆسەی تەعریب و بە سیاسەتێکی بەرنامە بۆ داڕێژراو هەوڵی دەرکردنی بدرێت، سەر دەکێشێت بۆ جۆرێک لە فاشیزم، چونکە یەکێک لە خەسڵەتەکانی فاشیزم بریتییە لە هەست کردنی نەتەوەیەک یان گروپێک بەوەی زوڵمێکی پێشینە بگەڕێنێتەوە ناو یادەوەری خۆی کە لێی کراوە راستەقینە جا ئەگەر ئەو زوڵمە وەهمی بێت یان ڕاست. بۆ نموونە عەرەب بۆ تەعریب دەکات؟. ئەمە پەیوەندی بە یادەوەری عەرەبەوە هەیە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە ڕێگای ئیسلامەوە حاکمی هەموو ئەم ڕۆژهەڵاتە بووەو ئەوەی لە بیر نەچوەتەوە ئەم ناوچانە چۆن بەدەست بهێنێتەوە، لەبەرئەوە، بەڕای من نابێت ڕووبەڕووبونەوەی تەعریب بەتایبەتی ئەوەی پێی دەووترێت

گەشە کردنێکی سروشتی و بوونی عەرەب لە ناوچە کوردییەکان، بەشێوازێکی بەرنامە بۆ دارێژراو بێت، یانی لاسایی کردنەوەی بەرنامەکەی دەوڵەتی عیراقی خۆی نەبێت. چونکە ڕووبەڕووبونەوەی لەو شێوەیە سەردەکێشێت بۆ سیاسەتێکی فاشیانەو باشترین سیاسەت پەنابردنە بۆ سیاسەتێکی نەرم، چونکە ئەو گۆڕانکاریانەی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا ڕوویاندا لەگەڵ هەموو ئاسەوارە خراپەکانیاندا سروشتێکی نەرمیان هەبوو .

بەڵام گرفتی سەرەکی بەپێی قسەی بەشێک لە بەرپرسانی کورد لە کەرکوکدا تەعریب کۆتایی نەهاتوەو بەشێوازی جۆراو جۆر بەردەوامە، یەکێک لەو شێوازانە دەست بەسەراگرتنی ئاوە کە بڕبڕەی پشتی ژیانی کۆڵۆنیەکانە لە پێشەوەی هەموویان حەویجە لەلایەن حکومەت فیدراڵیەوە. یانی تا ئێستا شوێنێکی وەک حەویجە و ناحیەی ریاز و جێگای ئایدیالی شاردنەوەی ئەو بڕیارو بۆچوونانەن وا دووای ٢٠٠٣ بۆ ڕووبەڕووبونەوەی تەعریب و ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کەرکوک دەرچوون و خرانە بواری جێبەجێکردنەوە. بەلای بەڕێوەبەری ئاوی شاری کەرکوک عەبدولقادر محەمەد ئەمین[35] یەکێک لەو خاڵانەی لە ستراتیژی ڕووبەڕوونەوەی کەرکوکدا هەیە ئەوەیە کە ئەوەی ناوی لە تۆماری کەرکوکدا نەبێت دانەمەزرێت، ئەوە شتێکی باشە بەڵام میکانیزمی تر هەیە بۆ بەردەوامی بوونی تەعریب، یەکێک لەوانە ئەوانەی پارە وەردەگرن لەبەرامبەر مادی ١٤٠ دا لە گەڕەکێکەوە دەچنە گەرەکێکی تر یان لە شارەکەوە دەچێتە حەویجە ئەمە گوایە کەرکوکی بەجێهێشتوە. ئەمە گرفتێکە لە کارەکانی لیژنەی مادەی ١٤٠

[35] عەبدولقادر محەمەد ئەمین-چاوپێکەوتنی تایبەت-کەرکوک ٢٠١٤/٢/٢٠.

دا چونکه کاتێک پارەکە دەدەنە کەسێک بۆ گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆی، هیچ کتابێکی ڕەسمی بەسەر فەرمانگەکاندا دابەش ناکەن ئەو ناوانەی تیادا بێت کە بەر مادەکە کەوتون و بەرکەوتوەکانیش لە سنووری پارێزگاکەدا لە شوێنێکەوە دەچنە شوێنێکی تر. ئێستا کۆمپانیای نەوت عەرەب زۆر دادەمەزرێنن، مەبەست لەم خاڵە ئەوەیە تا ئێستا لە کەرکوکدا دامەزراندنێکی زۆر هەیە بە بڕیاری وزاری و بەڵگەنامەی دامەزراندنیان ناچێت بۆ پارێزگاو ئەنجومەنی پارێزگا.

بەڕای دکتۆر خلیل ئیسماعیل[36] ئاسایشی ئاوی عیراق پشت بە ڕووباری دیجلە دەبەستێت و زۆربەی سەرچاوەکانی ئەم ڕووبارەش لە ناو کوردستاندایە وەک زێی بچووک و گەورەو سیروان و عوزێم و خازر. لێرەوە دەتوانم بڵێم کە ئەمڕۆ کوردستان کۆنترۆڵی هەموو ئەو سەرچاوە ئاویانەی لە ژێر دەستدایە وا عیراق پشتیان پێ دەبەستێت بەڵام تا ئێستا حکومەتی هەرێم وەک تورکیاو ئێران کارتی ئاوی بەکار نەهێناوە. هەر لەم میانەدا نووسەر مەسەلەی ئاو گرێدەدات بە گۆڕانکاری دیموگرافییەوەو نموونەی ئەوە دەهێنێتەوە کە تا کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دانیشتوانی لە عیراقدا (٥) میلۆن کەس بوە، ئێستا ٣٥ ملیۆن کەسە. بەقەدەر ئەم گەشەسەندنەی دانیشتوان کە وڵاتانی ناوچەکەش دەگرێتەوە داخوازی لەسەر ئاو زیاد دەکات، ئەمە لە پێشکەوتنی شارستانی کە بەشێوەیەکی بەرچاو داواکای لەسەر ئاو زیاد دەکات. لەپاڵ ئەم دوو فاکتەرەدا خلیل ئیسماعیل پێی وایە بەکارهێنانی ئاو لە سیاسەتی کۆلۆنیاڵیدا تەنها کەرکوک ناگرێتەوەو نمونەی خوارووی خانەقین دەهێنێتەوە کە چۆن

---

[36] خەلیل ئیسماعیل-چاوپێکەوتنی تایبەت-٢٠١٤/١/١١.

دووای شۆڕشی ئێرانی ١٩٧٩ حکومەتی عیراق لەبەرامبەر پاڵەپەستۆی ئێران لە ڕێگای هەژارکردنی ئەو ناوچانەوە لە ڕووی ئاوەوە، نەک هیچ بەرنامەیەکی نەبوو، بەڵکو بەفرسەتی زانی بۆ دەرچونی دانیشتوانی کوردو ڕاکردن لەدەست بێ ئاوی، بەڵام لە دووایدا بەعس پرۆژەی ئاودێری مەندەلی و بەدرەی لەو ناوچەیە دروست کرد وەک هاندانێک بە هاتنی عەرەب و نیشتەجێ کردنیان. لە هەمان سیاقدا خەلیل ئیسماعیل باسی پرۆژەی ئاودێری سنجار دەکات لە جەزیرەو دەڵێت: "ئەم پرۆژە ئاودێریانە بە لای حکومەتی عیراقەوە، بەتایبەتی بەلای بەعسەوە، بیرکردنەوەیەکی ستراتیژی بوون لە گەشەکردنی ئابووری لەو ناوچانەدا بۆ ڕاکێشانی دانیشتوانی عەرەب. ئەم توێژەرە وای نابینێت کە تەنها عەرەبە هاوردەکانی زەمەنی بەعس تەعریبی کوردستانیان پێ کرابێت و دەڵێت: "بەڵکو ئەوانەی سالانی سی و چلەکانی سەدەی پێشووش بەهەمان مەبەست هێنراون و لە زەمەنی پادشایەتیشدا هاوردەکردنی عەرەب هەبوە".

# كۆچ بەرەو كوردستان

کوردستان سەرچاوەی ئاسایشی ئاوی عیراقە، یانی سەرچاوەی ئاسایشی خۆراک و نیشتیمانییش، چونکە فورات ئەو ڕووبارەی تا ساڵی ١٩٧٩ لە ساڵێکدا ٢٩ ملیار مەتر سێجا ئاوی دەبەخشیە عیراق و ٩ پارێزگا لەسەر دەژیان، جارێکی نابێتەوە سەرچاوەی ئاسایشی ئاو لە عیراقدا. ئێستا تەنها دیجلە ماوەو تورکیاو سوریا فورات-یان لەبەنداوی زەبەلاح و ستراتیژیدا خنکاند، ئەو ئاوەی لێوەی دەگاتە عیراق جگە لەوەی کەمەو بەشی پێداویستیەکانی دانیشتوان ناکات، کوالێتییەکی خراپیشی هەیە، ئەویش بەهۆی ئەو بەنداوانەی لەسەر ڕووبارەکە لە سوریا و تورکیا دامەزراون. وەک نووسەرو مێژوونووس ئیسماعیل خەلیل دەڵێت "ئیتر عیراق وڵاتی نێوان دوو ڕووبار نیە، چونکە فورات حیسابی نەبوونی بۆ دەکرێت"[37]، یانی دیجلە بەتەنها ماوەتەوە، بەڵام سەرچاوەکانی ئەمەی دووەمیش لەژێر هەڕەشەو کەمبووندان. ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی عیراق لەو شارانەدا کۆبوونەتەوە کە دەکەونە سەر ڕووباری دیجلە، لەبەرامبەردا، لەگەڵ ئەوەی لە ٦٠٪ سەرچاوەکانی لە کوردستاندایە، هیچ شارێکی نەکەوتوەتە سەرو وەک ناوەڕاست و باشووری عیراق سوودی لێ نەبینراوە. بەڕێوەبەری بەنداوی دەربەندیخان ڕەحمان خانی لە چاوپێکەوتنێکدا لەم بارەیەوە دەڵێت: "ئەگەر چی هەرێمی کوردستان سەرچاوەی بەشێکی زۆری لقە سەرەکیەکانی رووبای دیجلەیە لە عێراق، بەڵام هیچ کام لە شار گەورەکانی هەرێم لە سەر ئەو روبارو چەمە سەرەکییانە نین، بە پێچەوانەی بەشەکانی تری عێراق کە

---

[37] چاوپێکەوتنی تایبەت ٢٠١٣/١/١١هەولێر.


تەواوی پارێزگاو بەشی زۆری شارەکان یان لە سەر دیجلە یان فورات بنیات نراون ولەوێشەوە شارستانیەتەکان گەشەیان کردووە"[38] .

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەلای بەڕێوەبەری کشتوکاڵی پارێزگای کەرکوک مەهدی موبارەک، ئاسایشی ئاوی عیراق لە ژێر سفردایە، چونکە سەرچاوەکانی ئاو لە دەرەوەی وڵاتەکەیە، ئەوەی هەیە تەنها ئاوی ژێر زەوییە ئەویش سنوردارەو لەزۆر شوێن و کاتدا وشک دەکات، ئەوەی بۆ پارێزگای کەرکوک بێت تەنها لە زێی بچوکەوە دێت کە سەرچاوەی هەردوو پرۆژەی ئاودێری کەرکوک و حەویجەیە. ئەم ئاوەش لە بەنداوی دوکانەوە دابین دەکرێت کە لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە، ئاشکراشە کە ئاوی ئەم بەنداوە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبایە نەک کشتوکاڵ بەڕێوەبەری کشتوکاڵی کەرکوک دەڵێت: "حکومەتی عیراقی لە مێژەوە بیری لەوە کردوەتەوە کە پرۆسەی تەعریب مەبەستەکە لێی ئاوە نەک نەوت کە لە زۆر شوێنی عیراقدا هەیە. ترسی قەیرانی ئاو بەلای حکومەتەکانی عیراقەوە ترسناکترە، چونکە ئەوە باش دەزانن کە سەرچاوەی ئاوەکان لە دەرەوەن و ڕێژەی دانیشتوان لە زیادبووندایە. ئەمەش پێویستی بەدابین کردنی ئاسایشی خۆراکە، ئاوی فوراتیش لە هەمووی ترسناکترە بۆ ئەو، چونکە بە ٩ پارێزگادا تێپەڕ دەبێت، ئەمە جگە لەوەی تورکیا لە شەستەکانەوە بیری لەوە کردوەتەوە ئاوی فورات کۆنترۆڵ بکات و یەکەم پرۆژەی "کیبان" بوو لە ساڵی ١٩٦٦ دەستی پێکرد، پاشان پرۆژەی (گاپ). کاتێک حکومەتی عیراق ئەمانەی بینی بەچڕی هەڵکشا بەدەور دیجلەو لقەکانی و کردییە کاریگەرترین چەکی

---

[38] چاوپێکەوتنی تایبەت، کۆتایی مانیگی شوباتی ٢٠١٤.

تەعریب، چونکە سەرچاوەکانی هەم لە ئێران و هەم لە تورکیاوە دێن و ئاوەکانیان شیرینەو لەبارترە بۆ کشتوکاڵ"[39]. بەڕای موبارەک تەعریب تەنها کەرکوکی نەگرتەوە، بەڵکو لە مەخمورەوە تا دەگاتە خانەقین وئەو ناوچانەی دەکەونە سەر سیروان. بەڵام لە کەرکوکدا ئەوەی کراوە بەپلانی تۆکمە کراوە، پرۆژەکەی یاسین هاشمی خۆڕسک نەبووە و بیری نەتەوەیی عەرەبی لای خەڵکانێک ئەو کاتە لەناو حکومەتەکەی ئەودا بوون هەبووە. هەربۆیە هەوڵیداوە لەدەشتی حەویجە کە خاکێکی بەپیت وبەرەکەتی هەیە خەڵکانێکی زۆر جێنشین بکات.



**بەنداوی دەربەندیخان لە کاتی دروستکردنییدا** - 1961

[39] چاوپێکەوتنی تایبەت-کەرکوک ٢٠/شوبات/٢٠١٤.

بەڕێوەبەری بەنداوی دەربەندیخان ڕەحمان خانی باس لەوە دەکات چۆن لە ناوەراستی چلەکانەوەو دوای جەنگی جیهانی دووەم عێراق کەوتە بنیاتنانی ژێرخانی ئابووری، هەر لەو دەمەشدا لافاو بەغدای پایتەخت و شارەکانی تر شپرزە دەکات و ئەنجومەنی ئاوەدانکردنەوەی عێراق دەست دەکات بە توێژینەوەو دیزاینی یەکەم دوو پرۆژەی ستراتیژی ئاو کە هەردوو بەنداوی دوکان و دەربەندیخان دەبێت لە کوردستان. لەبەر گرنگیی پرۆژەکان ساڵی١٩٥٧ مەلیک فەیصەل خۆی سەردانی کارەکانی بەنداوی دوکانی کردووە. بۆ مەراسمی کردنەوەی بەنداوی دەربەندیخان-یش سەرۆکی عیراق عەبدولکەریم قاسم لە بەرواری ٢٣/١١/١٩٦١ خۆی ئامادە بووە وتەنانەت لە وتارەکەیدا باسی برایەتی کورد و عەرەبی کردوە.

لە کاتی دامەزراندنی هەردوو بەنداوی دوکان و دەربەندیخانەوە، حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق کە زیاترینیان بەعسیەکان بوون، دەستیان لەو بەنداوانە بەرنەداوەو لە دوای راپەرینیشەوە ساڵی ١٩٩١ لە وتووێژەکان نێوان کوردو بەغدا ولیژنەکانی تەنسیق و کۆبوونەوە دەورییەکاندا، ئاو تەوەری سەرەکی بووە. رەحمان خانی خۆی یەکێک دەبێت لە بەشداربووانی ئەو کۆبوونەوانەو ئاگاداری وردەکاری هەموو ئەو قەیران و گرفتانەیە لەنێوان هەردوو لادا دروست بوون، بەتایبەتیش لە ساڵەکانی بێ بارانیدا (١٩٩١-٢٠٠١) کە لەسەر ئاو گرژی دەکەوێتە نێوان هەروولادا. بەڕای بەڕێوەبەری بەنداوی دەربەندیخان لە دوای ئازادکردنی عێراقیشەوە ساڵی ٢٠٠٣ لە دەستوردا ئاو وەکو بەندێکی سەرەکی لە بەرژەوەندی دەسەڵاتی ناوەندا چەسپێنراوە، ئەوەی زانراوە جگە لە چەند پرۆژەیەکی بچوکی ئاودێری، تەواوی پرۆژە ئاودێرییە ستراتیژییەکان لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم

لە بەر ئاوی ئەو دوو بەنداوە دروستکراون. لەم بارەیەوە خانی دەڵێت، "بەمەش خەڵکی هەرێمی کوردستان، ئەگەرچی ئاوی پەنگخواردووی ئەو بەنداوانە زیانی داپۆشینی زەوی وزارەکانی لێدان و تەنها لە شارەزوور و ناوچەی شەمێران —تاوەگۆزی 39 گوند ژێرئاو کەوتوون و راگۆێزراون. لە بەرامبەردا پرۆژەی ئەلتەرناتیڤیان بۆ نەکراو ئەو هەوڵانەی لە دووای ٢٠٠٣ بۆ دروستکردنی بەنداوی (بەخمە) لە سەر زێی گەورە کە شادەماری رووباری دیجلەو ئاوی عێراقە بە داخەوە لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە رێگری لێ کرا لە کاتێکدا حکومەتی فیدراڵی بودجەشی بۆ دانابوو ، کە بەو ئاوە زۆرەی خەزنی دەکرد (17) ملیارم[3] ، ئەو کارەبایەی بەرهەمی دەهێنا (1500) میگاوات ، لە پاڵ دوو بەنداوەکەی تردا دەبووە پرۆژەی فشار بۆ هەر ئەگەرێکی ئایندەو هیچی لە (نەوت) کەمتر نەدەبوو".

هاورا لەگەڵ موبارەکدا، خانی پێیوایە ڕۆژ لە دووای ڕۆژ داوا لەسەر ئاو زیات دەکات و ئاوی پاک و شیرین کەمترو کەمتر دەبێتەوە، هەڵمەتی دروستکردنی بەنداو لە هەرێمی کوردستان دەستی پێکردووە، گەرچی ئەو بەنداوانەی دروست دەکرێن بچوکن، بەڵام بە ترکیز کردنە سەر دایکی بەنداوەکان (بەخمە) هەروەها دروست کردنی بەنداو لە بەشی خوارەوەی زێکان وەکو بەنداوی تەقتەق لە زێی بچووک و بەنداوی بەردەسوور لە کەلار لە سەر سیروان، هەردوو بەنداوەکەی سەر ئاوەسپی (ئاوەسپی) و(خۆرنەوەزان) ئەگەرچی خەزنیان کەمە، هاوشان دروستکردنی چەندین پرۆژەی ستراپژی ئاودێری، بایەخدان بەژینگەی ئاوی و پاراستنی سەرچاوەکانی لە پیسبوون، گرنگیەکی زۆری دەبێت بۆ بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری ئەو ناوچە کشتوکاڵیە فراوانانە، هاوکات کۆنترۆڵی ئاوی هەرێم لە نزیک سنوورەکان دەکرێت،

کێشەی بێ ئاوی ناوچە کێشە لەسەرەکان چارەسەر دەبێت، لە کاتی سەربەخۆیی دەتوانرێت سەوداو رێککەوتنی لەسەر بکرێت و کارتی ئابووری بەهێز بێت لە ناوچەکە.

لەم سیاقەدا موبارەک ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پرۆژەی بەنداوی بەخمە بەلایەن حکومەتی عیراقەوە لەکاتی خۆیدا ئامانجێکی ئەمنی هەبوو ئەویش جیاکردنەوەی بادینان لە سۆران، هەروەها ڕووبەڕووبونەوەی پرۆژەی (گاپ) واتە پرۆژەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆل کە بریتییە لە کۆمەڵێ بەنداو گەورەترینیان بەنداوی (ئەتاتورک)ە لەسەر ئاوی فورات. لەگەڵ ئەوەی پرۆژەی بەنداوی بەخمە (٥٥) گوندی کوردستان دەکاتە ژێر ئاوەوە، بەڵام سودێکی گەورەی بۆ داهاتوی ئاو لە کوردستاندا دەبێت، چونکە بەڕای بەڕێوەبەری کشتوکاڵی کەرکوک ساڵی ٢٠٢٥ کێشەی ئاو لە عیراقدا دەگاتە ئاستێکی ترسناک.

ئەم واقیعەی ئاو لە عیراق و کوردستاندا لە ساڵانی داهاتوودا، لە ڕوانگەی ئەو کەسانەی وا چاوپێکەوتنم لەگەڵ کردن و ئەو زانیاری و نەخشە جیۆ-ئاوییەی دەیخەنەڕوو، حەوزی دیجلە، بەتایبەتیش دەورووبەری کەرکوک دەبێتە جێی سەرنجی خەڵکێکی زۆر، چونکە ئەو ئاوەی لە فوراتەوە دەهاتە ناو عیراقەوەو لەساڵی ١٩٧٩ دەگەیشتە ٢٩ ملیار مەتری سیجا ئاو بوو لە ساڵێکدا، زۆر کەم بوەتەوەو ئەمەش وا دەکات ئەو (٩) پارێزگایەی وا سودیان لێ دەبینن و لەسەر دەژین ناچار دەبن شوێنەکانی خۆیان بەجێ بهێڵن، چونکە دەرفەتی کار نامێنێت و ژینگە خراپ دەبێت و زەویەکان دەبنە بیابان، ئیتر ئەو خەڵکە بەرەو سەرچاوەکانی ئاو دەڕۆن، سەرچاوەکانیش هەر ئەوانەن لەسەر دیجلەن، یەکێکیش لەوانە لە کەرکوکە، هەروەها لە موسڵ و

دیالا، یانی بە کورتیەکەی بەرەو حەوزی دیجلە دەڕۆن. واتە کۆچێک نەک تەنها بۆ کەرکوک بەڵکو بۆ کوردستان بەڕێوەیەو ئاو هۆکارو سەرچاوەی ئەو کۆچە دەبێت. ئەم ڕووکردنە حەوزی دیجلە لە داهاتوودا سیناریۆی فیلمێکی خەیاڵی زانستی نیەو بەڵکو گۆڕانکاری سەر ئەو نەخشە جیۆ-ئاوییەیە کە لەساڵی (١٩٣٥)ەوە بەڕەسمی دەستی پێکردوەو لەگەڵ خۆیدا نەخشەی کوردستانی گۆڕی. ئەوەتا تا ئەم چرکەیە حکومەتی عیراقی ئامادە نیە زەویە کشتوکاڵیەکانی دانیشتوانی کورد و تورکمان بگەڕێنێتەوە، بڕیارە تایبەتەکانی حزبی بەعس بە کەرکوک و تەعریب هەڵبوەشێنێتەوە، ئەو ناهاوسەنگییە دیموگرافییە ڕابگرێت کە لە کەرکوکدا دروست کراوەو بەردەوامە، ئاوی کوردستان بۆ دانیشتوانی کورد بێت لە کەرکوکدا .

ئەم کۆچەی باس دەکرێت، ڕۆمانێکە وێنەی پاڵەوانەکانی کێشراوەو بەدووای نەوت و پارەو ماڵ، بەدووای "ئاڵتونی شین"دا دەگەڕێن. لێرەوە، لەدووای ئەم چیرۆکی ئاوانەی باسمان کردن، لەگەڵ زوڵمی ڕابوردوودا، دەبنە پرسیار بەڕووی داهاتوودا. داهاتوویەک کۆچ بۆ سەرچاوەکانی ئاو تیایدا ڕوونترین ڕووداو دەبێت.

لە ناوەڕاستی دەیەی سێیەمی سەدەی ڕابوردوودا حکـــومەتی عیراقی بـــە سەرۆکـــایەتی یاسین هـــاشمی دەست دەکـــات بــــە جێنشینکردنی خێڵە عـــەرەبەکـــانی نزیك موسڵ لە کەرکوك و خشتی یەکەم کۆلۆنی عەرەبی لەباشووری ڕۆژئاوای شارەکـــەدا دادەنێت. حـــەویجە ناوی ئەو کۆلۆنیە دەبێت و لە شێوەی یەکەی وەبەرهێناندا لـــەڕێگای پرۆژەیەکی ئاودێری سەرەتـــاییەوە کە لەڕووباری زێی بچووکـــەوە ڕادەکێشرێت دەست پێدەکات. حکومەتەکـــەی یاسین هاشمی لە سەردەمی مـــەلیك غـــازی-دا ساڵی ١٩٣٥ زیندانییەکانی بەندیخانەی کەرکوك و سلێمانی و هەولێرو موسڵ کە زۆربەیان کورد دەبن، دەبات بۆ هەڵکەندنی ئەو پرۆژەیەو لەسەر دەستی زیندانیەکان دەست دەکرێت بەهەڵکەندنی کـــە نزیکەی ١٠ ساڵی پێدەچێت، واتە لە ساڵەکانی (١٩٤٦-١٩٤٧)دا کۆتایی پێدێت. وەك لە گێڕانەوەکـــانیشدا دەردەکەوێت ئەو جۆگـــە درێژە بەدەست و ئامرازی سەرەتایی هەڵکەندراوە.

Kurdistan Institution for Strategic Studies& Scientific Research

**دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی**